سه‌فه‌رنامه‌ی ولیام هوید بۆ كوردستان ساڵی ١٨١٧

وه‌رگێڕانی له‌ فڕانسییه‌وه‌:
د. نه‌جاتی عه‌بدوڵڵا*

ئه‌ڵقه‌ی یه‌كه‌م

ئه‌م سه‌فه‌رنامه‌یه‌ له‌ كوێوه‌ بۆ كوێ؟

هوید له‌م سه‌فه‌رنامه‌یدا كه‌ دیاره‌ به‌لای زۆرییه‌وه‌ به‌مه‌به‌ستی زانیاری كۆكردنه‌وه‌ و زانینی ڕێگه‌وبان و داب و نه‌ریت و شێوه‌ی ژیانی گه‌لانی ڕۆژهه‌ڵات كراوه‌ به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك له‌م سه‌فه‌رنامه‌یدا باسی شوێنی ده‌رچوونی سه‌فه‌رنامه‌كه‌ ده‌ستنیشان ناكات و ته‌نها چه‌ند زانیارییه‌كی گشتیی له‌باره‌ی ڕه‌وشی مالابار[1] و دانیشتوانه‌كه‌ی له‌وه‌تای بوون به‌ تابیعی حكومه‌تی ئینگلیز به‌ده‌سته‌وه‌ ده‌دات. هوید له‌ كۆتایی سێپتامبه‌ری ١٨١٦ له‌ كانانۆر[2]–ه‌وه‌ به‌ڕێده‌كه‌وێ و تا ده‌گاته‌ به‌سره‌ هیچ ورده‌كارییه‌كی وا به‌ده‌سته‌وه‌ نادات و ته‌نها زۆر به‌ كورتی باسی سه‌ره‌ڕۆییه‌كانی خۆی تاوه‌كو به‌سره‌ ده‌گێڕێته‌وه‌ وه‌ك ئه‌وه‌ی په‌یامی سه‌فه‌رنامه‌كه‌ی ته‌نها عێراقی عه‌ره‌بی و كوردستانی عوسمانی بووبێت. له‌ به‌سره‌، نشینگه‌ی ئینگلیز له‌م شاره‌، عه‌لی ئاغای په‌یامنێری ئاسایی خۆی وه‌كو ڕێبه‌ر ده‌دات به‌ هوید (عه‌لی ئاغا، توركێكی چڵ و پێنج ساڵی بوو به‌ڵام سیمای به‌لای كه‌مییه‌وه‌ ده‌ ساڵ زیاتری نیشان ده‌دات). له‌ ڕێگه‌دا چه‌ند ڕۆژێك له‌ لای شێخی

* ئه‌ندامی كارای ئه‌كادیمیای كوردی.

[1] مالابار: كه‌ناری مالاباریشی پێ ده‌ڵێن، ناوچه‌یه‌كه‌ كه‌وتۆته‌ كه‌ناری باشوور–ڕۆژئاوای نیمچه‌ دورگه‌ی هیندستان، وه‌رگێڕ.

[2] كانانۆر یا كاننوور: شارێكه‌ له‌ ویلایه‌تی كیرلا له‌ هیندستان و كه‌وتۆته‌ كه‌ناری باشووری نیمچه‌ دورگه‌ی هیندستان، وه‌رگێڕ.

مەنتەفیکەکان دەمینێتەوە و تێبینی ورد لەسەر داب و نەریت و کولتووری ئەم هۆزە دەنووسێ. دواتر لە دەستپێکی شوباتی ١٨١٧ هوید دەگاتە بەغدا و ژمارەی دانیشتوانی بەغدا بە دووسەد هەزار کەس دادەنێ و باسی ئاسایشی شاری بەغدا دەکات و نزیکەی بیست ڕۆژێك لە بەغدا دەمینێتەوە. هوید کە دەگاتە بەغدا سەروبەندی بەدەستەڵات گەیشتنی داود پاشا بووە و شایەتحاڵی ئەو ڕۆژە بووە کە لە ٢٤ ی شوباتی ١٨١٧ داود پاشا بەسەرکەوتوویی دەگاتە ناو شاری بەغدا و دواتر سەری سەعید پاشا و چەند لایەنگرێکی دەبڕێ و لەگەڵ ئەو کاروانەی کە هوید سەفەری بۆ دەکات بە دیاری دەینێرێ بۆ بابیعالی. هوید لە ٢٨ ی شوبات لەگەڵ نێردراوێك کە لە لایەن پاشای نوێ، داود پاشا ڕادەسپێردرێ تا سەری سەعید پاشا و چەند دارودەستەیەکی نزیکی ئەو بنێرێ بۆ کۆنستانتینۆپل لە بەغداوە بەناو جەرگەی کوردستاندا سەفەر دەکات. وەرگێڕانە کوردییەکەی ئێمە لێرە دەستپێدەکات و تا کۆتایی سەفەرنامەکە کراوە بە کوردی. هوید لە بەغداوە تاوەکو کفری ڕێگەی ئاسایی دەگرێتەبەر و دواتر لەوێوە بەرەو باکوور–ڕۆژهەڵات دەڕوات و دەچێتە ناو وڵاتێك کە ئەو بە وڵاتێکی نەناسراوی دادەنێ و دەڵێ تاوەکو ئێستە (واتە ساڵی ١٨١٧) لەسەر نەخشەکان بە سپێتی ماوەتەوە. پاشان لە ڕێگەی ئیبراهیم–خانچی و سەگرمەوە دەچێتە ناوی شاری سلێمانی پایتەختی کوردستان و لەوێشەوە بە ڕێگەی کۆیسنجاق دەچێتە ناوی شاری ئەربیل. پاشان لە ڕێگەی ئەربیلەوە ئەو ڕێگەیە دەگرێتە بەر کە دەچێتە مووسڵ و پاشان ماردین، دیاربەکر، ئەماسییە و سکۆتاری و دوا مەنزلیش لە کۆنستانتینۆپل سەفەرنامەکە تەواو دەبێت. وێرای ئەوەی نووسەر سەفەرەکەی کورت بووە بەڵام زۆر بە وردی باسی ئەو دەڤەر و ناوچانە دەکات کە کەوتوونەتە نێوان کفری و ئەربیل، دروست باشووری کوردستانی ئێستەمان کە ئەو لای وایە هیچ گەڕۆکێکی ئەورووپی پێش ئەو پێی نەناوەتە ئەم شوێنە بەرزە، ئەو شوێنەی کوردستان کە ئێمە هیچ سەروساختێکمان لەگەڵیدا نییە. هەرچەندە گەڕۆکی فەرەنسی ئەدریان دوپرێ[3] لە سەفەرنامەکەی خۆیدا (١٨١٩) باسی سلێمانی، پایتەختی کوردستان

[3] Adrien Dupré, Voyage en Perse fait dans les années 1807, 1808 et 1809, en traversant la Natolie et la Mésopotamie, depuis Constantinople jusqu'à



VOYAGE
DE
LA CÔTE DE MALABAR
A CONSTANTINOPLE,
PAR LE GOLFE PERSIQUE, L'ARA[illegible] MÉSOPO-
TAMIE, LE KOURDISTAN ET LA TUR[illegible];
FAIT EN 1817,
PAR WILLIAM HEUDE,
LIEUTENANT AU SERVICE DE L'ANGLETERRE;
AVEC UNE GRANDE CARTE ET DES GRAVURES.
TRADUIT DE L'ANGLAIS,
PAR LE TRADUCTEUR DU VOYAGE DE MAXWELL.
PARIS:
LIBRAIRIE DE GIDE FILS,
RUE SAINT-MARC-FEYDEAU, N.° 20.
1820.

به‌رگی چاپی فه‌ڕه‌نسی سه‌فه‌رنامه‌که ١٨٢٠



A
VOYAGE
UP
THE PERSIAN GULF,
AND A
JOURNEY OVERLAND
FROM INDIA TO ENGLAND,
IN 1817.
CONTAINING NOTICES OF
ARABIA FELIX, ARABIA DESERTA, PERSIA, MESOPOTAMIA,
THE GARDEN OF EDEN, BABYLON, BAGDAD,
KOORDISTAN, ARMENIA, ASIA MINOR,
&c. &c.
BY LIEUTENANT WILLIAM HEUDE,
OF THE MADRAS MILITARY ESTABLISHMENT.
LONDON:
Printed by Strahan and Spottiswoode, Printers-Street;
FOR LONGMAN, HURST, REES, ORME, AND BROWN,
PATERNOSTER-ROW.
1819.

به‌رگی چاپی ئینگلیزی سه‌فه‌رنامه‌که ١٨١٩

ده‌کات به‌ڵام بێ ئه‌وه‌ی خۆی سه‌ردانی کردبێت، به‌ڵام هوید خۆی به‌ سلێمانیدا ڕۆیشتووه‌ و پاشای سلێمانی پێشوازی کردووه‌ و دواتر چووه‌ته‌ کۆیسنجاق. هوید له‌م سه‌فه‌رنامه‌یدا زۆر به‌ وردی له‌ کورد و کۆمه‌ڵگه‌ی کورده‌واری وردبۆته‌وه‌ و تێبینی و سه‌رنجی وردی له‌سه‌ر کۆمه‌ڵگه‌ی کورده‌واری نووسیووه‌. هه‌روه‌ها باسی ئێزیدییه‌کانی نێوان بیابانی مووسڵ و نه‌سیبین ده‌کات و دواتر باسی شاری ماردین، نه‌سیبین و دیاربه‌کر و دواجاریش باسی سه‌فه‌ره‌که‌ی ده‌کات له‌ چیای تۆرۆسه‌وه‌ تا کۆنستانتینۆپل.

دواجار گرینگی ئه‌م سه‌فه‌رنامه‌یه‌ی هوید له‌وه‌دایه‌ که‌ له‌ ده‌ستپێکی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌م سه‌فه‌ری ناوچه‌کانی کوردستانی کردووه‌ و پێش ئه‌و هیچ گه‌ڕۆکێکی ئه‌وروپی پێی به‌ناو ئه‌م به‌شه‌ی کوردستان نه‌ناوه‌ بۆیه‌ نووسه‌ر ڕاستی کردووه‌ که‌

l'extrémité du golfe Persique, et de là à Iréwan, Paris : J.G. Dentu, 1819, 2 vol.

ئەم ناوچەیە وەکو خاڵێکی سپی لەسەر نەخشەکان ماوەتەوە. خاڵێکی گرینگ کە لەم سەفەرنامەیە تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە نووسەرەکەی تابلۆیەکی سیاسیی-ئابووریی- مێژوویی و کۆمەڵایەتیی گرینگی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەممان بۆ دەخاتە بەرچاو کە لەوێوە دەتوانین لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەوە کۆمەڵێك پرسیاری مەنتیقی بورژێنین و هاوکات سەرەداوی وەڵامەکانیشمان وەگیر بکەوێ. ئێمە لێرەدا تەنها ئەوبەشانەمان کردۆتە کوردی کە تایبەتن بە کورد و کوردستان. تێبینییەك کە حەزدەکەم خوێنەرانی خۆشەویستی لێ ئاگادار بکەمەوە ئەوەیە کە ئەم سەفەرنامەیە بۆ یەکەمجار ساڵی١٨١٩ لە لەندەن بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە و دواتر ساڵی ١٨٢٠ کراوە بە فرەنسی و لە پاریس بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕانە کوردییەکەی ئێمە لە ڕووی چاپە فرەنسییەکە کراوە بە کوردی و بە وردیش لەگەڵ چاپە ئینگلیزییەکە بەراورد کراوە و لە چەند جێگەیەکدا ئەگەر جیاوازییەك لەنێوان چاپە کوردی و فرەنسییەکەدا هەبێت ئەوا هۆیەکەی ئەوەیە وەرگێڕانە کوردییەکە لەو جێگایانەدا لەسەر بنەمای چاپە ئینگلیزەیەکە ڕاستکراونەتەوە، تێبینیێك کە حەزدەکەم خوێنەرانی خۆشەویست لێی ئاگاداربن.

ولیام هوید کێیە؟

ولیام هوید ڕۆژی ٢٠ کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٨٩ لە بنەماڵەیەکی ئارستۆکراتی ئینگلیز لە شاری روان* لە فرانسا لە دایك بووە و هێندە نابات بە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕشی فرەنسی بنەماڵەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەنگلستان. ساڵی ١٨٠٤ هوید لە لایەن کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات وەردەگیرێ و ساڵی ١٨٠٧ لە دامەزراوەی مەدراسیی سەربازیی** پلەی لیوتینان وەردەگرێ. لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨١٦ بۆ سەفەرێك بۆمبای بەجێدەهێڵێ و بەسەرهاتی سەفەرنامەکەی لە نیسانی ١٨١٧ لە کۆنستانتینۆپل تەواو دەکات کە ئەم کتێبەیان بریتییە لە

* Rouen

** Madras Military Establishement

بەسەرهاتی ئەم سەفەرنامەیەی کە لێرەدا کراوە بە کوردی. هوید یەکەم کەس بووە کە وەسپێکی میللیی بۆ بابل کردووە لەکاتێکدا کە مستەر ڕیچ لە ماوەی ١٨٠٨–١٨٢١ موقیم بووە لە بەغدا و لەو سەفەرەیدا بۆ بەغدا ڕیچ پێشوازی لە هوید کردووە. دوای تەواوبوونی گەشتەکەی هوید دەگەڕێتەوە بۆ هیندستان. شوباتی ١٨٢٢ هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات و کورە بچووکەکەی دەنێرێتەوە بۆ ئەنگلستان. لە ئایاری ١٨٢٥ لە تەمەنی (٣٦)ساڵیدا لە مازولیپاتان* کۆچی دوایی دەکات.

* Masulipatan

سەفەرنامەی ولیام هوید بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٧

دەرچوون لە بەغدا– سەفەر بەناو چیایەکانی کوردستان–کاریگەری قامچی– مەترسیەکانی ڕێگە– ئەو ترسەی کە ڕووس ناویەتەوە– کێشە لەگەڵ هۆزێکی کورد–گۆڕستانگەلی سەرنجڕاکێش– کۆیسنجاق– وردەکاری لەبارەی کورد– گەیشتن بۆ ئەربیل– مووسڵ.

لە ٢٨ ی شوبات لەگەڵ عەلی ئاغا چولنگی[*][4] وا ڕێکەوتبووین کە بە ٦٠٠ پیاستەر بمگەیەنێتە کۆنستانتینۆپل، ئەوە جگە لە دیارییەکی بچووك کە دەبێ بیدەم بەو خزمەتکارەی کە لە ڕێگەدا لەژێر دەستیا لە خزمەتی ئەو دادەبێ و

[*] Aly-Aga-Chulingi

[4] عەلی ئاغا ناوی بوو، "چولنگی" (یان ئەو کەسەی کە مێزەر لەسەردەکات)، نازناوێکە یەکێك لە پاشایەکانی میسر خستبوویە پاڵ ناوەکەی، چوونکە سەرەی دوو فرەنسی بۆ هێنابوو لە کاتی شالاوی فرانسا بۆسەر میسر. بە بەدواداچوونی نرخی پارەگۆڕینەوە، ٦٠٠ پیاستەر ئەوکاتە بەرامبەر نزیکەی ٢٠ پاوەندی ئیستەرلینی بوو. نزیکەی دە پاوەندی ئیستەرلینی دیکەم لە ڕێگەدا خەرجکرد و دەمتوانی گلیبدەمەوە چونگە دابوومە ئەو خزمەتکار و ڕابەرانە تەنها بۆ ئەوەی فریویان بدەم چاك خزمەتم بکەن. ماوەی نێوان بەغدا و کۆنستانتینۆپل ١٨٠٠ میلە، بەڵام زیاتر لە ٢٠٠٠ میل بوو بەهۆی ئەو ڕێگەیەی کە گرتمانە بەر. بە ٦٠٠ پیاستەر ئەسپ، خان و هەموو پێویستیەکانی منیان لەکاتی گەشتەکە بۆ دابین کردم. بێگومان ڕاستیەکەی بەو شێوە نایابە نەبوو بە تەواوی، بەڵام باشترین لەوەی لەبەردەست دابوو پێشکەشیان کرد. خۆ ئەگەر ٦٠٠٠ پیاستەریشم بدابوایە ئەوا بە شێوەیەکی لەوە جیاوازتر خزمەتیان نەدەکردم. بە گشتی ئەم تەتەرە نزیکەی ٤٠٠٠ پیاستەری بۆ ئەم گەشتە وەرگرت. بەڵام ئەگەر ئەم دەرفەتەم بۆ هەڵنەکەوتبایە سەفەرەکە تەنها لەسەر من ٢٠٠٠ پیاستەر دەکەوت.، تەتەرەکانی کۆمپانیاکە ١٢٠٠ پیاستەر وەردەگرن بۆ ئەم سەفەرە لە بیست و پێنج ڕۆژ لە هاوینان و سی ڕۆژ لە زستاناندا و ٢٠٠ پیاستەریش وەکو بەخشیش بۆ هەر ڕۆژێکی لەو ڕێگەیەدا کە بەسەری دەبەن وەردەگرن. بۆیە دەبینین لە بەرژەوەندی ئەوان دایە کە پەلە نەکەن یان خۆیان ماندوو نەکەن لەوەی نامەکان بگەیەنن. بەمشێوەیە نموونە لەسەر خێرایی ئاسایی دەهێنمەوە کە ئەم گەشتە بیست ڕۆژ دەخایەنێ و هەندێکجار تەنها بە حەڤدە ڕۆژ دەیبڕن و بیستوومە کە پیاوێك ماوەی ١٨٠٠ میلی تەنها بە ١٣ ڕۆژ بڕیوە.

هه‌روه‌ها ئه‌و خزمه‌ته‌ی که‌ پێشکه‌ش به‌ منی ده‌کات. عه‌لی ئاغا (تابلۆی ژماره‌ ١) پێشتر له‌ له‌ لایه‌ن پاشای نوێوه‌ ڕاسپێردرابوو سه‌ره‌ بڕاوه‌ داواکراوه‌کان بگه‌یه‌نێته‌ کۆنستانتینۆپل. که‌وابوو ئه‌م سه‌فه‌ره‌ بۆ ئه‌و زۆر به‌ سوود ده‌بێ، چونکه‌ له‌ لایه‌ن پاشا، له‌ لایه‌ن کۆمپانیا و له‌ لایه‌ن منیشه‌وه‌ پاره‌ی سه‌فه‌ره‌که‌ درابوو. له‌گه‌ڵ ئه‌وشدا هیچ شتێك نه‌یده‌توانی وا له‌م ته‌ته‌رانه‌ بكات تا واز له‌و دابه‌ بێنن به‌وه‌ی که‌لوپه‌له‌کان به‌سه‌ریه‌که‌وه‌دا نه‌که‌ن. هه‌موو گه‌ڕۆکه‌کان گله‌ییان له‌مه‌بوو، به‌ڵام لایان وابوو قازانجی زۆر زیاتره‌ له‌وه‌ی به‌رده‌وام نه‌بن له‌وه‌ی گله‌یی بکه‌ن، وێرای ئه‌و مه‌ترسیانه‌ی که‌ له‌ سۆنگه‌ی هاوه‌ڵێکردنی ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ ده‌یانبردن تووشی ده‌بوون، چونکه‌ مشووری ئه‌وه‌یان ده‌خوارد باشترین ئه‌سپیان بۆ هه‌ڵبژێرن بۆ هه‌ڵگراتنی که‌لوپه‌له‌کانیان و مه‌ترسییه‌کانی سه‌رڕێگه‌ به‌و تاڵان و برۆییه‌ی که‌ ڕێگره‌کان ده‌یاننایه‌وه‌ زیاتر ده‌بوو.

١ ی ئادار له‌ کاتژمێر دووی پاشنیوه‌ڕۆ، خزمه‌تکارێکی ته‌ته‌ر له‌ نشینگه‌که‌م هات به‌ دوامدا و ئه‌و ئه‌سپه‌ی بۆ هێنام که‌ده‌بوو سواری پشتی بم، ئه‌سپێکی عه‌ره‌بی نایاب بوو، له‌و توخمه‌ی خۆیه‌وه‌ به‌رزترینیان بوو، چاك زینکرابوو و من له‌م هه‌ڵبژاردنه‌دا پیرۆزبایيم له‌ خۆم کرد. خوداحافیزیم له‌ خانه‌خوێیه‌که‌م و خێزانه‌که‌ی کرد و به‌رێکه‌وتین، به‌ڵام له‌ ماوه‌یه‌کی کورت، نزیکه‌ی دوو کاتژمێر له‌ناو ڕێگه‌یه‌کی زۆر ته‌سك و تریسك وه‌ستاین بۆ ئه‌وه‌ی لێیه‌وه‌ نامه‌ و پاکه‌تگه‌لێکی پۆسته‌ هه‌ڵبگرین که‌ بێگومان ئه‌مانه‌ زۆر له‌ که‌سیی خاکیی وه‌کو من گرینگتر بوون. ڕه‌فتاری شایسته‌ی چاوه‌شه‌که‌م سولێمان ئاغا، بێگومان منی ئاماده‌کردبوو بۆ مه‌ترسیگه‌لی ئاوه‌ها، به‌ڵام چاوه‌ڕێم نه‌ده‌کرد ئه‌وها زوو ڕێك له‌به‌رچاوی ئه‌و هاورێیانه‌ی که‌ به‌جێمهێشتن به‌ره‌و ڕووی ببمه‌وه‌.

له‌کاتی ده‌رچوونمان له‌ شاره‌وه‌ بۆ دووه‌مجار بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رۆکه‌که‌مان پێمان بگات وه‌ستاین، بینیمان که‌ کاروانه‌که‌مان هه‌مووی به‌سه‌ر یه‌که‌وه‌ نۆ پیاوی که‌ته‌ی ته‌واو چه‌کدار، شه‌ش ئه‌سپی بارهه‌ڵگر، سێ ئه‌سپی یه‌ده‌ك و پێنج ڕابه‌ری به‌ پێیان بوون. به‌ بێ ئه‌وه‌ی له‌ که‌ناری ڕووباره‌که‌ دووربکه‌وینه‌وه‌ به‌ناو ئه‌و بیابانه‌ ڕه‌تبووین که‌ ده‌وری شاری دابوو. دوای شه‌ش کاتژمێر ڕێکردن له‌ناو

تابلۆی ژمارە (١) عەلی ئاغا چولنگی

کاروانسەرایەکی پەرپووتدا، لە نزیک ئاوایی دوخەلا* وەستاین و تەنها بیست میلێکمان بڕی چونکە چەندین جار دەوستاین لەبەر پێویستی ڕێکخستن و شەتەکدانی جانتایەکان.

٢ ی مانگ کاتژمێر چواری بەیانی بەڕێکەوتین بەناو پێدەشتێکدا ڕێمانکرد و کەلاوەی سێ گوندمان بینی و لە کاتژمێر دە لەناو شارۆچکەیەکدا وەستاین کە بەنزیکەیی هەموو دانیشتوانەکەی چۆڵیانکردبوو. وادیاربوو ئاستەم بوو ئازووقەمان لێوەگیر بکەوێ، بەڵام هاوڕێکەکانم لەو خەڵکانە نەبوون و هەر بە پۆزشت هێنانەوە دەستبەرداربن کە چەند کلۆڵێکی نیمچە–برسی کە تووشیان دەبوون، دەیانهێنایەوە. ئێسترەکانمان بە بێهوودە خستە ناو حەوشەی یەکەم ماڵی چۆڵی بەردەممان و کاتێک پارانەوە بۆ وەگیرخستنی ئازووقە بێهوودە بوو قامچی بە ئازادی بەکارهێنرا. یەکێک لە تورکەکان ئەو هێندە لەو مۆڵەتەی کە درابوو بۆ ڕاییکردنی داواکارییەکانی تووڕەبوو، پەتی قامچیەکەی لەسەر سەری بەدبەختێك سوڕاندبۆوە کە کەوتبووە بندەستی و شمشێرەکەی دەرهێنا بوو بۆ ئەوەی سەری پەلبدات، خۆشبەختانە خزمەتکارە تەتەرەکەم لەم کاتەدا گەیشت و لەسەر داوای من نفووزی خۆی بە قازانجی ئەم بێگوناهە بەکارهێنا کە ژیانی گرینگیەکی زۆر گەورەی نەبوو بۆ ئەوەی داوای کەسێکی وەك ئەو ڕەتبکاتەوە. چووینە ناو ماڵێکی دیکە، قامچی لە لایەك و نیشاندانی چەند پیاستەرێك لە لایەکی دیکە، بەوە گەیشتین کە بەشێکی ئەو ئازووقەیە وەگیربخەین کە دانیشتوانەکەی توانیبوویان لەدەست دڕندەیی ئەو لەشکرگەلەی

* Dokhala

کە ماوەیەك پێشتر وڵاتی ڕامالّیبوو، بیپارێزن. ئەو ڕۆژە هەر تەنها هەژدە میل و سێ چارەکە میلمان بڕی، ئەمە بەس بوو بۆ کەسانێك کە نە حەسابوونەوە و نە خۆراکیشیان خواردبوو.

٣ ی مانگ، بیست و یەك میلمان لەناو وڵاتێکی پان بڕی کە پڕ بوو لە دۆڵی تەسك و تریسك و تەنها بەناو تاقە گوندێکدا تێپەڕ بووین.، ئەو شوێنەی کە لێی وەستاین هەروەك دەلی عەباس** وابوو لە ڕووی ژمارەی ئەو هەنگاوانەی کە ئێمە بڕیبوومان.

٤ ی مانگ دە پیاوی ئەپسوار و تەواو چەکدار پێوەندیان بە کاروانەکەمانەوە کرد. ئەوانە کورد و جۆرجیەك بوون کە پێم وابوو جۆرجیەکەم لە خزمەتکاری کۆشکی پاشادا بینیبوو. پیرۆزبایم لە خۆم کرد لەم زیادبوونەی هێزە، بەڵام پێشبینی ئەو شەکەتی و ئاستەنگانەم نەکرد کە دەبێ ڕەوشێکی ئاوا بۆم دروستبکات کە من وەك دڵخوشکەر سەیرم دەکرد. هەر زوو پێیان گووتم کەوا ئەم جۆرجییە کۆیلەیەکی گوێڕایەلی پاشای نوێ بووە. لە ڕیزێکی ئەوهێندە خوارەوە بووە کە من وەبیرم دێ کە بینیبووم لەگەڵ دوایین کۆیلەکانا وەستابوو، کاتێك ئێمە لە حزووری پاشا دا بووین، ئێستە ئێمە شوێنەکانمان گۆڕیەوە، لە ئێستەوە کە ئەو کەسایەتییە گرینگە پێوەندیمان پێوە دەکات هەموو سەرنج و هەموو چاوەدێرییێکی تەتارەکەم خرایە سەر ئەو. چاکترین شوێن، باشترین شوێنی لە هەمووان شکۆدارتر لە کاتێکدا گەڕۆکە ئینگلیزەکە، بە چاوی سووك سەیر دەکرێ و فەرامۆش دەکرێ و لە ڕیزبەندی ژمارەدا هەرتەنها سفرێك بوو. لەو کاتەدا کە جۆرجییەکە نەیدەزانی چی بکات هات منی دۆزیەوە و بە هەوایەکی بەرزەوە پرسیارگەلێکی لێکردم حەزم دەکرد کە وەڵامی بدەمەوە شمشێرم لەدەست بێ ئەگەر دەرفەت لەبار بوایە ڕووبەڕوو یەکتریمان بدیبوایە.

چوارشەممە ٥ ی مانگ نزیکەی سێ کاتژمێرێك لە کفری وەستاین. لە کاتی نزیکبوونەوەمان لەم شارە بە زەبری هێز دەستمان بەسەر مەڕێکدا گرت کە ئێمە بە شمشێرەکەمان کوشتمان و دابەشمان کرد. مەڕەکە کوژرایەوە و لە ماوەیەکی

** Delly Abbas

زۆر کەمدا کە باوەڕ ناکرێ برژا و خواردرا. کوردەکان لایان وابوو هەتا پێویست ناکات ئەو بەشەی خۆشیان کەوڵ بکەن کە پێمان دابوون، هەربەوەندە دەستبەردار بوون کە بە ئەستەم پاکیان کردەوە و پاشان خستیانە سەرخەلووزەکە . کاتژمێر سێی ئێوارە ڕۆیشتین، کەمێك بەرەو باکوور–ڕۆژهەلات ڕۆیشتین بۆ ئەوەی بگەینە ناو چیایەکانی کوردستان. لەوەتای لە بەغداوە دەرچووین تا ڕادەیەك شوێن پێی ڕێگەی ئاسایی مان گرتبووەبەر، بەلام بەتەواوی لەم ڕێگە ئاساییە هاتینەدەرەوە و لە باکوور بۆ ڕۆژهەلاتی کفری چووینە ناو ئەو وڵاتەی کە نەناسراوە، ئەوە لە سۆنگەی نەبوونی زانیاری گەلی ڕەسەن لەسەر هەموو نەخشەکان بە سپێتی ماوەتەوە. زۆر داخم بۆ ئەوە خوارد کە هیچ کەرەسەیەکی پێویستم لەبەردەستدا نییە تاوەکو بتوانم زانیارییێکی ورد و تەواو لەبارەی ئەم وڵاتەوە بەردەستبخەم، بەلام بە گوێرەی ئەو دابەی کە لە ماوەی چەندین ساڵدا لەبارەی خەملاندنی دوورییەکان کۆمکردبۆوە، دەکرێ ئەم زانیارییانەی کە من لە خوارەوە باسیان دەکەم تاڕادەیەك ورد و تەواو بن.

ئەو وڵاتەی کە دەچینە ناویەوە، وڵاتێکی بەرزە و زەویەیەکانی پان نییە و هیچ ئاوایییەکی تێدانییە کە کەمترین شوێنکاری کشتوکاڵکردنی بەسەرەوە بێت. یانزە میل دوور لە کفری یەوە لەو کاتەی کە خەریك دەبوو تاریکایی بەرەبەری ئێوارە باڵی ڕادەکێشا تووشی ڕەشماڵێکی کوردیی بووین. لەبەر ئەوەی ئەو زەویەی کە لەسەری بووین بەرزایی بوو بۆیە هەواکەی زۆر سارد بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەك ئەوەی خانەخوێیەکەمان ڕەتیکردەوە کە نەوایەکمان لەژێر ڕەشماڵەکەی خۆیدا بداتێ وا دیار بوو زیاتر ئامادەیی ئەوەیان بوو تالانیمان بکەن لەوەی بە هانامانەوە بێن، بۆیە ناچار بووین لەناو ئەواندا لە هەوای ئازاد ڕەشماڵ هەڵبدەین لەگەڵ وریایی ئەوەی کە هەمیشە چەند پیاوێك پاسەوانی بکەن لە ترسی ئەوەی نەوەکا بەناکاو بەسەرماندا بدەن.

ئەو گەلەی کە ئێمە لەناویاندا بووین، لە ڕووی بنەچە و داب و نەریت و عادەتیانەوە، تەواو جیاواز بوون لەو هۆزگەلە کێوی و کۆچەرانە، بەلام بەخشندە و میوانذۆستانەی کە من زۆر سەردانیم کردوون. ئەو هۆزەی کە ئێمە لەناویان دا بووین بە دڵنیاییەوە هۆزێکی زۆر گەورە نەبوو، چونکە ژمارەی ئەو پیاوانەی کە

ده‌یانتوانی چه‌ك هه‌ڵبگرن به هیچ شێوه‌یه‌ك له ژماره‌ی پیاوه‌كانی ئێمه زیاتر نه‌بوون. له‌گه‌ڵ ئه‌وشدا چه‌ندینجار یه‌كێك له‌و دزانه به بێ ده‌نگی له ره‌شماڵه‌كه‌مان نزیك ده‌كه‌وته‌وه و زیاتر له چه‌ند جارێك پشێوی ده‌نایه‌وه و ئێمه‌ش ناچاربووین بڵێین هه‌ركه‌سێك یه‌كه‌مجار ئه‌و كه‌وشه‌نه ببڕێ كه ئێمه دامانناوه ده‌یبڕینه‌وه. ئه‌و هۆزگه‌لانه جل و به‌رگیان زۆر ساده‌بوو و له‌گه‌ڵ ئه‌و ژیانه‌ی به‌سه‌ریان ده‌برد و ئه‌و لایه‌نه كێویانه‌ی ئه‌و ناوچه‌یه‌ی كه تێیدا ده‌ژیان ده‌گونجا، پیاو و ژنه‌كان جۆره پالتۆیه‌كی خوری خۆله‌مێشیی كه‌مێك درێژیان له‌به‌رده‌كرد و شه‌رواڵێكی درێژ كه له‌ناو قه‌دییه‌وه به پشتێنێكی چه‌رمیی ده‌به‌سترایه‌وه كه له سه‌ره‌وه پارچه قوماشێكی چوارگۆشه شانه‌كانی داده‌پۆشی هه‌ردوو گۆشه‌كه‌ی به سه‌ر سنگیانه‌وه ده‌به‌سته‌وه. جیاوازی سه‌ره‌كی كه ده‌توانین تێبینی بكه‌ین له‌نێوان جلوبه‌رگی پیاوان و ئه‌وه‌ی ژنان ئه‌وه‌یه كه پیاوه‌كان كڵاوێكی خوری له‌سه‌ر ده‌كه‌ن له‌كاتێكدا ژنه‌كان پارچه په‌ڕۆیه‌ك له‌سه‌ر شێوه‌ی مێزه‌ر به ده‌وری سه‌ریانه‌وه ده‌سووڕێننه‌وه.

پێنجشه‌ممه ٦ ی مانگ، له كاتژمێر شه‌شی به‌یانییه‌وه تاوه‌كو كاتژمێر یانزه به‌ناو چیایه چۆل و چۆڵه‌كانی كوردستاندا رۆیشتین. دوای ئه‌وه‌ی بیست میلمان بڕی جۆگه‌له‌یه‌كمان بڕی كه له‌وانه‌یه لقێكی رووباری ئه‌ربا* بێت و له ئیبراهیم-خانچی**، ئاواییه‌كی چكۆڵه‌ی كوردی وه‌ستاین كه ماڵێكی تێدابوو بۆ پێشوازی له گه‌ڕۆكه‌كان.

هه‌ینی ٧ ی مانگ، ماوه‌ی حه‌وت كاتژمێر و نیو رۆیشتین به بێ ئه‌وه‌ی تووشی تاقه یه‌ك ئاوایی ببین، به‌هه‌ر لایه‌كدا بڕۆیشتباینه به‌سه‌ر به‌رزاییه‌كان، به‌لای چه‌پ و به‌لای ڕاست، ژماره‌یه‌كی زۆری ئه‌م به‌رزاییانه گۆڕستان داپۆشیبوو و بێمانایی ژیانی وه‌بیر ده‌هێنانه‌وه. له‌و كاته‌دا كه رێبه‌ره‌كانمان له‌گه‌ڵ جانتاكانمان له پێشه‌وه ده‌رۆیشتن له لایه‌ن گرۆپێكی كورد وه‌ستێنران، كه به بێ رووخسه‌ت ده‌ستیان كرد به پشكنینی ئه‌و بارانه‌ی كه ئێستره‌كان هه‌ڵیانگرتبوو. ئه‌م دیمه‌نه

* Arba

** Ibrahim-khanchi

لەسەر دۆندی چیایەك لەو شیوانەی کە هەمیشە شوێنگەلی شاڵاوی تاڵانـچیەکانن ڕوویدا. مەیتەرەکانمان یەکسەر هەرایان کرد و بەرەو لای ئێمە هـاتن و بـە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد. مـن هـەر سـەد پێیـەك لـە پێشەوە دوور بـووم و هاواریـان لێکردم کە بوەستم. هەموومان کۆبوینەوە و چاوەڕوانی تاقـە وشـەیەکمان دەکرد کە دووپاتـەی ئـەو تۆقینـە بکاتـەوە کـە تووشـی ڕێبـەرەکانمان بـوو و تەسـەوری کارەکە بکەین. دەمودەست بە پێچێکی گـەورە ڕۆیـشتین و دوای ئـەوەی چـارەگە میلێکمان بڕی، لەو تاڵانچیانە نزیك بووینەوە کە پشکنینی جانتاکانمان تـەواو بـوو بـوون و دەیانخـستنە سـەر پـشتی ئێـستر بـۆ ئـەوەی بیانبـەن. تـەتارەکانمان دەمودەسـت هێرشـیان بـردە سـەریان و شمـشێر بەدەسـت و بـە هاوارگـەلێکی تۆقێنــەرەوە، بــەڵام کوردەکــان کــە ژمــارەی ئێمــەیان بــینی، بڕیاریــان نــەدا چــاوەڕوانمان بکــەن بــەڵکو هــەڵاتن و دەســتکەوتەکانیان لــە دوای خۆیانــەوە بەجێهێشت و ئێمە بووین بە پاڵەوانی گۆڕەپانی جەنگ.

دوای ئەوەی بیست و حەوت میلمـان بـڕی، لـە کیـشان*، ئاواییـەکی چـکۆڵەی پــەڕپووت وەسـتاین کـە دەکەوتـە سـەر لێـژایی گردێکـەوە و ماڵـەکانی لەبـەردی داتاشراو دروستکرابوون و سەری ماڵەکان بـە قـوڕ و پـوش گـیرا بـوو. نـەمانتوانی هەتا تاقە کۆخێکیشی لێبدۆزینەوە کە لە سەرما و سۆڵەی سەخت بمانپـارێزی کـە ئاسمان هەڕەشەی باران بارینی لێدەکردین. تـەنها بـە هـاتنی تـەتارەکان کـە بـە قامــچی پیــاو و ژن و منداڵــەکانیان داپاچــی بــوو ئەوکاتــە ڕەشماڵێــك و بڕێــك خواردنیان پێداین. بۆ تەتەر قامچی هەموو شتێك بوو. من هەمیـشە بـە کاریگـەری قەمچیەکەی سەرسام بووم. ئەگەر ئەسپەکەی چاك بوو ئـەوا دەنگـی قەمـچیەکەی بەس بوو بـۆ ئـەوەی دوو هێنـدە پێهـەڵبێنیّ.، ئەگـەر خاووخلیـسك بوایـە بـەهۆی قامچییەوە ورەیان دەخستەوە بەر.، ئەگەر لەبەر ماندوێتی یان وەرسی بکەوتبایە ئەوا قامچی هێزی دەهێنایەوە بەر. ئەگەر تەتەر ئازووقـەی نەمابوایـە، یەکـەمجار داوای دەکرد ئەگەر نەیاندابوایە گلەیی دەکرد و دواجار پـەنای بـۆ قامـچی دەبـرد، پەسنیی خۆی بەسەر هەمووان دابەش دەکرد بە بیّ هەڵاوێردن لێـرەو لـەویّ هـەتا

* Kitchan

ئه‌وه‌ی پێویست بوایه پێشکه‌شیان ده‌کرد. له دێهاته‌یلی په‌رپووتدا، باوه‌ڕمان نه‌ده‌کرد هه‌تا مریشکێش بدۆزینه‌وه، که‌چی ده‌مبینی قامچی له‌ناکاو ده دوانزه مریشکێکی ته‌واوی ده‌دۆزییه‌وه و له شوێنگه‌لێك که گژوگیای پێویستمان نه‌ده‌بینی بۆ له‌وه‌ڕی مه‌ڕان، ڕێگه‌یان ده‌دا له‌ناو سه‌رله‌به‌ری مێگه‌ڵه‌کانیان ئه‌وه‌ی بمانبویستبایه هه‌ڵبژێرین. به یه‌ك وشه قامچی چه‌کی سروشتیی ته‌تار و سه‌رچاوه‌یلی تاقانه‌بوو له هه‌موو ده‌رفه‌تێکدا.، جا ئه‌گه‌ر شتێك هه‌بوایه سه‌راسیمه‌ی بکردبوومایه، ئه‌وه‌بوو ببینم که ئه‌م کلۆڵانه که به تاقیکردنه‌وه ده‌زانن چ مامه‌ڵه‌یه‌ك چاوه‌ڕوانیان ده‌کات، بۆیه هه‌رگیز نایانه‌وێ به‌هیچ شێوه‌یه‌ك داوایه‌کانیان به‌جێنه‌گه‌یه‌نن پێش ئه‌وه‌ی ببینن به‌وه‌ی به زه‌بری قامچی ناچار بکرێن.

که‌وایه ده‌بینین بۆچی ئه‌م گه‌لانه ڕقێکی ئه‌ستووریان دژی سته‌مکاران هه‌ڵگرتووه.، بۆچی شمشێره‌کانیان له‌ناو کێلانه‌کان هه‌ڵناکێشن و کالانه‌کانیان فڕێ ناده‌ن؟ ئه‌مه پاشماوه‌ی خه‌مساردێکی گشتییه، که وای کردووه هه‌موو که‌سێك هه‌رچه‌نده هه‌ستیاری به‌رانبه‌ر به ئێش و ئازاری که‌سیی خۆی هه‌بێ که‌چی هیچ تروسکه‌یه‌کی ڕۆحی گشتیی دانه‌گیرسێنێ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر چاوێك بۆ دواڕۆژ بگێرین ده‌بینین هه‌زاران له‌و هۆزگه‌له شه‌رکارانه وه‌ڵامی بانگه‌وازی یه‌که‌مین ئازادیخواز ده‌ده‌نه‌وه که بانگه‌وازیان لێده‌کات و ئه‌وکاته چه‌ك به‌ڕووی سته‌مکاران به‌رز ده‌که‌نه‌وه. ده‌شێ پێشبینی ڕووخانی ئه‌م هێزه له‌بننه‌شکاوه خۆسه‌پێنه‌ره بکه‌ین که هه‌ردوو دیوی جیهانی به فرمێسك و خوێن ژیاندووه و به خێرایی به‌ره‌و وێرانه‌بوونی خۆی هه‌نگاو ده‌نێ. ئه‌م هێزه ده‌بێ به‌مزوانه ڕێگه بۆ سه‌ردارگه‌لی نوێ چۆڵبکات یان نوقمی ناو پاشاگه‌ردانیی ببێ. ئیمپراتۆریای عوسمانی ئێسته‌که له‌به‌رده‌م هه‌ره‌سهێنانیه‌تی له یۆنانستانی کۆن، به‌هه‌مان ئه‌ندازه له‌وپه‌ری لاوازی دایه له لایه‌کانی دیکه‌یه‌وه. مه‌گه‌ر ته‌نها له حاڵێکدا که به گردبوونه‌وه‌یه‌کی هێزی خۆی، یه‌ك هێزی نوێ دروستبکات که ئه‌وکات ئێمه لامان وایه ده‌شێ له‌نێوان سنورگه‌لێکی وا به‌رته‌سك گیر بخوات که چیایه‌کانی تۆرۆس و پرده‌که‌ی بۆسفۆر و بیابان بۆی دیاری ده‌که‌ن. ده‌توانین بپرسین داخۆ چ هێزێك شوێنی ده‌گرێته‌وه به‌ڵام لێره ئه‌م گفتوگۆیه له‌م گه‌شته‌ی من دا نامۆیه.

٨ ی مانگ کاتژمێر شەشی بەیانی بەرێکەوتین، ئێمە کە لەسەر ڕووی ئاستی پێدەشتەکانەوە بووین، بۆیە هاتنەخوارەمان خێراتر بوو و وڵات دیمەنێکی زۆر جوانتری نیشان دەدا. کاتێك بەتەك گروپێکی کورددا ڕۆیشتین کە لە بناری چیایەکدا ڕەشماڵیان هەڵدابوو، تەتارەکانمان بە هەنگاوی خێرا بەرەو لایان هەرایان کرد و دەستیان بەسەر هەموو ئەسپەکانیان دا گرت کە توانیان دەستیان بەسەردا بگات. سەرۆکەکانیان بەدواماندا کەوتن.، بەڵام ئێمە ژمارەمان زۆرتر بوو بۆیە نەیانویست پەلامارمان بدەن. هاوڕێگەکانم زۆرجار نەفرەتیان لەو وڵاتەدەکرد کە پیایدا تێپەڕ دەبووین وەك ئەوەی ئەم وڵاتە تەنها تاڵانچی و ڕێگری تێدا بژی.، بەڵام دەبێ من ئەوە ئیسپات بکەم کە ئێمە خۆمان گەورەترین تاڵانچی بووین کە لەهەر کوێیەك بووینایە ئێمە بەهێزتربووین.

بەو ئەسپانەی کە تازە دزیبوومان شوێنی ئەسپە خراپەکانمان پێگرتەوە و لە چیاییەکی بەرز دابەزین کە بێگومان پێویستی بە ئەسپی بەهێز بوو. ئەوکاتە بە تەواوی ئەو بەفرە سەرمەدییەمان جیاکردەوە کە دۆندی چیایەکەی داپۆشیبوو و تەنها لە دوورەوەوە بینیبوومان. من لەگەڵ یەکێك لە تەتەرەکان لە دواوە بووم. لەو دیو یەکێك لە گاشە بەردەکانەوە تەقەیان لێکردین. من بە توندی داوام لێکرا بۆ ئەوەی لە کاروانەکە دوور بکەومەوە چونکە لە نزیکمانەوە گروپگەلێکمان بینی کە جێگەی گومان بوو: ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە تووشی هەر پیاوێك بووینایە بە دوژمنمان دادەنا. بەوەی حەزم دەکرد لەو دیمەنە جوانە ڕابمێنم کە لە هەموو لایەکەوە خۆی نیشان دەدا، هەستیشم بە ماندوێتی ئەسپەکەم کرد بۆ ئەوەی هێواشتر بڕۆم، بەڵام ئەوان هەمان ڕێگەی تایبەتی خۆیان بەکارهێنا کە هێندە بەتاو بازیان دەدا ئەوی پێی ڕانەهاتبا دەترسا.

لەوەتای ٤ ی مانگەوە ئێمە هەمیشە هەر بەسەردەکەوتین و هێشتا سەرکەوتنی زیاترمان کە زۆر بێشومارتر دیاربوو لەبەرمان مابوو. بە چۆڵەوانیەکدا تێپەربووین کە بە ئاستەم تاقە گوندێك، جۆگەلەئاوێك، درەختێکمان بینی، ئێستە وڵات باشتر ئاوەدان تر دیارە و لە دوورەوە سیمای دانیشتوانێکی زۆر نیشان دەدات. دارودرەختی چیایەکان تا دەهات زیاتر شوێنکاری زستانی نیشان دەدات و بەفرەکە قووڵتر دەبۆوە. دواجار گەیشتینە لوتکەکە کە دەیڕوانیە سەر چیای لە

خۆی به‌رزتر و ده‌ستمان کرد به‌وه‌ی له لێژاییه‌کی هێنده خێرا دابه‌زین که هاتنه خواره‌که‌مان زۆر سه‌خت بوو. به‌ده‌گمه‌ن وا رێك ده‌که‌وێ که ته‌تاره‌کان له زه‌وی وردببنه‌وه بۆ زانینی ئه‌وه‌ی داخۆ پێویست به‌وه ده‌کات خێرایی رۆیشتنه‌که‌یان زیاد بکه‌ن یان که‌می بکه‌نه‌وه. هه‌رامان ده‌کرد وه‌ك ئه‌وه‌ی له پێده‌شتێکی پان و پۆڕدا بین. له هه‌ر چرکه‌یه‌کدا پێشبینی ئه‌وه‌م ده‌کرد که من و ئه‌سپه‌که‌م له لاپالێکی چیادا هه‌ڵده‌دێرین، به‌ڵام من بۆ پاراستنی که‌رامه‌تم، خۆم نیگه‌ران نیشان نه‌ده‌دا به‌ڵام هاوڕێکانم به قۆشمه‌بازییه‌وه لێیان ده‌پرسیم داخۆ حه‌زده‌که‌م له‌سه‌ر شێوازی ته‌تاری سه‌فه‌ر بکه‌م. وه‌ختایه‌ك گه‌یشتینه خوارووی ئه‌م چیایه، رێگه‌که هێشتا به‌ره‌و خواره‌وه ده‌هات، به‌ڵام به لێژاییه‌کی زۆر زیاتر هێواشتر. ده‌بوو له رێـڕه‌وی جۆگه‌له‌ئاوێك که له چیایه‌کان ده‌رده‌چوو بپه‌ڕینه‌وه. ئه‌سپه‌کانمان شوێنی پێیان نه‌ده‌بینی و یه‌کێکیان نغرۆ بوو و ئاوه‌که ڕایماڵی.

ئێواره له دۆلان*، که گوندێکی جوان و که‌وتبووه ناو دۆڵێك و چیای که‌مێك به‌رز ده‌وریان دابوو وه‌ستاین. گونده‌که دوو یان سێ جۆگه‌له ئاوی ڕوون ئاویان ده‌دا، خۆم خسته ناو یه‌کێکیان بۆ ئه‌وه‌ی ماندوێتی خۆم لاببه‌م. چه‌ند ژنێك که ئه‌وانیش له دوورییه‌کی که‌مدا مه‌له‌یان ده‌کرد، دوودڵ نه‌بوون له‌وه‌ی هێمای ئه‌وه‌م بۆ بکه‌ن بچمه لایان. من ده‌مزانی ده‌شێ ترسناك بێ وه‌ڵامی داواکه‌یان بده‌مه‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی ڕاستی بلێم ئافره‌تگه‌لی به‌ته‌مه‌ن بوون و له ناویاندا یه‌کێکیان ئه‌وهێنده شۆخ و شه‌نگ نه‌بوون که گه‌ڕۆکێکی ماندوو فریو بده‌ن. دوای ئه‌وه‌ی مه‌له‌م ته‌واو کرد، چوومه ناو ئه‌و ماڵه‌ی که تێیدابووین، بینیم هاوڕێیه‌کانم گوێیان بۆ شایه‌رێکی چیایی هه‌ڵخستبوو. پێستی ورچی له‌به‌رکردبوو، قژی به نارێکی به‌سه‌ر شانی دا هاتبۆوه خواره‌وه و گۆرانی به‌سه‌ر پاڵه‌وانێتی کۆنه سه‌رۆکه‌کانی ده‌چڕی و هێماگه‌لێکی شێتانه‌ی ده‌کرد و ده‌هۆڵی ده‌کووتی. دوای ئه‌وه‌ی برێك پاره‌ی کۆکرده‌وه ئێمه کشاینه‌وه و بۆ ئه‌وه‌ی خۆم له ئه‌سپێ و دووکه‌ڵ دووربکه‌ومه‌وه که کوخه‌که‌ی ته‌نیبوو بڕیارمدا له‌به‌ر ڕۆشنایی ئه‌ستێران له ده‌ره‌وه بخه‌وم. له‌م

---

* Dollan

ڕۆژەدا بیست و یەك میلمان بڕی. ئەو دۆڵەی کە بەناو چیایەکانا پێیدا تێپەردەبووین ناوی سەگرمە بوو.

یەکشەممە ٩ ی مانگ، دوای ئەوەی بیست و یەك میلمان بەناو چیا و شیوەکاندا بڕی، بەڵام چونکە بەشێوەیەکی گشتی لە دابەزین دابووین، چووینە ناو پێدەشتێکی بە پیت نزیکەی دە بۆ دوانزە میل پانایی و سی بۆ سی وپێنج میلێك درێژایی بوو و ڕووبارۆچکەیەك ئاوی دەدا کە بەناو سلێمانی پایتەختی کوردستاندا تێپەر دەبوو و نیوەڕۆ گەیشتینە ئەوێ. ئەوەی کە دەبێ لە ڕاستیدا لەم شارە بیبینین ئەوەیە کە شارەکە چێوەکەی دوو میلە، بەڵام زۆر زیاتر درێژدەبێتەوە، ئەگەر بمانەوێ ئەپارتومانە سەربەخۆیەکان و ئەو گوندانەش بگرێتەوە کە لێیەوە نزیکن. ماڵەکان لە قوڕ و خشت دروستکراون. زۆربەیان تەنها یەك نهۆمن و بانەکەی قوڕ و پانە. بە گشتی ماڵەکان ناڕێك و ئاسوودە نین و دانیشتوانەکەی کە ژمارەیان لە دوانزە هەزار کەس یان پانزە هەزار کەس تێپەرناکات زۆربەیان کوردن جگە لە بڕێك خێزانی جوولەکە و ئەرمەنی نەبێت کە بە مەبەستی بازرگانی لەوێدا دەژین و وادیارە بە تەواوی هەموو کاروبارێکی بازرگانیان قۆرخ کردووە.

بەو پێیەی کە نامەمان پێبوو و دەبوو تەسلیم بە دەسەڵاتکارانی ناوخۆیی بکەین لە لایەن سەرۆکەکانیانەوە، پاشای کوردستان کە ئەوکات لە خیوەتگای داود–ئەفەندی بوو بەشێوەیەکی شکۆمەندانە پێشوازی لێوەکردین. لە سەرای شار دابەزین و ئێوارە خوانێکی نایابی پێشکەش کردین کە لەو خواردنانە دەچوو کە لە ئێران و تورکیا پێشکەشی دەکەن کە من باسی ناکەم چونکە زۆر لە گەڕاڵەکان وەسپی ئەو خواردنانەیان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ وشەیەك لەبارەی ئەو خواردنە باسبکەم کە بە شێوەیەکی تایبەتیی پێشکەشیان کردم، وەك ئەوەی دەڵێن ئەوە خواردنی پەسنکراو بووە لە کوردستان. خواردنەکە بریتیبوو لە چەلاوگۆشتی کەروێشکی کێوی کە بۆنەکەی وای دەگەیاند کە هەڵیانگرتبوو تاوەکو تەواو بەخوێنەوە بۆگەنی کردبوو و بە چەوری و سیر و هەموو جۆرە بەهاراتێك لێدەنرێ. هەرچەندە من ڕاهاتووم لەسەر پلاوی پڕ لە بەهارات بەڵام نەمتوانی نە بەرگەی تامەکەی نە بەرگەی بۆنەکەی بگرم و ناچاربووم قاپەکە بنێرمەوە بە دڵخۆشیەکی زۆرەوە لەگەڵ خاوەنەکەی کە لەوە

باشتر تەسەوریان نەدەكرد، بەڵكو سەرسام بوون لەوەی كە من ناتوانم تامی خواردنەكە بكەم. بەلام وەختایەك ڕازەكەم ئاشكرابوو، میوانەكان زانیان من ئەوروپی و پیاوێكی ئینگلیزی بەم خواردنە نوێیە ڕانەهاتووم، وای بۆچووم كە پارچە پارچەم دەكەن، ئەوان هێندە كونجكۆڵ بوون بەپەلە بوون ئەوەی كە خۆیان پێی دەڵێن كەسێكی فرەنجی ببینن و دەستی لێبدەن. هەموویان لەیەك كاتدا پرسیاریان لێدەكردم و هەموویان دەیانویست كارسازی دەمانچەكەم كە بە وردی سرنجی ڕاكێشا بوون ببینن و دەترسام كە لە هەر ساتێكدا شتەكانم لەدەست بچێ، بەڵام خۆشبەختانە لەكاتی حەسانەوە دابوون. داوایان لێكردم تەقە لە یەكێك لە ئەستوونەكانی گۆڕەپانەكە بكەم و منیش زۆر كەیفسازبووم بەوەی بە گوللەیەك ئەستوونەكەم پێكا. بەو خێراییە سەرسام بوون كە دەمانچەكەم پێ پڕكردەوە و باوەڕیان هێنا كەوا ئەوروپاییەكان بێگومان سەرسامترین گەلانی جیهانن.

پێیان وتم كە چۆن جاران وڵاتەكەیان لە لایەن ئەسكەندەری گەورە، جەنگاوەری ئەوروپی داگیركراوە و دەستیان كرد بە گێڕانەوەی سەربووردەی پالەوانێتی و حەكایەتگەلی بێ مانا كە من هەر بە تەواوی تێشیان نەگەیشتم. دواجار پێیان گوتم كە تەنها ڕووسەكان دەتوانن وڵاتەكەیان داگیربكەن و ئەم داگیركردنەشیان پێراگەیەندراوە و داوایان لێكردم داخۆ ئینگلیز دەتوانن لەگەڵ ئەم هۆزە لە ئاشتی دا بژین. لەناو گەلانی جیهانا تەنها ڕووس و ئینگلیز و فرەنسی یان دەناسی. ئینگلیزەكانیان دەناسی چونكە هێندێكیان لە بەغدا بوون، هەرچی لەبارەی فرەنسییەكانەوەیە ئەوە لە سۆنگەی داگیركردنی میسرەوە بوو كە دەیاناسین.

ئەمە ڕاستیەكە شایانی سرنجدانە، ترس لە داگیركردنی ڕووس بە هەموو گۆشەیەكی وڵات كە من سەردانیم كردبوو بڵاوبووبۆوە. ئەمە بابەتی گفتوگۆی ناو هەمووان بوو. لە هەموو شوێنێك لێیان دەپرسیم: ئەوكاتە ئینگلیز و بۆناپارت چ هەڵوێستێك وەردەگرن. وەڵامم دانەوە كە بۆناپارت لە لای ئێمە زیندانییە و لەژێر چاوەدێرییەكی توند دایە، بەڵام ئەوان نەیاندەویست باوەڕ بەوە بكەن و وا دیاربوو حەزیان دەكرد پێچەوانە بووایە.، چونكە ئەوان وەكوو دوژمنی ڕووسیا سەیریان

دەکرد کە بەشێوەیکی گشتی ڕقیان لە ڕووسیا دەبۆوە و وەکوو هێزێکی تێکنەشکاو تێیان دەڕوانی.

لە ١٠ ی مانگ، بە درێژایی دۆلێکمان بڕی و نزیکەی بیست و پێنج میلمان بڕی و بە چوار گوند تێپەڕین و گەیشتینە کەناری حەوزێکی گەورەی شێوە بازنەیی لە بناری گردێکدا کە دە دوانزە جۆگەلە ئاوی زولاّلی تێدا دەڕژان کە لە کۆتاییەکەی دا ڕووبارێکی تا ڕادەیەك گەورەی لێوە دەرژێ. ئەم ڕووبارە بۆ خۆی بەردەوام دەبێت بەسەر زەوییێکی تاڕادەیەك فراوان و درێژ و وەك هەموو ڕووبارەکانی دیکە بە ئاو دەدرێ کە لە سەریەوە دەرژێ، کە ئەمە خالێکی لێکچووی ئاشکرایە لەگەلّ سەرچاوەکانی نیل وەك ئەوی بووس وەسپی کردووە. لە ئاواییەکی چکۆلە بەناوی سوسێ[*] وەستاین، حەوزێکمان بینی وەك ئەو حەوزەی کە تازە باسم کرد، برێك ماسی بێشوماری تێدابوو کە لەگەلّ بچووکترین دەنگەدەنگ ماسییەکان بەسەر ڕووی ئاوەکە دەکەون و برنج و لەتە نان کە بۆیان فرێ دەدرێ دەیگرنەوە[5].

---

[*] Suza

[5] ئەم کردەیە زۆر زیاتر سەراسیمەی دەکردم ئەگەر پێشتر هەمان شتم لە ڕەوشێکی هێشتا سەرسامانەتر نەبینیبوایە. لە دەوروبەری مانانتودەی لە مالابار، نزیك لە یەكێك لە پەرستگەکان لە کەناری ڕووبارێکدا، ژمارەیەکی بێشومار ماسی تەواو مالّیی دەبینین کە هەرگیز لەو ناوچەیە دوورناکەونەوە. وادیارە تێگەیشتوون کە لە ئەمان دان. بۆ خۆشی لەگەلّ برێك لە هاورێکانم بەرەو ئەو پەرستگایە چووین و دەستمان بە تاقیکردنەوەکەمان کرد بەوەی برێك لەتە نان و برنج و هێندێك گژوگیامان بۆ فرێدان. وێرای ئەو هەراوزەنایەی کە ئێمە نامانەوە بەوەی بەردمان فرێدەدایە ئەوبەری ڕووبارەکە کەچی ماسییەکان هەتا کەنارەکە دەهاتن و بە ژمارەیەکی ئەو هێندە بێشومار کە ڕووی ڕووبارەکیان دادەپۆشی. ماوەیەکی کەمێك پێشتر، جۆرێکیان لە داری قامیشی باریك (بامبۆ) یان دۆزیبۆوە کە دەیانتوانی بەسەریەوە هاتووچۆ بکەن و لەوێوە ئەم ماسیانە دەهاتن ئەوەی لە دەستمان بوایە وەریاندەگرت و هەردەمودەست پارچەکەیان بەردەست دەخست و دەچوونەوە ژێر ئاوەکە و ماوەیەکی کەمتر دواتر دەهاتنەوە بۆ ئەوەی ئەوەی پارچەیەکی دیکە ببەن. زۆر لە ماسییەکان چوار تا پێنج پێ درێژبوون، وێرای ئەوەی کە ئەم ڕووبارە زۆر گەورە نەبوو کەچی پێیان وتین مەلەکردن لەناویدا مەترسیدارە. خەلّکی ڕەسەنی ناوچەکە باوەڕیان وایە کە ئەم ماسییە بێشومارانە لەژێر پاراستنی تایبەتیی ئەو خوداوەندە دەژین کە سەرۆکایەتی پەرستگەکە دەکات و ئەوەی بیانگرێ یان بیانکوژێ ئەوا هەستی ئایینی

په‌ره‌مووچی شاری سلێمانی

هه‌رکه پێمان نایه سه‌ر زه‌وی ده‌ستمان کرد به داگرتنی باره‌کانی سه‌ر ئه‌سپه‌کان و ده‌ستمان به‌سه‌ر جۆره ته‌وێڵه‌یکدا گرتبوو هه‌رچه‌نده به بێ ویستی خه‌ڵکه‌که‌ی بوو که ده‌ستمان به‌سه‌ریاندا‌گرتبوو.، که داوایان له ئێمه کرد ده‌ربچین به‌ڵام ئێمه ده‌رنه‌چووین و ڕه‌تیانکرده‌وه که که‌مترین شتمان پێشکه‌ش بکه‌ن. وه‌ك چۆن ته‌نها پیره‌مێرد و ژن و منداڵمان ده‌بینی. ئێمه سی که‌سێك ده‌بووین، ته‌تاره‌کانمان په‌نایان بۆ ڕێگه‌چاره‌ی ئاسایی برد و قامچیه‌کانیان ڕاکێشا و ئه‌زموونی په‌سندکراوی خۆیان به ئازادی پیاده‌کرد. ده‌موده‌ست، بینیمان گروپێك سواره‌ی ته‌واو ساز له پێده‌شته‌که‌وه گوێبیستی شه‌قه‌ی قامچی بووبوون به هه‌ڵه‌داوان به‌ره‌و لای ئێمه هاتن. من که ئه‌و هێنده‌جار کاریگه‌ری گورزی قامچیم بینیبوو، ده‌ستم نه‌کرد به داگرتنی باری ئه‌سپه‌که‌م و هه‌ستم به مه‌ترسی

خوداوه‌نده‌که‌ی بریندار ده‌کات. باوه‌ڕ ناکه‌م هیچ ئه‌وروپییه‌ك توانیبێتی جۆری ئه‌م ماسیانه دیاری بکات. خه‌ڵکه ئه‌وه دووپات ده‌که‌نه‌وه ئه‌وه‌ی گۆشتیان بخوات ده‌مرێ چونکه گۆشته‌که‌یان پیرۆزه و ده‌شێ خه‌ڵکی ڕه‌سه‌نی ناوچه‌که به شێوه‌یه‌ك ڕه‌فتار بکه‌ن له به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌ی که ئه‌گه‌ر به‌ڕاستی که‌سێکی ژیاندۆستی شانازیکار به‌خۆی هه‌بێ جورئه‌تی ئه‌وه بکات ته‌حه‌دای ئه‌و ترسه بکات که هێمای بۆ ده‌که‌ن.

نەکرد تەنها ئەوکاتە نەبێ کە بیستم تەتارەکان هاواری جەنگ دەکەن و ئاوڕم بەلایان دایەوە بینیم هەموویان شمشێرەکانیان هەڵکێشاوە.

دەموودەست، دوژمنەکان پەلاماریان داین، لەکاتێکدا خەڵکی گوندەکە لە دواوە بە بەرد پەلاماریان دەداین. دوژمنەکان ژمارەیان لە ئێمە زیاتر بوو بەڵام چەکەکانیان لە ئاست چەکەکانی ئێمەدا نەبوو هەر وەکو پیاوەکانی ئێمە لە شەر ڕانەهاتبوون کە ئازایەتیەکی بێوێنەیان نواند. عەلی ئاغا چولنگی لەناویان دا دیاربوو و توانیمان ناچاریان بکەین ڕابکەن. یەکێك لە پیاوەکانی ئێمە بە شمشێر ناولەپی بریندار بوو و یەکێکی دیکەش بە برینێکی ترسناك شانی بریندار بوو. هەرچەندە ئەسپەکانمان لە ڕەوشێکی باشدا نەبوون بەڵام هەر بەدوایاندا کەوتین و دوژمنەکانمان کشانەوە ناو شەقامێکی تەسك و تریسك کە پەلاماردانیان مەترسیدار بوو.

سەرۆکەکەمان زۆر لەوە وریا بوو کە نەوەکا ئەوەی پێی دەڵێن موخاتەرەی پێچەوانە بکات.، بەم سەرکەوتنە دەستبەردار بوو و ڕایسپاردین کە وریا بین و لە یەکتر دانەبڕێین. هەموو ماڵەکان داخراو بوون یان چۆڵکرابوون و دەبوو واز لە نەوا و ئازووقە بهێنین. چاوەڕوانی شەومان دەکرد بۆ ئەوەی بڕۆین، بەڵام ڕێبەرە کوردەکانمان شێوە گرێبەستێکی ئاگربڕیان لەگەڵ دانیشتوانەکە بەستبوو کە قەناعەتیان بەوە هێنابوو کە ئێمە ئامادەین داکۆکی لە خۆمان بکەین و ئێمە هیچ شتێکی ئاوەها لە دەست نادەین.، بۆیە ئەوان ڕازی بوون لەسەر ئەوەی هەموو چەشنە تەقوتۆقێکی دوژمنکارانە ڕابگرن بەڵام سەرسەختانە ڕەتیانکردەوە کە بە هیچ شێوەیەك هیچ چەشنە ئازووقەیەکمان پی`نەدەن.

سبەینەیەکەی ١١ ی ئادار، بەیانی لە کاتێکی زوودا ڕۆیشتین، بەڵام نەمانتوانی متمانە بە ڕاستگۆیی نیازی دوژمنەکانمان بکەین و حەزیشمان دەکرد خۆمان لە هێرشێکی نوێ وەدوور بگرین، شارۆچکەکە کەوتبووە ناو چیایەکەوە و نیوەڕۆیەکەی گەیشتینە ئاواییەك لەسەر کەناری ڕووبارێك کە بڕێك لە ڕێبەرەکانمان ناویان نابوو زەر*، بەسەر حەسیر بەسەر ئاوەکە بە پێستی مەری

* Zer

فووكراو پەڕینەوە. ڕێڕەوی ئاوەكە زۆر تیژڕۆ بوو و پانییەكەی نزیكەی دووسەد و چڵ پێ دەبوو و هەرگیز بە وردی لەسەر هیچ نەخشەیەك نەمبینیبوو. ئاوەكە بە ئاراستەی چیایەكان دەڕۆیشت و پاشان دوورتر بەرەو لای ڕۆژهەڵات دەڕۆیشت و ئەو ڕێگەیەی دەبڕی كە ئێمە لامان وابوو هەرقەڵ لە گەرانەوەی لە گوزاوجە* بڕیویەتی، ئەم ڕووبارە سنووری ئەو زەوی و زارەیە كە سەر بە سلێمانییە. كاتژمێر و نیوێك لە كەناری ڕووبارەكە وەستاین و پاشان بە ڕێكەوتینەوە و دوای ئەوەی بەلای كەمییەوە سی و حەوت میلێكمان بڕی و گەیشتینە ئاواییەكی چكۆڵە بەناوی گوڵێخان.

لەكاتی باسكردنی كشانەوەی هەرقەڵ دوای هێرشی سێیەمی، دەبێ ئەوە قەبووڵ بكرێ كە وێڕای ئەوەی كۆلۆنێل كیننەر باسی دەكات، ئەوا زۆر لە خۆمان دەكەین ئەگەر بڵێین دەتوانین بڕێك شوێنەوار بدۆزینەوە. لەگەڵ ئەوشدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بكرێ كە ئەم ژمارە زۆرەی گۆڕستان كە ئەمڕۆ بینیمان وامان لێدەكات باوەڕ بەوە بكەین كەوا جەنگێكی كۆنی زۆر گەورەی سەخت لەسەر ئەم خاكە ڕوویداوە، چونكە شوێنەواری هیچ شارێك یا گوندێك یان كەلاوەیەك نابینین كە ئەوە بگێڕێتەوە كەوا شارێكی گەورە لێرەدا هەبووە. سەرەڕای ئەوە ئەم گۆڕستانانە بەو شێوەیە ڕیز نەبوون كە لەو سیستەمە ناسراوەدا هەیە كە لە گۆڕستانگەلی ناوچە ئاوەدانەكاندا بینیمان. ئەو گۆڕستانانە لە شوێنێكی تایبەت كۆنەكراونەتەوە كە ئامادەبن بۆ ئەوەی مردووی تازە بەخۆوە بگرن، بەڵكو بە هەموو لایەكەوە پەرت و بڵاوبوونەتەوە و بازنەیەك پێكدەهێنن كە لە ناوەڕاستەكەی گۆڕێكی كەمێك بەرزتری تێدایە و بە بەرد داپۆشراوە و ئەوە ئیشارە بۆ ئەوە دەكات كە دەشێ ئەمە گۆڕی سەرۆكێك بێ و لە دەوروبەریشیەوە گۆڕی سەربازەكانی بن. دواجار ڕەوشی نیسبیی ئەو گۆڕستانانە ئەوەیە كە لەنێوان خۆیاندا هێشتا ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەم گۆڕانە دەبێ دوای شەڕێكی خوێناوی هەڵنرابن.، و هێڵێك پێكدەهێنن كە ناوەڕاستەكەی زیاتر لە ئەوپەڕەكانی زیاتر درێژتر دەبێتەوە.

---

* Guazuca

لە گوڵیخان* قاڵی زۆر جوان بە جوانترین ڕەنگ دروست دەکەن. کوردەکان ڕێگەیان داین لە یەکێك لە کوخە پەرپووتەکان بمێنینەوە، بەڵام خواردنێکی نایابی برنج و قەیسیان پێشکێش کردین. برێك لە کوردەکان لەم گوندە دوو دەمانچەیان لای یەکێك لە تەتارەکان بینیبوو کە لوولەکەی درێژییەکەی بەلای کەمییەوە هەژدە پەنجە دەبوو و هی یەکێك لە تەتەرەکانی ئێمە بوو، پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە پێیان بفرۆشێ. وەختایەك تەتەرەکە نەیویست بیفرۆشێ، داوای بیست دۆلاری کرد، دەموودەست پارەکەیان دا، لە حالێکدا نرخی ئەم دەمانچەیە ناگاتە چل سەنت. تەتارەکەم کە گاڵتەی بە نەزانیی کوردەکان دەهات بە پێکەنینەوە پێی وتم کە سەروەتێکی چکۆڵەی کۆکردۆتەوە لەوەتای دوو هەفتە دەبێ لە خیوەتگاکەی داود ئەفەندی وەختایەك کاروانەکە سێ ڕۆژە ڕێیەك لە بەغداوە دوور بوو، هەموو شتێك کە لە کۆنستانتینۆپلەوە بهێنی دەیکڕن. ئەو شێوازەی کە ئەم بازرگانییە بەزۆرییەی پێدەکرێ ئاماژە بە زانینی داب و نەریتی ئەم هۆزانە دەکات کە برێکجار هێندە دەستبڵاو خۆیان نیشان دەدەن کەچی بەشێوەیەکی ئاسایی تاڵانچین. لەو خیوەتگایەی کە هی داود ئەفەندی بوو گرتبوویان و لە کاتێکدا کە کاروانەکە تەنها سێ ڕۆژ لە بەغداوە دوور بووە گلیانداوەتەوە و چەندین جار هەوڵیان دابوو بە بێهوودەییەوە ناچاری بکەن تا جانتایەکانی بکاتەوە. شەو بەزۆر کردبوویانەوە و لە بەیانییەکەی داوایان لێکردبوو نرخی هەر کەلوپەلێك دیاری بکات و دەموودەست نرخەکەیان دابوویێ، ئەوە چونکە وەك هاوڕێ مامەڵەیان لەگەڵدا کردبوو، بەڵام ئەگەر مامەڵەیان دوژمنکارانە بوایە دەشیا ژیانی لەدەست بدات دوای ئەوەی کەلوپەلەکانی ون دەبوو، ئەمە ئەگەر هەوڵی بدابوایە بەرەنگاریان بکات.

---

* Kouli-Khan

پەرەمووچی پێدەشتی سلێمانی

له دوانزەی مـانگ، دوای ئـەوەی شـانزە میـل و نیومـان بـڕی و لـە ڕێگەیـەکی چیایی سەخت و دژوار چووینە ناو شیوێك کە شـاری کۆیـسنجاقی تێـدابوو. پـێش ئەوەی بگەینە ناو شار کەلاوەی بینایەکی گەورەمان بینی، ڕێڕەوی ئاوێکمان بـڕی کە لقێکی ڕووبـاری کـارپووس* یـان زێـی بـچووك بـوو و پردێکـی بـەردینی جـوانی لەسەر بوو کە لە کۆندا هەبووە بەڵام داڕووخابوو. ئەم شارە کەوتۆتە ناو بەرزاییێك کـە لـەم ڕووبـارەوە دوورە. ئـەم ڕووبـارە بەشـێوەیەکی بەشـیی پاراسـتوویەتی و شـارەکە لـە سـلێمانی گـەورەترە و بینایـەکانی باشـتر دروسـت کـراون. لەوانەیـە ژمارەی دانیشتوانی بەلای کەمییـەوە بگاتـە دوانـزە هـەزار کەسـێك. مزگەوتگـەلی جوانی تێدایە کە گومبەزی بەسەرەوەیە. هەروەها بڕێـك باخـچەی دڵگـیری تێدایـە کە کەوتوونەتە سەر کەناری ڕووبارەکە. بەگشتی دەتوانرێ بەشێکی زۆری بەسـەر زۆر شـارگەلی ئاسـیەوی دا پەسـند بکـرێن. شـارێکی زۆر پـاك و خاوێنـە و ئـاو و ئاوەڕۆ و بڕێك دامەزراوەی گشتی دیکەی تێدایە کە نـاتوانین لێـرەدا ناویـان ببـەم. بازاری کۆیسنجاق بازارێکی گەورەیە و پڕە لە کەل وپەل. نـابێ ئـەوە لـەیاد بکـەم بڵـێم لـە کـاتی هاتنـەخوارەمان لـەو ڕێـڕەوەی کـە بـە شـارەکە دەگەیـشتەوە،

*Carpus

ئاماژەیان بۆ چیایەك بۆ کردم بەناوی قەندیل-داغ کە بە گوێرەی گێرانەوەکان ئەسکەندەر شەڕێکی گەورەی تێدا کردووە.

کۆیسنجاق ئەم ناوچە چیاییە بەرزە بە کۆتایی دەگەیەنێ کە سلێمانی لەوانەیە وەکوو خاڵی سەرەکی سەیر بکرێ، هەرچەندە بەرزتریش نییە. ئەم بەشە شاخ و داخاوی ترین بەشی کوردستانە و ڕۆژێك دەزانرێ کەوا ئەم تێبینیانەی خوارەوە هەموویان ڕاست و دروستن: ١-ئاڕاستەی گشتیی ڕێگەی کفری-کیتشان، بە بەردەوامی بەرزدەبێتەوە و بۆ ماوەی نزیکەی ٥٨ میل چیا و دۆڵ دەبڕێ و بە ئاڕاستەی باکووری ڕۆژهەڵات دا دەڕوات.، ٢-لەنێوان کیتشان و دۆڵان، بەناو زنجیرە چیایەکی گەورەدا دەڕۆین کە تا کۆیسنجاق دادەبەزێ و لە باکوورەوە بۆ باشوور و زیاتریش بەرەو لای ڕۆژئاوا هەڵدەکشێ هەروەك ئەوەی نەخشەکان ڕوونی دەکەنەوە.، ٣-ڕێگەکە بەشێوەیەکی گشتیی لە دۆڵانەوە تا دۆڵی سلێمانی کەمێك دادەبەزێ و بەرەو باکوور بە ئاڕاستەی ڕێڕەوێکدا دەڕوات کە دەگاتە کۆیسنجاق و پاشان بەرەو ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە تا دەگاتە ئەربیل.، ڕێگەی ڕاستەوخۆ لە بەغداوە بۆ مووسڵ.، ٤- ڕێگەکە لە سلێمانییەوە تا لووتکەی ڕێڕەوی کۆیسنجاق کەمێك بەرزدەبێتەوە بە هەمان ئەو ماوەیەی کە لە دۆلانەوە نزمدەبێتەوە.

کەوایە سلێمانی ناوەندی بەرزترین دۆڵی کوردستانە.، هەروەك چۆن ئەم دۆڵە بە چیای سەرکەش دەورەدراون کە لەماوەی زۆرترینی کاتەکانی ساڵدا بەفر داپۆشیون و هەموو تایبەتمەندێتییەکانی ئاو و هەوای زۆر مامناوەندی ئێمەی هەیە بە بێ ئەوەی ئەو پیت و فەڕییە نایابەی کە شان لە شانی پیت و فەڕی ناوچە گەرمەکان دەدات، لە دەستبدات. ڕاستییەکەی دۆڵی سلێمانی بە یەکێك لە بە پیت و فەڕترین دۆڵەکانی جیهان دەژمێردرێ. کوردەکان خۆیان لە دەورانی هەرە کۆنەوە نەتەوەیەکی کۆچەرن و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەچن و نەوەی فارسە کۆنەکانن، و تا ئێستەکەش داب و نەریتی کۆنی خۆیان لەم چیایانە پاراستووە کە شانازی بە سەربەخۆیی خۆیان دەکەن و ئەم ڕۆحیەتی سەربەخۆییە ئەو هێندە سەیروسەمەرەیە کە برێکجار تێبینی ئەوە دەکرێ کە جێگەی مەترسییە هەتا چاویشت پێیان بکەوێ. چیانشینەکان جیاوازن لە

هاونیشتمانییه‌کانیان که له پێده‌شته‌کاندا ده‌ژین، ئه‌و چیانشینانه به پیشه ڕێگرن، به به‌رده‌وامی چالاکن و تاقه کاریان ئه‌وه‌یه که به دوای ده‌رفه‌تێکی شیاو دا ده‌گه‌ڕێن بۆ تالان و بڕۆیی. به‌شێوه‌یه‌کی گشتیی پێکهاته‌یان به‌هێزه ،چالاك و جه‌سوورن. ڕیشێکی پڕ چه‌نگه و خوارووی گۆنایان داده‌پۆشێ به‌لام به ده‌گمه‌ن لێده‌گه‌ڕێن ئه‌و هێنده درێژ ببێ. سمێڵێکی ڕه‌ش که جۆرێك له ناکۆکی له‌گه‌ڵ چاوی شین دروستده‌کات که وه‌کوو چاوی هه‌ڵۆ وایه و واپێده‌چێ هه‌میشه به‌دوای نێچیر و له‌رزه‌تی تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌دا بگه‌ڕێ. هه‌میشه چه‌کدار، له ماڵه‌وه ده‌مانچه‌یه‌ك، خه‌نجه‌رێك یان حه‌ربه‌یه‌ك و زرێپۆشێك هه‌ڵده‌گرن و کاتێکیش ده‌چنه ده‌ره‌وه هه‌میشه له‌گه‌ڵ خۆیانا ته‌ورێك یان ده‌مانچه‌یه‌ك یان رمێك له‌گه‌ڵ زرێپۆشێك هه‌ڵده‌گرن. نیشانه‌گه‌لی به‌هێزی و له‌شساغیی که به‌و ڕه‌نگه زه‌یتوونییه‌وه دیاری ده‌دا ئه‌وا پۆترێتی ئه‌و چیانشینانه ته‌واو ده‌کات و جاڕی ڕێگرێکی به‌هێز و سه‌رسه‌خت ده‌دات.

دوای ئه‌وه ئافره‌تی کورد دێت و ئه‌م تابلۆیه ته‌واو ده‌که‌ن که له ده‌ورانی گه‌نجایه‌تیاندا پێستی ڕووخساری ئه‌سمه‌ریان زیندوێتی لێوه‌ده‌تکێ و ڕووخۆشن و ده‌شێ به فریشته‌ی چیایان دابنێین، به‌لام هه‌رزوو ده‌بنه سوارچاك و له هه‌موو گه‌شته‌کانیاندا به‌گه‌ڵ هاوسه‌ره‌کانیان ده‌که‌ون و له سۆنگه‌ی شه‌که‌تی ژیانێکی کۆچه‌رییه‌وه هه‌ر زوو شۆخ و شه‌نگیان نامینێ. ئه‌فسوونی جوانییان به هه‌موو ناسکیانه‌وه له پانزه تا بیست ساڵی دایه و له بیست و پێنج ساڵیدا ئیدی له‌سه‌ر که‌وتن دان. هه‌میشه به‌سه‌ر پشتی ئه‌سپه‌وه‌ن، ته‌حه‌دای مێرده‌کانیان ده‌که‌ن له جه‌ساره‌ت و خێرایی ئه‌سپه‌کانیان و که‌م ئه‌سپ هه‌یه شان له شانی ئه‌سپی کوردستان بدات به تایبه‌ت له خێرایی به‌سه‌رکه‌وتن و هاتنه‌خواره‌وه‌ی گردۆلکه‌ی زۆر لێژاولێژ و سه‌ختدا. کورد عاشقی ڕاوه ئاسکن و به هه‌مان جۆش و حه‌ماسه‌ته‌وه ڕه‌دووی ئه‌م ئاژه‌ڵه ده‌که‌ون به‌بێ ئه‌وه‌ی بچووکترین حیساب بۆ سه‌ختیی زه‌وییه‌کانیان بکه‌ن، ئه‌سپه‌کانیان بارستیان له ئه‌سپی دیکه گه‌وره‌تره، سواربوونیان دڵنیاتره و زوو ماندوو نابن، جوانی و چالاکی و زیندوێتی یان لێوه ده‌بارێ.

من ناتوانم بە دڵنیاییەوە باسی دابەشبوونە جوگرافییەکانی کوردستان بکەم. لەناوەوەی ئەم وڵاتە کە زۆر نەناسراوەو هیچ گەڕۆکێکی ئەوروپی لەوانە نییە توانیبێتی ئەم چیاوچۆڵانە بەو ئاڕاستەیە ببڕێ کە ئێمە بڕیمان. لەگەڵ ئەمەشدا وا دیارە ئەم ناوچەیە لە کۆندا زۆر ناسراو بووە، ئەگەر بمانەوێ پشت بەو پارە زێڕ و زیوە یۆنانی و ڕۆمانییە ببەستین کە لەو وڵاتە دەبینرێ و دانیشتوانەکەی زۆربەی جار بۆ خۆ جوانکردنی ژنان و منداڵان بەکاری دەهێنن. ئەمڕۆ بەشێکی کوردستان سەر بە تورکیا و بەشێکی دیکەشی سەر بە ئێرانە و دابەشی سەر چەندین حکومەتی چکۆڵە کراوە کە لە لایەن پاشایەکانیەوە کە لە پلەی پاشایەتی یەکدان حوکمڕانی دەکرێن و تەنها بەشێوەیەکی ڕواڵەتی ددان بە دەسەڵاتی سەرۆکەکانیان دادەنێن لێرە و لەوێ بەردەوام لەناو خۆیاندا لە شەڕدان و جیاوازیەکانیان بە دەستی شمشێرەوە چارەسەر دەکەن و کێشە و ناکۆکی بە میرات بۆ هۆزەکانیان بەجێدەهێڵن و ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە بۆ ئەوانەی دوای خۆیان دەگوازنەوە. تاڵان و بڕۆیی بەوپێیەی بەرنامەی ڕۆژیانە و ئەم حاڵەتی پاشاگەردانییە دەبێتە بیانووی زۆر تاوانکاری و وەك چۆن کوردەکان تاڵانچی پیشەکارن و کاراکتەری تۆڵەسەندنەوەیان هەیە، خوێناوی و شەڕانین، بۆیە ژیانی حکومەتەکانیان هیچ تاسیرێکی وا لەسەر ژیانی ئاسایی ئەوان دانانێ.

هەرچەندە ئەو چیایانە بە مانای تەواوی وشەکە کۆتاییان بەو ڕێڕەوە دەهێنا کە دەگەیشتەوە کۆیسنجاق، بەڵام تەواوی ڕۆژی ١٣ ی مانگ و ١٤ ی مانگیش تاوەکو نیوەڕۆ هەر بەسەر ئەو گردۆلکە بەردینانەدا ڕۆیشتین کە پێدەشتێکی پان و بەرین و ڕێگەیەکی سەخت و مەترسیدار دەیبڕی. دزەکان چەندینجار هاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی کاروانی پێشەوەمان بوەستێنن، بەڵام ئێمە ئەوهێندە هێزەمان هەبوو تا ئەوەی وەڵامیان بدەینەوە و ئەوهێندەش جانتامان پێنەبوو تا چاوچنۆکی ئەوان بوروژێنین. بە بێ هیچ ڕووداوێك گەیشتینە ئەربیل، ئەربیلای کۆن و دوای ئەوەی بەناو بازاڕ و شەقامی زۆر پێس و پۆخڵدا ڕەتبووین، ئێمەیان بردە ناو جوانترین ماڵی شارەکە. ئاسان بوو کە ببینرێ وێرای ئەو پێشوازییە گەرمییەی کە لێیان کردین، هاوڕێگە جۆرجییەکەمان، کۆیلەی گوێڕایەڵی پاشای بەغدا، پێی وابوو بە گوێرەی پێویست پێشوازیان لێنەکردووە. ڕۆڵی

کەسایەتیەکی گەورەی گێڕا و بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی بێدەنگیەکی زۆری هەڵبژارد و تەحەفوزێکی لووتبەرزانەی نیشاندا و ڕەفزی ئەو لەباوەشگرتنە دۆستانەیەی کردەوە کە حاکمی شار ویستی بۆ ڕازیکردنی دۆستایەتی ئەو نیشانی بدات. ئەم زیارەتە بە گوێرەی ڕێوڕەسمی ئەتەکێتخوازی دواکەتوو بوو. جۆرجیەکە لە هەڵسوکەوتی حاکم هەستی بە سووکایەتی کرد کە حاکم نەهاتبووە دەرەوەی شار بۆ پێشوازیکردنی و مەراسیمی ڕێزلێنان و سڵاو بۆکردنی بۆ نەکرد لەکاتی گەیشتنیدا، کە ئەمە ڕێزلێنانێکە پێم وایە زۆر لە پایەی جۆرجییەکە گەورەترە. حاکم بە ساردییەوە خزمەتی نێردراوی داود ئەفەندی کرد و زۆر لەسەر هەق بوو و ترسی لە ئەنجامی ئەو هەڵە سیاسییە بوو، بۆیە هەوڵیدا ئەو کەسایەتییە گرینگە هێور بکاتەوە بەوەی مەرایی بۆ ستایشیکردنی بکات.

دوای ئاشتەوایی و لە ئەنجامدا وتوێژ لەنێوان ئەو سەرۆکە بەجەرگانە، حاکم هەموو لەشکرەکانی ئۆردوو و پیاوانی وڵاتی لەناو ئەو گۆرەپانە کۆکردنەوە کە لەوماڵەدا بوو کە ئێمەی تێدابووین و دوای ئەوی چەند تەقەیەك بە ئاسماندا کران، ئەو فرمانەی سوڵتانی گەورە خوێندرایەوە کە تێیدا داود ئەفەندی کراوە بە پاشای بەغدا. هەموو پیرۆزباییان لەیەك کرد و دەستی یەکیان گرتبوو و شاییێکی خۆشی هێمنیان دەستپێکرد و لەگەڵ گۆرانیەکی بە منگەمنگ و بێزارکەر کە سەرۆکی ئاهەنگەکە پێشکەشی دەکرد. ئاسان بوو ببینرێ کە ئەم دیاردەگەلی خۆنیشاندانانە لە دڵەوە نییە، هەندێکیان تەنها ئاهەنگ دەگێڕن بۆ گۆڕینی ستەمکارێك بە ستەمکارێکی دیکە، کە ئەمە گۆڕانێکە لێرە لە ڕۆژهەڵاتدا لەسەر حیسابی حاکمەکان دەبێ، چونکە خەڵك لە دەسەڵاتدا شوێنەکە بە دەستکەوت دەزانن و جێیناهێڵن تەنها ئەوکاتە نەبێ کە سەریان بپەڕێ. ناوە ناوە خەڵکی ڕەشۆك دەهاتنە ناو ئاهەنگەکە و هیتافیان دەکێشا. هەرکاتێکیش دەنگیان زۆر بەرز نەبوایە خەڵکانێك بەبیانووی پاراستنی ڕیزەکانەوە شانی خەڵکەکانیان لە ڕاست و چەپ دەجولاند تا ئەوەی زۆر بەرزتر هاوار بکەن. لە کۆتایی شاییەکە بەشێوەیەکی نارێك و پێك بە هەموو چەك و چۆڵ و دەمانچەکانی ئۆردووەکە تەقە بە ئاسماندا دەکرا و جا وەك چۆن زۆربەی ئەم چەکانە فیشەکیان تێدابوو، خۆشبەختانە هیچ ڕووداوێك ڕوویان نەدا.

وەختایەك ئاهەنگ گێڕانەکە کۆتایی هات، بەدبەختی ئەوەم بوو وەکوو ئەوروپیەك ناسێنرام و هەر دەموودەست هەموو نەخۆش و پەککەوتەکانی شارەکە هوروژمیان بۆ هێنام کە لایان وابوو من چاکیان دەکەمەوە و شاشبوون و باوەڕیان پێم نەکرد کە من ئاماژەم بۆ شمشێر و دەمانچەکەم کرد کە پیشەی من کوشتنە نەك چاککردنەوە. یەکێك لەنێویاندا پێی داگرت کە من ڕۆڵی "بەزۆر کراوە بە دوکتۆر"[6] ببینم و هەموو نەخۆشەکانی لێم دوورخستەوە و پێی وتم کە ئەو هەقی بووە بیانووەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لێیان ڕزگاری ببێ و خۆی وەك پیاوێکی گرینگ و لەسەر ئاستی حاکمی شار ناساند و داوای لێکردم ڕای خۆم لەسەر ئەو نەخۆشیەی بدەم کە وەسپی کرد و ئەو چاك دەزانێ کەوا ئەوروپییەکان و بە تایبەتی ئینگلیزەکان لە پزیشکەوانیدا زانستکارن هەتا ناوی چەند ژمارەیەك لە کاربەدەستانی ئێمەی هێنا کە ئەوانە پزیشکەگەلی کارامە و زیرەکن و هەتا ئاماژەی بە ڕیشی درێژی یەکێکیان و جدیەتی ئەو کرد لە مامەڵەکردندا. ئیدی هیچ دەرفەتێکم لەبەردەمدا بۆ نەمایەوە بۆ ئەوەی خۆمی لێ ڕزگار بکەم و لە ترسی ئەوەی نەوەکا هەیبەت و قیمەتی خۆم وەکو ئینگلیزێك لە دەست بدەم و لەبەر ئەوەش کە حەزم نەدەکرد ڕۆڵی پزیشك یاری بکەم، ئامۆژگاریم کرد تا سەفەری بەغدا بکات بۆ عەملیاتێك کە دەمزانی نەخۆشیەکەی پێویستیەتی و بۆ ئەوەی خۆم لە دەست ئیلحاحکردنی ڕزگار بکەم ژەمێك لەو دەرمانانەی کە پێم بوو دامێ.، پاشان داوای لێکردم چارەسەرێکی بۆ لاوازی یەکێك لە ئۆرگانە دیاریکراوەکانی بۆ بدۆزمەوە، دەزانم هیچ شتێك نییە لە جیهان چارەسەری ئەمە بکات، پێم گوت کە من نازانم و بە هیچ شێوەیەك نازانم دەرمانێك بۆ چارەسەری ئەم لاوازی و بێتواناییە هەبێت. کاتێك ئەوەم پێگوت، پێی گوتم کەوا دەرمانەکەم تاقیدەکاتەوە بەڵام چیتر باوەڕی بە زانایی من نەکرد.

ئێوارە داوەتی خواردنێکی شاهانە کراین کە بەلای کەمییەوە چل جۆر خواردنی هەمەچەشنەی تێدابوو. کوڕگەلی حاکم پێشکەش بە میوانەکان کران بۆ ناسینیان و پاشان چیڕۆکگێڕەوە و دواتر مۆسیقازانەکان کە بۆ خۆشی ئێمە هاتبوون پێشکەشکران. بەو پێیەی کە بە قورسی لە مانای گشتی ئەوە دەگەیشتم کە بە تایبەتی پێیان دەوتم، بە ئاسانی گریمانەی ئەوەیان کرد کە من هیچ

[6] ئاماژەیە بە شانۆنامە بەناوبانگەکەی مۆلییێر (بەزۆر کراوە بە دوکتۆر).

خۆشیەك لە گوێگرتنی چیرۆك گەلێك نابینم كە بابەتەكانی بۆ من نادیارن و ناتوانم تێیان بگەم. هەرچی تایبەت بە مۆسیقاكە بوو ئەو هێندە سەرەتایی و نەشاز بوو كە تەنها گوێچكەی توركی دەیتوانی بە دڵی بێت و بە سروودی شاعیرە

(Les Kurdes.)

پەڕەمووچی چەند كوردێكی چەكدار

گەڕۆكەكانی ناوچەكانی باشووری فرانسا دەچوو كە لە ئاواییەكی لۆنگدۆكی* (باشووری) ئەو وڵاتە گوێبیستی بووبووم.، بەڵام جیاوازیان زۆر بوو و مۆسیقاكە زۆر لە خوارووتر بوو. لەگەڵ ئەوشدا هاوڕێییەكانم خۆشنوود بوون و بە بێ پەشیمانبوونەوە وەكو باجی سوپاسگوزاری و پێزانینی ئەو پێشوازییەی كە لێوەیان كردم چەپەڵەم بۆ لێدان. توركەكان وەك ئاسیاییەكان هەستیار نین لەبەرانبەر سازانیی ئاواز و وەبیرم دێ كە لە یەكێك لە ئاهەنگە گشتییەكان و لە دەرباری نیزامدا، وەختایەك گروپی مۆسیقای سەربازی ئێمە یەكێك لە جوانترین

* Languedoc

سەمفۆنییەکانی دەژەنی، داوایان لێکرد ئەو مۆسیقایە دووبارە بکاتەوە کە پێشتر ژەنیبووی و تەنها سازانێکی ئامێرەکان بوو و بەس.

دوای ئەوەی میوانەکان ڕۆیشتن، خۆم ئامادەکرد لەسەر ئەو قاڵی و ئەم بالیفەی ناو هۆڵەکە بخەوم کە ئێوارە نانمان تێدا خوارد، وەختایەك تەتەرە چەپەڵەکە هات و داوای لێکردم تا بچمە ژوورێکی دیکە لە نهۆمی خوارەوە. سەرەتا وای بۆ چووم کە ئەو هۆڵەی ئێمەی لێبوو بۆ کاری دیکە تەرخانکراوە و لەسەر ئەوە بووم دەربچم، زانیم کەوا ویستوویانە من بگوازنەوە تەنها بۆ ئەوەی جوانترین بینایەکە بۆ هاوەڵە جۆرجیەکەمان بەجێبهێڵن، هەستم بە تووڕەیی کرد بەو ئیهانەکردنەم، بۆیە وێڕای ئەو هاوارانەی کە دژی من بەرزبوونەوە کەچی من ئەو شوێنەم هەڵبژارد کە بۆ من ئاسوودەتر بوو و بە ئارامی تێیدا خەوتم. لەوانەیە بڕێکیان ڕەخنەیان لە هەڵسوکەوتی من بووبێ و منیان بە کەم ئەدەب و نەزاکەت دانابێ، بەڵام تاقیکردنەوەم لەگەڵ سروشتی ئاسیاییەکان، فێریان کردم کە ئەگەر ئەم دەرفەتە لە دەست بدەم ئەوا هەیبەت و ئەو مەرتەبەیە لە دەست دەدەم کە لە نەفسیەتی ئەواندا هەمە. لەو دەروناوچانەی کە باڵادەستیی قانوون ناناسن، ئەگەر نەوازش و خاکڕایی خۆت نیشان بدەی، ئەوان ئەوە یان بۆ ترس یان بۆ هەستکردن بە کەمیی خۆت دەگێڕنەوە. بەو پێیەی کە شەرەف ئەوەم هەبوو لە حزووری پاشادا دابنیشم، وەختایەك ئەم کۆیلە پیسە هێشتا بە کۆیلەش قەبووڵ نەکرابوو، بۆیە لەوە بێگومانم کە لە خەیاڵدانی هاوڕێکانم وا هێمام بۆ دەکەن کە لە مەرتەبەیەکدا بم کە بۆ من گرینگە لەو مەرتەبەیە نەیەمە خوارەوە.

ئەربیل، ئەربیلای کۆن بەو جەنگەی کە ئەو ناوەی هەڵگرتووە، وێڕای ئەوەی کە جەنگەکە لە دوورییەکی لەو دوورتر ڕوویداوە و بەو پەنا بردنەی کە داریۆش دوای شکستەهێنانەکەی پەنای بۆ بردووە، بەناوبانگ بووە. ئەربیل، شارێکی ناشرین و پیس و پۆخڵە و ناوەڕاستەکەی پاشماوەی قەڵایەکی لێیە کە ڕووخاوە. هەروەها دەکەوێتە سەر ئەو بەرزییە دەستکردەی کە دەڕوانێتە سەر پێدەشتەکە. بەچاو وەکوو بارستێکی بێشوماری کەلاوە و کەرەسەی بەسەریەکداکراو دیارە. دانیشتوانەکەی بریتین لە مەسیحی، عەرەب، تورك، کورد، جوولەکە و ئێزیدی یان

شه‌یتان په‌رسته‌كان. له‌ ئه‌ربیل جۆره‌ په‌تووییێكی گه‌وره‌ دروست ده‌كه‌ن كه‌ ناسراوه‌ به‌وه‌ی به‌رگری له‌ شیّ ده‌كات.

له‌ پانزه‌ی مانگ به‌یانییه‌كه‌ی ئه‌ربیل–مان به‌جێهێشت و حاكم بۆ خۆی له‌گه‌ڵ یه‌كێك له‌ پاسه‌وانه‌كانی شه‌ره‌ف بۆ ماوه‌ی سیّ میل هاوه‌ڵی كردین و به‌ رێزلێنانێكی گه‌لێك زۆره‌وه‌ ئیزنی له‌ جۆرجییه‌كه‌مان خواست به‌ بیّ ئه‌وه‌ی به‌ باقی هاوڕێكانم بڵیّ ماڵئاوا. دوای ئه‌وه‌ی ماوه‌ی پێنج كاتژمێر به‌ناو پێده‌شتێكدا رۆیشتین كه‌ برێك گردۆلكه‌ی هه‌بوو، گه‌یشتینه‌ زێی گه‌وره‌ و هۆزێكی چكۆڵه‌ی ئیزێدی (شه‌یتان په‌رسته‌كان)مان بینی كه‌ یاریده‌یان به‌سه‌ر قه‌میشی به‌ستراو به‌ پێستی مه‌ڕی فووكراو به‌ هه‌وا ئێمه‌یان په‌ڕانده‌وه‌. ئه‌وانه‌ هه‌ر ته‌واوێك ڕووت و قووت بوون، هه‌ژار و كڵۆڵ دیاربوون و له‌ كه‌ناری ئه‌م ڕووباره‌ ده‌ژیان بۆ په‌راندنه‌وه‌ی گه‌رۆكه‌كان و كارامه‌ییه‌كی زۆر گه‌وره‌یان نیشاندا له‌ په‌ڕاندنه‌وه‌ی ئه‌سپه‌كانمان.، هه‌تا منداڵه‌ بچكۆڵه‌كانیان دوو یان سیّ ئه‌سپیان زۆر به‌ ئاسانی ده‌په‌ڕانده‌وه‌، ته‌نها تاقه‌ ئه‌سپێكمان له‌ ده‌ستدا كه‌ دوای ئه‌وه‌ی خه‌ریك بوو بگاته‌ ئه‌وبه‌ر كه‌چی ویستی بگه‌ڕێته‌وه‌ دواوه‌. كاتێك هه‌موومان گه‌یشتینه‌ ئه‌وبه‌ری زێیه‌كه‌، له‌كاتی ئه‌وه‌ی خه‌ریكبوو بچمه‌ سه‌ر پشتی ئه‌سپه‌كه‌م، كه‌سێكی نامۆ ئه‌سپه‌كه‌ی گرتم و داوای به‌خشیشی لێكردم، برێك پاره‌ به‌س بوو به‌ڵام لام نه‌بوو. قرۆشێكم دایێ، به‌چاوێكی سووكه‌وه‌ قرۆشه‌كه‌ی دامه‌وه‌ و داوای زیاتری لێكردم، منیش قرۆشه‌كه‌م وه‌رگرته‌وه‌ و به‌ هێمنی خستمه‌وه‌ گیرفانمه‌وه‌. ئه‌و چاوه‌ڕوانی ئه‌و هه‌ڵوێسته‌ی له‌ من نه‌ده‌كرد و ویستی لغاوی ئه‌سپه‌كه‌م بگریّ و هه‌وڵیدا بمهێنێته‌ خواره‌وه‌ و به‌ كافر و مه‌سیحی سه‌گ بانگی كردم، منیش به‌ ده‌سكی قامچیه‌كه‌م لێم دا و به‌رم دایه‌وه‌ هاوڕێكانم به‌م نمایشه‌ زۆر پێكه‌نین و پێیان گووت كه‌ ئه‌و من ناناسیّ و من مه‌سیحی نیم به‌ڵكو ئینگلیزم. ئه‌مه‌ ده‌ستنیشانكردنێكی زۆر سه‌یر و سه‌مه‌ره‌ بوو بۆ من.

پانایی زێی گه‌وره‌ سێسه‌د پیّ یه‌ و له‌م وه‌رزی ساڵدا قووڵ و زۆر تیژڕۆ بوو. پاشان پێده‌شتێكمان بڕی كه‌ له‌ پێده‌شتی پێشوو ده‌چوو، دوای ئه‌وه‌ی له‌م ڕۆژه‌دا نزیكه‌ی چل و دوو میلمان بڕی گه‌یشتینه‌ قه‌ره‌قووش، ئاواییه‌كی گه‌وره‌ی زۆر پیس، به‌شێكی دانیشتوانه‌كه‌ی ئێزیدیه‌كانن. زۆر له‌ ماڵه‌كانی قوبه‌یه‌كی

بچووکیان لە ناوەڕاستدایە کە ئەمە ڕووکارێکی جیاکەرەوەی بەم ناوچەیە بەخشیوە. دانیشتوانەکەی شەرافەتمەند دیارن و باری گوزەرانیان چاکە، پیاوەکانیان توند تۆڵ و مکومن و ژنەکانیان تا دوا ڕادە جوانن. لەگەڵ ئەوەشدا کە من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە زانیارییەکانی کاپیتان ماکدۆنالد کینەر[7] بەگشتی زۆر وردن، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێم کە من تێنەگەیشتم بۆچی کینەر ئەم گوندەی بە مەمیومی کۆن* دادەنێ، قەرەقووش بەلای زۆرییەوە چل و دوو میل لە ئەربیل دوورە، لە کاتێکدا ئاوایی مەمیوم بەلای ئەوەوە خۆی بە ماوەی چوار ڕۆژ دادەنێ کە بەلای کەمییەوە بە کەمتر لە هەشتا میل ناخەملێندرێ.

لە قەرەقووش تەتەرەکەم بەتەواوی پەردەی لەسەر خۆی هەڵماڵی، بۆ ئەوەی لەبەرچاوی برێك لە هاوڕێکانم وەکوو نموونەی ئاغڕیی خۆی نیشان بدات. پیاوە گەبجارەکە لە مەنزڵ خانە خۆی خزاندە ناو ژوورێکی تایبەت لەگەڵ چوار لە هاوڕێیە سەرەکیەکانمان بە مەبەستی شەراب خواردنەوە تا سەرخۆش بوون بە هەمان ئەو ئاستە جدییەی کە نوێژەکانی تێدا دەکات. بۆ بەدبەختی، یان بۆ ئەوەی باشتر بلێم بۆ خۆشبەختیی، شەرابیان کەمبووە و بۆ ئەوەی بتوانن پرۆژەکەیان جێبەجێبکەن، وەك ئەوەی چیتر شەراب لەناو شاردا نابینن، ناچار دەبن بچن بخەون پێش ئەوەی بە ڕەوشی خۆشنوودی سەرخۆشیان بگەن کە بە نیاز بوون بەسەری ببەن.

لە ١٦ ی مانگ، بەوەی بەسەر پشتی ئەسپگەلی چاك و نایاب کەوتین و بۆنی شەراب کە پێنج لە هاوڕێیەکانمان شەوی پێشتر خواردبوویانەوە هێشتا تەواو

---

[7] مەبەست لەوە ئەو سەفەرنامەی کینەرە کە ساڵی ١٨١٨ لە لەندەن بە ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە:

John Macdonald Kinneir, Journey through Asia Minor, Armenia, and Koordistan, in the years 1813 and 1814 ; with remarks on the marches of Alexander and retreat of the Ten Thousand. London : John Murray, 1818, 1 vol. (XII-603 p.)

* Memmium

نه‌بووبوو، وایان لێکردین که‌ به‌ خێراییه‌کی زۆر سه‌فه‌ر بکه‌ین که‌ له‌سه‌فه‌ره‌کانی پێشووماندا نه‌مانبینیوو.، وه‌ك تووڕه‌ ڕایان ده‌کرد، به‌ به‌رده‌وام قامچیان له‌ ئه‌سپه‌کانیان و ئه‌سپه‌کانی دیکه‌ ده‌دا بۆ ئه‌وه‌ی خێراتر بڕۆن و به‌رده‌وام به‌ هه‌نگاوی گه‌وره‌، به‌ نزیکه‌ی کاتژمێر و نیوێك گه‌یشتینه‌ مووسڵ، هه‌رچه‌نده‌ ماوه‌که‌ به‌گوێره‌ی نه‌خشه‌کان پانزه‌ میل ده‌بێت.

(ماویه‌تی)

سه‌رچاوه‌:

William Heude, *Voyage de la côte de Malabar à Constantinople par le golfe Persique, l'Arabie, la Mésopotamie, le Kourdistan et la Turquie d'Asie, fait en 1817 par William Heude*. Traduit de l'anglais par le traducteur du voyage de Maxwell, Paris : Gide fils, 1820, pp: 263-302

گه‌شتی ولیام هوید بۆ كوردستان (١٨١٧)

وه‌رگێڕانی له‌ فڕانسییه‌وه‌:
د. نه‌جاتی عه‌بدوڵڵا*

ئه‌ڵقه‌ی دووه‌م و كۆتایی

ولیام هوید ساڵی ١٨١٧ هاتۆته‌ كوردستانی عوسمانی و سه‌فه‌رنامه‌كه‌ی بۆ یه‌كه‌م جار ساڵی ١٨١٩ له‌ له‌نده‌ن به‌ زمانی ئینگلیزی بڵاو كردۆته‌وه‌ و دواتر ساڵی ١٨٢٠ سه‌فه‌رنامه‌كه‌ كراوه‌ به‌ فره‌نسی و له‌ پاریس بڵاوكراوه‌ته‌وه‌ و هه‌ر سێ به‌شی كۆتایی سه‌فه‌رنامه‌كه‌ هه‌مووی تایبه‌تن به‌ كوردستان. له‌م سه‌فه‌رنامه‌یه‌دا هه‌ر سێ به‌شی سه‌فه‌رنامه‌كه‌ كراونه‌ته‌ كوردی و له‌ ژماره‌ (١٩) ی گۆڤاری ئه‌كادیمیای كوردی ئه‌ڵقه‌ی یه‌كه‌می ئه‌م سه‌فه‌رنامه‌یه‌ بڵاوكرایه‌وه‌ كه‌ وه‌رگێڕاوی كوردیی به‌شی یانزه‌هه‌می ئه‌م سه‌فه‌رنامه‌یه‌ بوو، وا له‌م ژماره‌یه‌دا به‌شی دوانزه‌هه‌م و سیانزه‌می ئه‌م سه‌فه‌رنامه‌یه‌ وه‌كو ئه‌ڵقه‌ی دووه‌م و كۆتایی ئه‌م سه‌فه‌رنامه‌یه‌ بڵاو ده‌كه‌ینه‌وه‌ كه‌ به‌سه‌ریه‌كه‌وه‌ بریتین له‌ كۆی ئه‌و به‌شانه‌ی سه‌فه‌رنامه‌كه‌ كه‌ ته‌رخانی كوردستان كراون.

به‌شی دوانزه‌م

پاشماوه‌كانی نه‌ینه‌وای كۆن–گۆڕی یۆحه‌ننا– وه‌سپی مووسڵ– سه‌فه‌ر به‌ناو بیابانی بچووك بۆ نه‌سیبین– گه‌یشتن بۆ ماردین– وه‌سپی شاره‌كه‌– ورده‌كاری له‌باره‌ی ئێزیدییه‌كان یان شه‌یتان په‌رسته‌كان.

به‌شێوه‌یه‌كی گشتیی وا دێته‌ به‌رچاو كه‌ مووسڵ كه‌وتبێته‌ به‌رانبه‌ر ئه‌و شوێنه‌ی كه‌ جاران نه‌ینه‌وای به‌ناوبانگی لێ بووه‌. ئه‌م شاره‌ كه‌وتۆته‌ سه‌ر

* ئه‌ندامی كارای ئه‌كادیمیای كوردی.

کەناری ڕۆژئاوای دیجلە، نزیکەی چوارسەد میل لە بەغداوە دوورە.، بە پردێکی پانزە کەوانەیی پێی دەگەین بەڵام چونکە پێنج کەوانەی ناوەڕاستەکەی داڕمابوون، ڕووبارەکەمان بە کەلەکێکی دارین بڕی. من نازانم ئەوە دووپات بکەمەوە داخۆ بەرزاییەکانی زەوی و ئەو کەرەستەگەلە نەناسراوانەی کە لەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتیدا دەبینرێن بەشێك بوونە لەو شارە گەورەیەی کەوا گریمانە دەکرێ لەم شوێنەدا دامەزرابێ. بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم ڕایە دەبێ زانیاری زۆر فراوانتر پشتئەستوور بە بەڵگەوە لەبەردەست دابێ. بەڵام ئەوەی جێگەی گومان نییە کەوا لە مەودایەکی زۆر کەمی شارەکەدا، چەند بەرزاییەکی بێ شومار دەبینرێ کە پێدەچێ دەستکرد بن و بەزۆری لە کەلاوەکانی بابل دەچن. یەکەمیان نزیکەی یەك میل لە مووسڵەوە دوورە و لەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتی دیجلەیە و چێوەکەی نزیکەی یەك میل دەبێت. دووەمیان زۆر بەرزترە، بەڵام کەمتر فراوانترە و بینایەکی بەسەرەوەیە کە قوبەیەکی بەسەرەوەیە و دەڵێن گڵکۆی پێغەمبەر یۆحەننایە و جوولەکەکان زیارەتی دەکەن و ئاواییەکی بە دەورەوەیە بەناوی کۆنی شارەکە کە وا باوەڕ دەکرێ ئەمە پاشماوەی شارەکە بووبێت. ڕێبەرەکەم دڵنیای کردمەوە کەوا بەرزایی لەو شێوەیە لە پێدەشتەکە بۆ ماوەی چەندین میل دەبینرێ و بڕێك کووخی نیشان دام کە لەسەر زەوییێکی بەرز دەبینرێ، لە بەسەرکەوتنی بە ئاڕاستەی ڕووبارەکە، وەك ئەوەی بە ئاڕاستەی ئەو بەرزاییانە بن کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی نادر شا.

پێم وایە زانایەکان سەرقاڵی ئەوەن بە وردی ئەو شوێنە دیاری بکەن کە جاران ئەم شارەی لەسەر بینا کراوە. بیروڕایەکان دابەش بووە لەنێوان ئەوەی کە ئەم بەرزاییانەی کە کەوتوتە بەرانبەر مووسڵ و ئەو شوێنەی کە گۆڕی پێغەمبەر یۆحەننای لێیە و دەوروبەری ئاواییەکی چکۆڵە کە بڕێك لە کووخەکانیان پێ نیشان دام. بەڵام ئەگەر بە وردی تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو شارانەی لەسەر کەناری ڕووبارێك دروستدەکرێن بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو ئاڕاستەیە دەگرێ کە شەقامەکانی بە ئاڕاستەی ئاوەڕۆکە دەبن و نەینەوا هەمیشە وەکو شارێکی گەورەی بێ شومار نیشاندراوە، بۆیە هیچ شیمانەی ئەوە ناکرێ کەوا ئەم دوو ڕایە لەسەر بنەمایەك هەڵنراین و ئەم شارە گەورەیە ڕووبەرێکی ١٨ میل زەوی بە

درێـژایی ڕووباره‌كـه ده‌گرێتـه‌وه. جـا ئه‌گـه‌ر لـه لای مووسـڵه‌وه بـۆی بـچین به‌شێوه‌یه‌كی سه‌ره‌كی ئه‌و به‌رزاییه كه‌ڵه‌كه‌بووه خۆڵییه ده‌دۆزینـه‌وه كـه ده‌كرێ گریمانه‌ی ئه‌وه بكرێ كـه كـه‌لاوه‌ی كۆشـك، پاشمـاوه‌ی دیـوار و بینـای سـه‌ره‌كی نه‌ینه‌وا بن. بـه پـشت به‌سـتن بـه‌م مه‌نتیقـه، ده‌كـرێ بـوترێ مووسـڵ لـه بنه‌وانـدا سنووری لای باشووری شاره‌كه پێكده‌هێنێ.

ئه‌م شاره له‌م ڕه‌وشه‌ی ئێسته‌یدا هێشتا شارێكی زۆر گه‌وره‌یه، وێـڕای ئـه‌وه‌ی كـه لـه‌كاتی له‌ناوچـوونیدا دیـواری بـه‌ردینی زۆر بـه‌رز ده‌وریـان داوه. پـێش گه‌مارۆدانی شاره‌كه كـه دواتـر قـسه‌ی له‌سـه‌ر ده‌كـه‌م، شـارێك بـووه وه‌ك ده‌ڵـێن بیست هه‌زار ماڵ بووه: سێ چـاره‌گی ڕووخـاوه و تـه‌نها نیـوه‌ی ئـه‌و ماڵانـه‌ی لـێ ماوه‌ته‌وه كه ئێسته‌كه ماون. به گریمانه‌كردنی شـه‌ش یـان حـه‌وت كـه‌س بـۆ هـه‌ر ماڵێك، دانیشتووانی شاره‌كه ده‌گاته چل تا چل و پێنج هه‌زار كه‌س: له‌وانه دوانزه هه‌زار مه‌سیحی كه سێزده كه‌نیسه‌یان هه‌یه و هه‌زار و شه‌شسه‌د ماڵن كه ماڵه‌كانی خراپ نـین. لـه‌ناوه‌وه‌ی شـاره‌كه كه‌لاوه‌گـه‌لی زۆری لێیـه، بـه‌ڵام بینایـه‌ی جـوانی نایابی تێدایـه، حـه‌مام و مزگـه‌وتی جـوانی لێیـه و حه‌مامـه‌كان لـه جـوانترین ئـه‌و حه‌مامه‌ن كه له ژیانمدا بینیبم، ڕووكاری ده‌ره‌وه‌ی له مه‌ڕمه‌ڕه و زۆر پاك و خاوێن و ناسـكن. لـه‌ناو ئـه‌و شـانزه مه‌نزلخانـه* (كاروانـسه‌را)یـه‌ی كـه هـه‌ن، ده یـان دوانزه‌یـان زۆر گـه‌وره‌ن و هـه‌موو شـتێك بـه گه‌ڕۆكـه‌كان ده‌ده‌ن كـه ئه‌مـه داب و نه‌ریتی خه‌ڵكی وڵاتی ڕۆژهه‌ڵاته.

دانیشتووانی شار زۆر له شاره‌كانی دیكه كراوه‌تـرن. ژنـه‌كان ئـه‌و هێنـده بـه خۆپارێزییه‌وه وه‌ك له به‌غدا وایه خۆیان داناپۆشن. بازرگـانی قـاڵی و ئه‌مرازگـه‌لی ئاسن و مـس و كه‌ره‌سـه‌ی ئه‌سپـسازی، شـێوه‌یه‌ك لـه شـێوه‌كانی ده‌وڵه‌مه‌نـدی و متمانه‌یـه‌ك نیـشان ده‌دات كـه لـه‌ناو هـه‌مان شـاره گـه‌وره‌كانی دیكـه‌دا نـابینرێ. مووسـڵ له‌گـه‌ڵ ناوچـه‌یه‌كی بـچكۆڵه‌ی ده‌وروبـه‌ری لـه‌ژێر حـوكمڕانی سـه‌ربه‌خۆی پاشایه‌كن له چینی یه‌كه‌م. ئه‌م شاره به بێهووده لـه لایـه‌ن نـادر شـا لـه ده‌ورانـی حـوكمڕانی حوسـێن پاشـا گـه‌مارۆ درا و مه‌سـیحییه‌كان بـه حه‌ماسـه‌تبازی و بوێرییه‌ك به‌شدارییان له به‌رگری شاره‌كه كرد كه بوو بـه مایـه‌ی ڕێـز و سه‌رسـامی

* Menzil-Khaneh

هەمووان کە تا ئێستەش هەر جێگەی ڕێزن. ئێرانییەکان بێهوودە لە کاتی گەماڕۆکەیاندا سێ ڕۆژ بە بەردەوامی پەلاماری شاریان دا کەچی هەمیشە هەر دوور دەخرانەوە و هەموو جارێك بە دۆڕاوی دەگەڕانەوە. هەرکاتێك درزێك لە شوورەی شارەکە بوایە هەر دەمودەست چاك دەکرایەوە. تورکەکان بە خەمساردییێکی زۆرەوە ڕایانگەیاند کە ئەوان پێیان باشترە سەری ژن و کچەکانیان ببڕن لەوەی بەجێیان بهێڵن ببنە دیلی دەستی ئەو گومڕا قێزلێبووانە.

چیایەکانی دەوروبەری مووسڵ بڕێك کانی زیو و چەندین پارچە بەردی مەڕمەڕی لێیە، جگە لەو دوو شتە، نازانم ئەگەر شتێکی دیکەی لێ بێت کە سەرنج ڕابکێشێ. ئەو ئێوارەیەی گەیشتینە ئەوێ ئێوارەیەکی خراپم بەسەر برد، تا ئەوەی بەیانییەکەی خۆم شوشت ئەوجا بە ئیشتیایەکی چاکەوە گەڕامەوە بۆ کاروانسەرا، بەڵام تەتەرەکەم بە بێ ئەوەی بایەخ بە من بدات چووە لای پاشا و هەرچی خزمەتکارەکان بوو، هەمان هەڵسوکەوتیان کرد و هەموو ئەو ئازووقەیەی کە نێردرابوو ماشیبووویانەوە و بچووکترین شتیان بۆ من نەهێشتبۆوە. ئەم پشتگوێخستنە هەستی برینداد کردم و وێڕای ئەوەی کە ئەم کلۆڵانە بە من پێدەکەنین. من بە تاك و تەنیام، هێشتا سەفەرێکی ناخۆشم لە پێشدایە لە گەڵیان، کەوایە هیچ دەمەقاڵییەك لەگەڵیان سوودی نییە.، بۆیە بەشوێن پلانە ئاساییەکەی خۆمدا چووم. ئەویش ئەوەبوو بۆیان بسەلمێنم کە من دەتوانم دەستبەرداری ئەوان ببم. چووم یەکێك لە خزمەتکارەکانی کاروانسەراکە کە لە ویستی چاکی دڵنیابووم راسپارد تا لەگەڵم بێت بۆ حەمام و دیارییەکی بچووکم پێشکەش کرد بەرانبەر بە خزمەتەکانی و داوام لێ کرد لەگەڵم بێت بۆ بازاڕ بۆ کڕینی بڕێك ئازووقە. ئەوەی پێویستم بوو بۆ ئامادەکردنی ژەمێکی نایاب کڕیم. لەکاتی هاتنەوەم بە ئازووقەوە، بینیم ئاپۆرای هاوڕێیەکان، هەموو خەڵکەکانمان بە مەیتەرەکەشەوە لە دەورم کۆبوونەوە و پاڵیان بەیەکەوە دەنا بەو هیوایەی کە بەشی خۆیان بەردەست بخەن. بەڵام پێم گوتن ئێوە نانی ئێوارەی خۆتان خواردووە وێڕای ئەوەی کە ئەوان ئەوەیان لەسەربوو چاوەڕوانیان دەکرد کە من لە نانی ئێوارەم ببمەوە چونکە ئینگلیز مل نادەن و لەگەڵ خەڵکی ڕەشۆك لەسەر مێز دانانیشن. خۆ ئەمە ئەگەر لە ڕواڵەتدا بڕێك گەبجاڕیشی تێدا بووبێت کە بۆ

شان و شکۆی من بوو، به‌ڵام بڕێك سوودیشم لێوه بینی له‌گه‌ڵ خه‌ڵکانێك که مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا ده‌که‌م. فه‌رمانم دا هه‌موو ئه‌و خواردنانه‌ی که بۆ خۆم کڕیبووم بیبه‌نه ژووره‌که‌م و جگه له خزمه‌تکاره خاکییه‌کانی کاروانسه‌را که به حه‌ماس و دڵسۆزییه‌وه خزمه‌تیان کرد به‌و هیوایه‌ی که به‌شیان ببێ له‌وه‌ی که ده‌مینێته‌وه، که‌سم به‌ده‌وره‌وه نه‌ما. کاتێك ته‌ته‌ره‌که‌م هاته‌وه هه‌ستی به تاسیری ئه‌م هه‌ڵسوکه‌وته‌ی من کرد و له پیاوه‌کانمان تووڕه بوو و داوای پۆزشت هێنانه‌وه‌ی بۆ کردم له‌وه‌ی که منیان پشتگوێ خستبوو.

له ١٧ ی مانگ، کاتژمێر ٥ ی ئێواره دوای ڕۆیشتنێك که دوو کاتژمێر و سێ چاره‌گی خایاند گه‌یشتینه ئاواییه‌کی چکۆڵه. گورزی قامچییه‌کان وه‌کو ئاسایی به‌سه‌ر هه‌موو خه‌ڵکی گوند که‌وت، به‌ڵام نه‌مانتوانی هیچ شتێك وه‌چنگ بخه‌ین. به‌ڕێ که‌وتینه‌وه و دوای ڕۆیشتنێکی دوو کاتژمێر ڕه‌شماڵێکی عه‌ره‌بیمان له بیابانێکی چکۆڵه‌ی درێژبوه‌ی نێوان مووسڵ و نه‌سیبیندا بینی و گیسکێکی چکۆڵه‌مان به‌رده‌ست که‌وت که هه‌ر ده‌موده‌ست هه‌ر له‌وێ سوورمان کرده‌وه. دوای ئه‌وه‌ی برسێتیمان نه‌ما به‌ڕێ که‌وتینه‌وه. کاتژمێر یانزه و نیو چاومان به هۆزێکی دیکه که‌وت به‌ڵام نه‌وه‌ستاین ته‌نیا ئه‌وه‌نده نه‌بێت که بۆ به‌رده‌ستکه‌وتنی ڕێبه‌ره‌کانمان پێویست بوو.

١٨ ی مانگ، ته‌واوی شه‌و ڕۆیشتین و تا به‌یانییه‌که‌ی ڕۆژی دواتر له‌سه‌ر که‌ناری ڕووبارێکی بچووك وه‌ستاین بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌سپه‌کانمان ئاو بده‌ین. له‌گه‌ڵ نیوه‌ڕۆ گه‌یشتینه نزیك گردێکی به‌رزی شێوه قووچه‌ك ڕێبه‌ره‌کانمان به‌سه‌ر که‌وتن بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و بڕه سواره بناسنه‌وه که له دووره‌وه دیار بوون. هه‌رچی من بووم جگه له خاڵێکی ڕه‌ش که‌وا دیار بوو (با) به‌ناو ته‌متومانێکدا که ئاسۆکه‌ی ته‌نیبوو ده‌یبرد هیچی ترم نه‌بینی. به‌ڵام چاوی ڕێبه‌ره‌کانمان به‌هێز و ڕاهاتوو بوون و به تاقیکردنه‌وه ده‌یانزانی که‌وا ئه‌م خاڵه هێنده نابات گه‌وره ده‌بێت و بڵاو ده‌بێته‌وه. له‌گه‌ڵ ئه‌و گه‌شتیارانه‌ی که له مووسڵه‌وه له‌گه‌ڵمان که‌وتبوون ئێمه نزیکه‌ی هه‌شتا پیاوی ته‌واو چه‌کدار بووین. به‌ڵام سنجاقه‌کان به‌شێوه‌یه‌کی ئاسایی که زۆربه‌ی جار له سه‌دان پیاو پێکدێن بۆ په‌لاماردان و له‌سه‌ر شێوه‌ی

دەستەی گەورە کۆدەبنەوە و تەتەرەکەمان بڕێك کەشافەی نارد، ئێمە بەسەر بەرزاییەکە کەوتین.

یەکەمەکان کە گەڕانەوە پێیان وتین خۆتان بۆ جەنگ ئامادە بکەن. دەمودەست هەندێك لە هاوڕێیەکانم دەستیان کرد بە هاواری جەنگ، بە شمشێرەکانیان لە دەمانچەکانیان دەدا بۆ ئەوەی بەهێزی هەرا و زەنا ئازایەتی وەبەرخۆیان بنێن. پێم وابوو کە ڕەوشەکە ڕێگەم پێ دەدات برێك لە ڕای خۆم دەربڕم و داوام لێ کردن بە تەواوی بێدەنگی بپارێزن و جانتاکانمان بەڕیز بکەن بە مەتەرێز لەو ناوچانەی کە مکوم نییە و دەکرێ دەرفەتی تێدا بقۆزرێتەوە. بەڵام ئەم ئامۆژگارییەم خەریك بوو ئەو ناوبانگە کەمەی ئازایەتییەی کە لە سوزا* بەردەستم خستبوو لە دەستی بدەم. هاوڕێکانم وا دیار بوو لایان وابوو کەوا هاتوهاوار چاکترین وەسیلەیە و نیشانەی ئازایەتییە. بەردەوام بوون لە هاتوهاوار، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە لەسەر زەوی دانیشتبوون و بە هێمنی بە پایپ جگەرەیان دەکێشا. نیو کاتژمێرێك بەم شێوەیە ماینەوە. ئەوکاتە بینیمان پاشماوەی کەشافەکانمان کە لە لایەن چەند سوارەیەکی دابڕاو لە فیرقەی سەرەکی سنجاقەکان دابڕابوون ڕەدوونرابوون بە هەڵەداوان گەڕانەوە، ئەو چەند سوارەیە تەنها ئەو کاتە وەستان کە ژمارەی ئێمە، یەکگرتوویی و هێزی شوێنی ئێمەیان بینی، ئەوکاتە بە سەلامون عەلەیکوم سڵاویان لێ کردین و بە هەڕاکردن کشانەوە و پێوەندییان بە فیرقەی سوپاکەی خۆیان کرد و زۆری نەبرد لەبەرچاو ون بوون.

دڵخۆش بووین بەوەی لە دوژمنێك رزگارمان بوو کە وای بۆ چووین بە ئازایەتی خۆمان ترساندمان. بەڕێ کەوتینەوە، دوای دوو کاتژمێر و نیو ڕۆیشتن، بینینی گرووپێکی دیکەی ڕێگر ناچاری کردین شوێنەکانمان لەنێوان ئەو کەلاوە زۆرانەی کە لە دەستەچەپمان بوو ڕێك بخەین. پێم وابوو ئەم کەلاوەیە تەنها کەلاوەی کاروانسەرایەکی گەورە بووە، چەندین لە هاوڕێیەکانم ئەوەیان بۆ دووپاتە کردمەوە کە جاران شارێکی گەورە لەم شوێنەدا بووە و لەم بارەیەوە چیرۆکی بێ

* Souza

سوودیان بۆ گێڕامه‌وه که هه‌میشه ئاماده‌ن له ده‌رفه‌تی هاوشێوه‌دا بیگێڕنه‌وه. له کاتژمێر چوار ڕۆیشتین و تا نیوه‌ی شه‌و هه‌ر به‌ڕێوه بووین.

دوای کاتژمێرێك له حه‌سانه‌وه، سواری پشتی ئه‌سپه‌کانمان بووینه‌وه و به وریاییه‌کی گه‌لێك زۆره‌وه ده‌چووینه پێشه‌وه، ته‌ته‌ره‌که‌مان قه‌ده‌غه‌ی کردبوو ورته له زارمان بێته ده‌ره‌وه و هه‌تا جگه‌ره‌کێشانیش قه‌ده‌غه بوو له ترسی ئه‌وه‌ی نه‌وه‌کا دووکه‌ڵی پایپه‌کانمان ڕۆیشتنی بێده‌نگمان به‌دیار بخات. له‌وه‌تای ۱۷ ی مانگه‌وه له کاتژمێر پێنجی ئێواره‌وه ئێمه به‌سه‌ر پشتی ئه‌سپه‌کانمانه‌وه بووین به نزیکه‌یی به بێ وه‌ستان و به‌بێ وه‌رگرتنی هیچ پشوویه‌ك و جگه له چه‌ند سه‌ڵکه پیازێك و پارچه‌یه‌ك نانی ڕه‌ش به‌ولاوه زیاترمان لا نه‌بوو. له به‌یانییه‌که‌ی ۱۹ ی مانگ ئه‌سپه‌که‌م له ماندوێتییان تاقه‌تی پڕۆکا و منی فڕێدایه ناو جۆبارێك و کاتێك ئێمه کاتژمێر ده و نیو له‌ناو ئاواییه‌کی په‌ڕپووت به‌ناوی ئاغا گهێلی* وه‌ستاین، هیوام خواست که ئه‌و هێنده کاته‌ی که له ڕۆژه‌که ماوه که‌مێك تێیدا بحه‌سێینه‌وه، به‌ڵام نیشانه‌ی ده‌رچوون هه‌ر ده‌موده‌ست ده‌رچوو و ده‌بوو بچینه‌وه سه‌ر پشتی ئه‌سپه‌کانمانه‌وه.

تا ئه‌و ساته له هه‌موو ڕۆیشتنه‌کانی گه‌شته‌که‌مدا زۆر که‌م ده‌رفه‌تی وام بووه گله‌یی له دانیشتووانی ئه‌و وڵاته بکه‌م که پیایدا تێپه‌ڕ ده‌بین. خۆ ئه‌گه‌ر برێك جاریش به‌ره‌ورووی هه‌ڵسوکه‌وتی وه‌ك پشتگوێخستن و بێڕێزی بووبمه‌وه ئه‌وا له لایه‌ن تورکی لووتبه‌رز یان له لایه‌ن ته‌ته‌ری نیمچه شارستان بووه که له‌گه‌ڵ کاروانه‌که‌ماندا بوون.، به‌ڵام ئه‌و ڕۆژه یارییه‌کیان له‌گه‌ڵدا کردم که زیانێکی زۆریان پێ گه‌یاندم. پۆتینه تورکییه‌کانم له ئه‌نجامی ئه‌و ڕووداوه‌ی که به‌سه‌ر مندا هات شێدار بوو بوو و ئه‌وه‌ێنده ته‌سك بووبۆوه که زانیم ئیدی ئه‌سته‌مه بتوانم له پێی بکه‌م. جووتیارێك، که یه‌کێك له ڕێبه‌ره‌کانمان بوو، ده‌موده‌ست جووتێك پێڵاوی کۆنی ته‌واو به‌کارهێنراوی پێشکه‌ش کردم و ئه‌وه‌ی خسته به‌رده‌مم که تاوه‌کو ماردین پووته‌که‌م بۆ هه‌ڵده‌گرێ. من هه‌میشه وریایی ئه‌وه‌م هه‌بوو که ئاگام له هه‌موو چه‌شنه فێڵکردنێك بێ، به‌ڵام جووتیاره چه‌په‌ڵه‌که به سیمای ده‌ستپاکیی خۆیه‌وه به‌شێوه‌یه‌ك ڕازی کردم و قرۆشێکیشم پێ دا چونکه بایه‌خی پێ دام.

* AgaGeheli

دوای ماوەیەك زانیم كەوا برایەكەی ئۆردووەكەی جێهێشتووە و پۆتینەكانی منیشی بردووە. یەخەیم گرت و لەسەر ئەوەبوو كە لەبەرامبەر ئەم فێڵڵێكردنە سزای بدەم كاتێك تەتەرەكەم منی گرت و وادەی پێ دام كە دادپەروەریم بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام وادەیەك كە هەرگیز جێبەجێ نەكرا.

دواجار لە كاتژمێر دە و نیوی ئێوارە، چووینە ناو كاروانسەرای دووگرووت* . شەومان لەوێدا بردە سەر و ٢٠ ی مانگ كاتژمێر شەش و نیوی بەیانی بەڕێ كەوتین. لە ڕێگە چاومان بە گرووپێكی تەتەر كەوت و پێشنیارمان كرد ئەسپەكانمان بگۆڕینەوە، بەڵام ئەوان ئەوهێنە زیرەك بوون كە تێنەكەون و دوای چوار كاتژمێر و نیو لە ڕۆیشتن گەیشتینە نەسیبین.

نەسیبین جگە لە پاشماوەی پەڕپووتی شارێك كە جاران بەرفراوانییەكی زۆری هەبووە چیتر نییە و كەوتۆتە سەر كەناری ڕووباری مەقدۆنیس** كە، ڕووبارێكی زۆر پان نییە بەڵام زۆر تیژڕۆیە لە لای باكوور شارەكە دەپارێزێ لە كاتێكدا لە لای باشوورەوە زۆنگاوێك دەیپارێزێ. ئێمە جگە لە كەلاوە هیچی ترمان تێدا نەبینی. پۆستەخانەكەی پیس و پۆخڵ بوو و باقی قەنتەرەكانی ئاو و بڕێك بینایەی دیكە هێشتا گرینگی كۆنی شارەكە نیشان دەدەن. بینایەكمان بینی كە پێدەچوو كۆشك یان قەڵایەك بووبێ، دیوارەكانی كونی زۆر گەورەیان تێدابوو، مزگەوتێك لە بەرد كە منارەیەكی بەسەرەوە بوو و پاشماوەی كەنیسەیەكی مەسیحی كە كاتی خۆی پێشكەش بە سانت–ژاك*** كرابوو. لە دوورابییەكی هێندە زۆر دوورنا لەم كەنیسەیە كە هێشتا پێنج ئەستوونی لە یەك بەرد هەڵكەنراوی هەبوو كە یەكێكیان پانزە تا هەژدە پێ بەرز بوو، لە سمتی چەپدا.

دوای ئەوەی بۆ نانی نیوەڕۆ و بۆ حەسانەوەمان نزیكەی كاتژمێرێك و چارەگێكی تێدا ماینەوە بەڕێ كەوتینەوە. دوای ئەوەی نزیكەی حەوت میلمان بڕی، كەلاوەگەلێكی بێ شومارمان بینی كە ڕێبەرەكانمان ناویان نابوو سەریكەخان**** و دواتر زانیمان كەوا ناوی ڕاستەقینە قەسری

* Dougrout
** Maygdonius
*** Saint-Jacques
**** Serika-Khan

جیهانه *. ئه‌م كه‌لاوه‌گه‌له‌ بیری ئه‌وه‌ ده‌دات كه‌ ئه‌مه‌ كه‌لاوه‌ی قه‌ڵایه‌كی به‌هێزی پانوپۆڕ بووه‌ كه‌ تا ئێستەكەش دیواره‌ پان و به‌رینه‌ به‌رزه‌كانی هه‌ر ماون. ئه‌وه‌یان بۆ دووپات كردمه‌وه‌ كه‌وا بیرێك له‌ ناوه‌ڕاسته‌كه‌یدا هه‌یه‌ كه‌ ئاوه‌كه‌ی زۆر سازگاره‌ و به‌ په‌یژه‌یه‌كی به‌ردین ده‌توانین بچینه‌ ناویه‌وه‌ كه‌ ئێسته‌ش به‌شێكی زۆری هه‌ر ماوه‌. شه‌و له‌ حه‌مووده ** ، ئاواییه‌كی زۆر بچووك كه‌ ده‌كه‌وێته‌ دووری چوار كاتژمێر له‌ نه‌سیبین ماینه‌وه‌.

٢١ ی مانگ، به‌یانیه‌كه‌ی كه‌لاوه‌ی مه‌زنی دارا-مان بینی كه‌ جاران شاری سه‌ر سنوور بووه‌ و گرینگییه‌كی زۆری هه‌بووه‌. كاپیتان ماكدۆنالد كینئه‌ر وه‌سپێكی وردی كردووه‌. دوای ڕۆیشتنێكی پێنج كاتژمێر و نیو گه‌یشتینه‌ ماردین كه‌ له‌ كۆندا پێیان وتووه‌ "ماردا". ئه‌م شاره‌ كه‌وتۆته‌ سه‌ر چیایه‌ك كه‌ به‌ ڕێگه‌یه‌كی سه‌خت و ته‌سك و ناخۆشدا ده‌كرێ بۆی بچین كه‌ له‌ كۆتاییه‌كه‌یدا هه‌ڵكه‌ندنی به‌رچاو ده‌بینین كه‌ له‌ به‌رد هه‌ڵكه‌ندراون.

حاكمی شار پێشوازییه‌كی گه‌رمی لێ كردین و منیش پێشوازیم له‌ دانیشتووانه‌ سه‌ره‌كیه‌ مه‌سیحییه‌كانی شاره‌كه‌ كرد كه‌ ئازادانه‌ شه‌راب و نانی زۆر چاكیان بۆ هێنام و پرسیارگه‌لێكی زۆریان لێ كردم له‌باره‌ی له‌شساغی قه‌شه‌كه‌یان و كاروباری گشتییه‌وه‌. دوای ئه‌وه‌ی ئه‌وان ده‌رچوون، هاوڕێكانم په‌له‌یان بوو به‌شی خۆیان له‌وه‌ی پێشكه‌شیان كردم وه‌ربگرن و به‌شێوه‌یه‌ك ده‌ستیان به‌ بوتڵه‌كه‌ داده‌هێنا قه‌ناعه‌تم به‌وه‌ هات كه‌ ئامانجیان ئه‌وه‌بوو بگه‌نه‌ ئه‌وه‌ی ته‌مه‌توع به‌ له‌ززه‌ت بكه‌ن كه‌ له‌ وڕێنه‌ی سه‌رخۆشیدا ده‌یبینن. توركه‌كان له‌م باره‌یه‌وه‌ بێ حه‌وسه‌ڵه‌ن و ئه‌وانه‌ كه‌ له‌ ڕووكاری ده‌ره‌وه‌دا گه‌وره‌ترین بێزلێبوونه‌وه‌یان بۆ هه‌موو چه‌شنه‌ شه‌رابێك ده‌رده‌بڕن و به‌ گشتی به‌وه‌نده‌ ده‌ستبه‌ردار ده‌بن كه‌ ئاوی سازگار بخۆنه‌وه‌.، به‌ڵام كاتێك ده‌رفه‌تی شیاویان بۆ بڕه‌خسێ ئه‌وا به‌ چڵێسییه‌وه‌ ده‌یقۆزنه‌وه‌.

شاری ماردین چێوه‌كه‌ی نزیكه‌ی سێ میله‌ و ده‌كه‌وێته‌ باشوور و به‌سه‌ر لێژاییه‌كی گردێكه‌وه‌یه‌ كه‌وتۆته‌ خوارووی قه‌ڵایه‌كی كۆن به‌ لووتكه‌ی

* Caissir-Jehan
** Hamouda

شاخێکەوەیە. شوورەیەکی بەردین دەوری شارەکەی داوە کە دەگاتەوە شوورەی قەلایەکە و نزیکەی هەموو خانووەکان لە بەرد دروست کراون، ئەمە لە ئەنجامدا وای کردووە لە هەموو ئەو شارانە جوانتر بێت کە تا ئێستەکە من بینیومن. شەقامەکانی سەخت و دژوارن بەلام زۆر خاوێنن، چۆنایەتی پاك و خاوێنییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شارێکی زۆر لێژە و کەمترین باران بارین هەموو قوڕ و لیتەیەك لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێ. ماردین بارەگای سەرەکی مەترانی مەسیحییە کاتۆلیکەکانە کە لە بەغدا بینیم و حاکمێك بەناوی موتەسەلیم کە لە لایەن پاشاوە دیاری دەکرێ حوکمڕانی شارەکە دەکات. هەرچی پێکهاتەکانی دیکەی دانیشتووانە بریتین لە مەسیحیی کاتۆلیك، نەستووری و ئەرمەنی.، تورك، عەرەب، جوولەکە و چەند بنەماڵەیەکی ئێرانی و ژمارەی دانیشتووانی بە ٢٠٠٠٠ کەس دەخەملێنرێ. دەوترێ کە موسڵمانەکان لەناو دوو هەزار ماڵ و مەسیحییەکان بە هەموو تایەفە جیاوازییەکانیانەوە لەناو هەزار ماڵدا دەژین (پلانشی ٥).

بەرلەوەی ماردین بەجێ بهێڵین دەبێ چەند شتێك دەربارەی ئێزیدییەکانی چیای شەنگاڵ بڵێین کە زۆر بە دەگمەن لە دەرەوەی ئەم شارەدا دەبینرێن. ئەوانە گرۆیەکی توندڕۆن کە بیابانە چکۆڵەکانی نێوان مووسڵ و نەسیبینیان گرتووە و بە شەیتان پەرست ناویان دەبەن. بەلام من پێم وایە ڕاستتر وایە بگوترێ کە ئەوانە تەنها هەوڵ دەدەن خۆیان لە تووڕەیی شەیتان بەدوور بگرن. من وای دەبینم کە ئەوان لە هەمان ڕەوشی ئەو ئافرەتە بەساڵاچووەدان کاتێك لەسەر شەرەفی جەلالەتی شەیتان مۆمێك دادەگیرسێنێ. " شەیتان ئەو هێندە خراپ نییە وەك ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن"، ئەوان وا دەڵێن و "چاکتر وایە لە هەموو شوێنێك هاوڕێیەکت هەبێت".

ئێمە شتێکی زۆر کەم لەبارەی عەقیدەی تایبەتییان دەزانین، چونکە تورکەکان تەنها ڕێگە بەو تایەفانە دەدەن کە کتێبی نووسراویان هەبێت، وەکو مەسیحی و جوولەکەکان، بۆیە ئێزیدییەکان دەبینین ناچارن لەگەڵ ئەم ڕەوشە باوەڕیان بە پێویستی پێکەوەژیان هەبێ و دەڵێن ئەوان بەگوێرەی ڕەوشەکە موسڵمان، مەسیحی یان جوولەکەن. بڕێك بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا ئێزیدییەکان ڕێز لە کتێبە پیرۆزەکانی وەکو قورئان دەنێن و بە هەمان شێوە ڕێز

له ده‌سه‌لاتی ئایینی مه‌سیحییه‌كان و موسڵمانه‌كانیش ده‌گرن. هه‌ندێكی دیكه ده‌ڵێن ئه‌وان نه‌وه‌ی "یه‌زید"–ن و له‌و عه‌ره‌بانه‌ن كه حوسێن–ی كوڕه‌زای پێغه‌مبه‌ریان قه‌تڵوعام كرد و بنه‌ماڵه‌ی عه‌لی–یان ئه‌وهێنده به زۆر و زه‌بروزه‌نگ و سه‌رسه‌ختانه ڕه‌دوونا. سونه‌تكردن شتێكی هاوبه‌شه له‌نێوان تورك و موسڵمانه‌كان، به‌شێوه‌یه‌ك كه هه‌موو منداڵێكی نێرینه سونه‌ت ده‌كرێت به‌لام ئه‌مه ئه‌وه ناگه‌یه‌نێ كه ئه‌وان پێڕه‌وی له هه‌مان ئاقیده ده‌كه‌ن. به‌لام وه‌ك چۆن ئه‌م سونه‌تكردنه له لایه‌ن نه‌ته‌وه‌گه‌لی دیكه‌ی ئاسیایی و هه‌تاوه‌كو وه‌ك ئه‌وه‌ی بۆیان دووپاته كردمه‌وه كه‌وا له لایه‌ن برێك له مه‌سیحییه‌كانی ڕۆژهه‌لاتیش پیاده ده‌كرێ بۆیه ئه‌مه ئه‌وه‌ی لێوه ده‌رئه‌نجام ناكرێ كه‌وا ئه‌مه له ئاینه‌كه‌یانه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتبێت. دوور له‌و ڕقه‌ی كه موسڵمانه‌كان به‌رانبه‌ر به شه‌راب هه‌یانه، ده‌بینین ئێزیدییه‌كان شه‌راب پیرۆز ده‌كه‌ن به‌و پێیه‌ی كه ئه‌مه به‌خششێكه له به‌خششه‌كانی خودایی و حه‌ز ناكه‌ن یه‌ك دڵۆپیشی لێ بڕژن. كاتێكیش شه‌راب ده‌خۆنه‌وه پیاڵه‌كه به هه‌ردوو ده‌ستیانه‌وه ده‌گرن و جا ئه‌گه‌ر وێڕای وریاییان چه‌ند دڵۆپێك ڕژا، ئه‌وا به خاك دایده‌پۆشن و وه‌ك ئه‌وه‌ی كه به‌شێك بێت ده‌سه‌لاتێكی سه‌رووتر پاراستبێتی. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا سه‌رخۆشبوون زۆر به‌ده‌گمه‌ن له‌ناویاندا ڕووده‌دات، چونكه یه‌ك ساته وه‌ختی له‌بیرچوون ده‌شێ ببێته هۆی ئه‌وه‌ی هه‌موو هیوایه‌كیان له پێكه‌وه‌ژیانی ئاشتییانه له ده‌ست بدات.

پره‌نسیپێك كه هه‌موو ئێزیدییه‌كان پێڕه‌وی ده‌كه‌ن ئه‌وه‌یه كه‌وا به‌خشنده‌یی ئافه‌ریده‌كار سنووری بۆ نییه وه‌ك چۆن حیكمه‌ته‌كه‌شی بێ كۆتاییه. جا ئه‌گه‌ر به‌ڕێزه‌وه باسی ئه‌و ئافه‌ریده‌یه ده‌كه‌ن كه به‌وه تاوانباریان ده‌كه‌ن ده‌یپه‌رستن، جا ئه‌گه‌ر ناویان ناوه خوداوه‌ند یا په‌روه‌ردگار ئه‌وه له‌به‌ر ئه‌وه‌یه كه ئه‌وان به تووندی له‌و باوه‌ڕه‌دان ڕوژێك دێ ده‌گه‌ڕێنه‌وه به‌ر ڕه‌حمه‌ت و كرنۆشی خوداوه‌ند، ڕۆژێك دێت ئه‌و كه‌رامه‌ت و شكۆیه‌ی كه له سۆنگه‌ی یاخیبوونییه‌وه له ده‌ستی داوه بۆی ده‌گه‌ڕێته‌وه. كه‌وایه وه‌ك ئه‌وه‌ی ئه‌وان ده‌ڵێن بۆچی تووڕه‌یی بوروژێنن؟ بۆچی ده‌خاله‌ت له‌نێوان فریشته‌یه‌كی لێكه‌وتوو و خوداوه‌نده‌كه‌ی بكرێ؟ ئایا خوداوه‌ند پێویستی به‌وه هه‌یه كه ئێمه نه‌فره‌ت له‌وه بكه‌ین كه خۆی سزای داوه، ئایا ناشێ لێی خۆش ببێ؟ هه‌روه‌ها بێته‌وه ئایا پێویست ده‌كات

شمشێرەکەت بەڕووی یەکێك لە نزیکەکانی خوداوەند هەڵبگری کە ئەمڕۆ غەزەبی لێ گیراوە، ئایا ناشێ بەیانی هەموو کەرامەتی بۆ بگێڕدرێتەوە؟

ئەو ئێزیدییانە بە زۆری لە دەوروبەری چیای شەنگالدا دەژین، کە یەکێك لەو زنجیرە چیایانەیە کە پێدەشتی میزۆپۆتامیا لە باشوور–ڕۆژهەلاتی ماردین دەبڕێ و دار مێو، هەنجیر، قەیسی بەشێوەیەکی خۆڕسك تێیدا دەڕوێ. هەرچی لە زستانە لە ئەشکەوتەگەلی هەڵکەندراو لە خوارووی ئەم چیایانەدا دەژین. هەرچی لە مانگەکانی هاویندایە، لە پێدەشتەکە بلاودەبنەوە و پەلاماری کاروانەکان دەدەن و هەموو گەرۆکێك کە تووشی ببن بەبێ جیاوازی ڕووتی دەکەنەوە. ئەوکاتە لەسەر شێوەی بیاباننشینەکان ڕەشماڵ هەڵدەدەن و لەسەر پشتی ئەسپ، بە شمشێر، هەروەها ڕم و دەمانچە و تفەنگ دەجەنگن و هەروەك پارتەکان* کە لە بەشێکی ولاتدا دەژین، چاك دەزانن چۆن ئەم چەکانە لە کاتی پەلاماردانا بەکاربهێنن و لە کشانەوەدا تەقە دەکەن و بەتاوی زۆر خێرا ڕادەکەن و زۆر بەدەگمەن وادەبێ کە ئامانجەکانیان ناپێکن.

ئێزیدییەکان جلوبەرگیان وەکو جلوبەرگی تورکەکان وایە و بەگشتی پیاویان قۆز، تونـدوتۆڵ، لەش و لاریان بەهێزە و هەر لە گەنجییانەوە لەگەڵ چەك ڕادەهێنرێن، لەسەر بەرگەگرتنی هەموو شێوەکانی ماندوویەتی و بێبەشبوون ڕاهاتوون. بەلام خیانەتکار، دڵڕەق و ترسنۆکن، دیلەکانیان دەکوژن یان دوای ئەوەی ڕووتیان دەکەنەوە لەناو بیابان بەجێیان دەهێڵن بۆ ئەوەی لە برسان و لە کلۆڵیدا لەناو بچن، چەندین نموونەیان لەبارەی ئەو مامەڵە بەربەرییانە بۆ گێڕاینەوە کە لەگەڵ ئەو گەڕۆکانەیان کردووە کە کەوتوونەتە ژێر دەستیان. بەلام لە دوو یان سێ دەرفەتدا بووە کە بوێری و تەسمیمگرتنی تاقە کەسێك بەس بووە بۆ تۆقاندنیان و ڕزگارکردنی کاروانێك.

ژمارەی دانیشتووانیان لە ملیۆنێك زیاترە و هەتا دوو ملیۆنیش بەگوێرەی بڕێك لە ڕاپۆرتەکان دەڕوات. دانیشتووان دابەشی سەر چەندین هۆزگەلی بچووکی سەربەخۆ دەبن کە هەریەکێکیان سەرۆکی خۆی هەیە. دەڵێن هەموویان لە بنەواندا لە پێنج بنەماڵە کەوتوونەتەوە، بەلام ئەمڕۆ بریتین لە هۆزگەلی کۆچەر و

*Parthes :

نیشته‌جێ. هه‌ندێکیان له‌وانه له ناویاندا له ئێزیدی سپی و ڕه‌ش پێك دێن: ئه‌وه ڕه‌نگی جلوبه‌رگیانه که ئه‌م وه‌سپه‌ی پێداون. ئێزیدییه ڕه‌شه‌کان ئه‌و پیرانه‌ن که ته‌نها هه‌ر گرینگی به ئیلتیزاماتی خۆیان ناده‌ن به‌ڵکو زۆربه‌ی جار هه‌روا پاسه‌وانی مێگه‌لی هاوبه‌شی هۆزیش ده‌که‌ن.

یه‌کێك له‌و خورافیاته سه‌یروسه‌مه‌رانه‌ی که بایه‌خی پێ ده‌ده‌ن و له‌سه‌ر ئه‌وه تاوانباریان ده‌که‌ن که له‌وانه‌یه هه‌ق بێت ئه‌وه‌یه که ساڵی جارێك له که‌ناری ئه‌شکه‌وتێکی گه‌وره له بناری چیای عه‌بدولعه‌زیز* کۆده‌بنه‌وه و به‌شێك له شته‌کان و زێڕ و زه‌به‌ره هه‌ره گرانبه‌هایه‌کانی خۆیان پێشکه‌ش به شه‌یتان ده‌که‌ن و ده‌یهاوێژنه ناو ئه‌م چاڵه. ئه‌م قوربانییه ته‌واو ده‌که‌ن که له‌وانه‌یه ڕه‌مزی به‌چاوی سووك سه‌یرکردنی ئه‌وان بێت بۆ ماڵی دونیا، و هاوڕێ له‌گه‌ڵ ئه‌م به‌خشینه‌دا، ئاهه‌نگێکی کافرانه و ترسناك ده‌ست پێده‌که‌ن و به ده‌نگی بۆقیه و سیمبال، سه‌مایه‌کی کێوییانه ده‌که‌ن له‌گه‌ڵ هێماگه‌لێکی شێتانه وه‌ك ئه‌وه‌ی ئیلهامی ئایینییان بۆهاتبێ.

ئێزیدییه‌کان ژنه‌کانیان له باوکیان ده‌کڕن و هه‌رگیز ڕێگه‌یان پێ ناده‌ن دوای هاوسه‌ری لێیان جیا ببنه‌وه، ته‌نها مه‌گه‌ر خۆی ته‌رخانی په‌رستگه‌که‌یان بکات و ئه‌وکاته ڕێگه‌یان پێدراوه و ده‌توانن جارێکی دیکه ژن بهێننه‌وه، ئازادییێك که ده‌شێ لای ئێزیدییه‌کان یان شه‌یتان په‌رسته‌کان هه‌بێت و ئه‌مه ئیمتیازێکه ده‌توانێ ئه‌وه لێکبداته‌وه بۆچی ژماره‌یه‌کی ئه‌وه‌ێنده زۆری ئێزیدییه‌کان ڕه‌شن. نه‌متوانی هیچ ورده‌کارییه‌ك له‌باره‌ی ئه‌و ئاهه‌نگانه په‌یدا بکه‌م که له دوای منداڵبوونیان ده‌کرێ.، به‌ڵام زانیم که ئه‌وان ڕێوڕه‌سمی مردوویی له‌کاتی ناشتنی مردووه‌کانیان به خۆشنوودییه‌وه ده‌گێڕن به‌و مه‌رجه‌ی مردووه‌که به مردنێکی قاره‌مانانه مردبێ و به تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه نه‌مردبێ. له‌م حاڵه‌ته‌دا، ڕێوڕه‌سمه‌که به بێده‌نگی ده‌کرێ.، نزیکترین که‌سه‌کانی مردووه‌که وه‌کو نیشانه‌ی پرسه و له‌ده‌ستدانی شه‌ره‌ف ڕدێنیان ده‌تاشن و نایه‌ڵن ڕیشیان درێژبێته‌وه تا ئه‌و کاته‌ی تۆڵه‌ی مردووه‌که ده‌که‌نه‌وه و کۆستکه‌وتوویی مردووه‌که هێور ده‌که‌نه‌وه.، ته‌نها ئه‌وکاته مه‌راسیمی ماته‌میی بۆ داده‌نێن.

---

* Abdoul-Asiz

لەوانەیە ئەو خورافاتەی کە پێشتر باسم لێوەکرد ئەو بیروڕایە گشتییەی لێوە لەدایك بووبێت کە ئەوانە گەنجینەیەکی گەورەیان لە قووڵایی زەریادا هەیە. جا چ لەبەر چاوتێبڕینی ئەم گەنجینە شاراوەیە بێت یان لەبەر سزادانی دزی و دڵڕەقییان بووبێت، سلێمانی گەورە، بە سوپایەکی بێ شومارەوە پەلاماری دان و تا چیایەکانیان ڕەدووی نان، ڕەزەکانی لێ تێکدان و شوێنەواری هیچ سەوزاییەکی بۆ نەهێشتنەوە و سەری سەرۆکەکەیانی بڕی. ڕاپەڕینێکی چەکداری، سلێمانی گەورەی ناچاری کرد ڕووی سوپایەکەی وەربگێڕێتە لایەکی دیکە و دوای خۆی تەنها یادەوەری بەربەرییەت و ڕقێکی قووڵی دژ بە تورکەکان بەجێ هێشت.



VOYAGE
DE
LA CÔTE DE MALABAR
A CONSTANTINOPLE,
PAR LE GOLFE PERSIQUE, L'ARABIE, LA MÉSOPO-
TAMIE, LE KOURDISTAN ET LA TURQUIE D'ASIE;
FAIT EN 1817,
PAR WILLIAM HEUDE,
LIEUTENANT AU SERVICE DE L'ANGLETERRE;
AVEC UNE GRANDE CARTE ET DES GRAVURES.
TRADUIT DE L'ANGLAIS,
PAR LE TRADUCTEUR DU VOYAGE DE MAXWELL.
PARIS:
LIBRAIRIE DE GIDE FILS,
RUE SAINT-MARC-FEYDEAU, N.° 20.
1820.

بەرگی چاپی فرەنسی سەفەرنامەکە ١٨٢٠



A
VOYAGE
UP
THE PERSIAN GULF,
AND A
JOURNEY OVERLAND
FROM INDIA TO ENGLAND,
IN 1817.
CONTAINING NOTICES OF
ARABIA FELIX, ARABIA DESERTA, PERSIA, MESOPOTAMIA,
THE GARDEN OF EDEN, BABYLON, BAGDAD,
KOORDISTAN, ARMENIA, ASIA MINOR,
&c. &c.
BY LIEUTENANT WILLIAM HEUDE,
OF THE MADRAS MILITARY ESTABLISHMENT.
LONDON:
Printed by Strahan and Spottiswoode, Printers-Street;
FOR LONGMAN, HURST, REES, ORME, AND BROWN,
PATERNOSTER-ROW.
1819.
NEW YORK PUBLIC LIBRARY

بەرگی چاپی ئینگلیزی سەفەرنامەکە ١٨١٩

به‌شی سیانزه‌م

ده‌رچوون له‌ ماردین– تێزیان–وه‌سپی دیاربه‌کر–چیای تۆرۆس–مه‌لاتیـه‌–دۆڵـی سیواس–ڕه‌وشی جووتیـاران لـه‌ تورکیـا–ئه‌ماسـیه‌–بـۆلی–هنـده‌ك–گه‌یـشتن بـۆ سکوتاری.

سپێده‌که‌ی ٢٢ ی مانگ له‌ چێشته‌نگاوێکی زۆر زوودا (ماردین) مان به‌جێهێشت. ڕۆژی پێشتر موته‌سه‌لیمی شار حه‌زی خـۆی نیـشان دا بـه‌وه‌ی ده‌مانـچه‌کانی بـه‌ر پیشتێنم بکڕێ. به‌ڵام من زیاد له‌ نرخه‌که‌ی وه‌ك پـاره‌ زیـاتر بـه‌ ده‌مانـچه‌کانمه‌وه‌ دڵبه‌سته‌ بووم، چونکو له‌و سه‌فه‌ره‌ی که‌ له‌ به‌رده‌مما مابوو ده‌مانچه‌کان ده‌تـوانن به‌رگری له‌ پاره‌که‌م بکه‌ن ، به‌ڵام پاره‌که‌م ناتوانێ به‌رگری له‌ که‌سیی خۆم بکات. بۆیه‌ من هیچ مه‌یلی ئه‌وه‌م نه‌بوو له‌ده‌ست خۆمی بکه‌مه‌وه‌ و بۆ ئه‌وه‌ش تا زۆر بـه‌ ڕه‌قی داوایه‌که‌ی ڕه‌ت نه‌که‌مـه‌وه‌ پـێم وت کـه‌ مـن نـاتوانم بـه‌ کـه‌متر لـه‌ دووسـه‌د پیاسته‌ر بیانفرۆشم، پێم وابوو که‌ داواکردنی نرخێکی وا بـه‌رز وای لـێ ده‌کـات واز له‌و هه‌وه‌سـه‌ی بهـێنێ. که‌چـی لـه‌و سـاته‌وه‌خته‌ی کـه‌ به‌سـه‌ر پـشتی ئه‌سـپه‌که‌م ده‌که‌وتم، ئه‌و پاره‌یان بۆ هێنام و ناچـار بـووم پابه‌نـدی قـسه‌که‌ی خـۆم بم. ئـه‌وه‌ به‌م شێوه‌یه‌ که‌ پیاوه‌ گه‌وره‌کان بازرگانی خۆیان له‌ ڕۆژهه‌ڵاتدا ده‌که‌ن. به‌ڵام ئـه‌و گه‌ڕۆکه‌ی که‌ ده‌که‌وێته‌ ژێر ده‌ستیان ئازادی هه‌ڵبژاردنی نییه‌، به‌ڵکو هه‌نـدێك جـار به‌ بێ هیچ ڕه‌چاوکردنێك ده‌ست به‌سه‌ر ئه‌و شتانه‌دا ده‌گرن که‌ پێیانه‌ بـێ ئـه‌وه‌ی کـه‌مترین قـه‌ره‌بووی بکه‌نـه‌وه‌، واش ده‌بـێ بڕێـك جـار لایـه‌نی هـه‌ره‌ لاواز لـه‌م گۆڕینه‌وه‌یه‌ به‌زۆره‌دا قازانج ده‌کات، هـه‌روه‌ك ئـه‌وه‌ی لـه‌م بۆنه‌یـه‌دا به‌سـه‌ر منـدا هات.

یه‌که‌مین به‌شی ڕێگاکـه‌ لـه‌ ده‌رچـوون لـه‌ ماردینـه‌وه‌ بـه‌ناو وڵاتێکـی بیابـان و چیایی که‌ هه‌ر وه‌ك هاوڕێکانم ده‌ڵێن پڕ ده‌بێ له‌ گرووپگه‌لی تاڵانـچی. ئه‌وه‌نـده‌ی توانیمان به‌ گرووپـی بـه‌ڕیز لـه‌پاڵ یه‌کدا ده‌ڕۆیـشتین و چـونکه‌ ئه‌سـپه‌کانمان لـه‌ ڕه‌وشێکی باشدا بوون، دوای شه‌ش کاتژمێر ڕۆیشتن، به‌ بێ هیچ ڕووداوێـك، بـه‌ڵام به‌ زیاتر له‌ جارێك ئاگاداریکردنه‌وه‌ گه‌یشتنیه‌ تێزیـان. ئاخـاوتنی هاوڕێکـانم بـه‌س بوو بۆ ئه‌وه‌ی له‌وه‌ تێبگه‌ین، به‌ڵام بێ گومان زیاتر لـه‌ چـه‌ند جارێـك چـاومان بـه‌ گرووپـه‌یلی چه‌کداری خه‌ڵك ده‌که‌وت که‌ به‌لای که‌مییه‌وه‌ سیمایان جێگـه‌ی گومـان

بوو و خۆیان مۆڵ دابوو بۆ دۆزینەوەی دەرفەتێك چەند پیادەیەکیان بکەوێتە بندەست. ئەم دزانە بەشێوەیەکی ئاسایی لەسەر شێوەی گرووپی چوار تا پێنج کەسیی لەسەر لووتکەی ئەو بەرزاییانە دەوەستن کە ئێمە پێیاندا تێپەڕ دەبین. هەر یەك لەوانە دەمانچەیەکی لە دەستە و بڕێك جار دزە دەکەنە ناو دارودرەختەکان خۆیان دەشارنەوە و ئامادەن بۆ تەقەکردن ئەگەر ببینن ڕەوشەکە لەبار بێ. چەند تەقەیەکمان بە دەمانچە بە ئاسمانا کرد بۆ ئەوەی نیشانیان بدەین کە ئێمە ئامادەین داکۆکی لە خۆمان بکەین. ئەوان خۆیان گەیاندەوە ناو چیایە هەرە سەختەکان و ئاوڕیان دایەوە داخۆ ئێمە بە شوێنیانەوەین، شیمانەی ئەوەش هەبوو کە ئەوانیش زارەترۆق بووبن وەك ئێمەمانان، چونکە کاروانەکەی ئێمە بەگشتی ناسراو بوو بەوەی گەورەترین تالانچی بەڕێوەی دەبەن کە بەناو ولاتدا تێپەڕ دەبن.

تێزیان–خان ئاواییەکی گەورەیە ئەو چەند ژمارە ڕووبارە بچکۆلانەیەی کە ئاوی دەدەن دەڕژێنە ناو دیجلەوە. بینای سەرەکی گوندەکە کەوتۆتە سەر بەرزاییەك کە کەوتۆتە ناوەڕاستەکەی. لە کاتی گەیشتنمان ئێمەیان برد بۆ ناو هۆڵێکی گەورەی زۆر تاریك. دوای ماوەیەك سەرۆکی هۆزەکە بە خۆیی و بیست تا سی دەستوپێوەندی ڕوخسار ناشرین و چەکدار لە تۆقی سەریانەوە تا بنی پێیان، هات بۆ ئەوەی بمانبینێ کە بە چاوێکی شەڕانی و درۆدۆنگەوە تێیان دەڕوانین و بە بێ پێشەکی لەو شوێنەیان وەدەرنایین کە تێیدا بووین و دەستیان بەسەر شوێنەکەدا گرت کە ئەمە بووە هۆی دەمەقاڵێیەکی توند لەنێوان تەتەرەکەمان و ئەو سەرۆکە. سەرۆکەکە کوردێکی بالابەرز و ڕوخسارێکی وەحشییانەی هەبوو. وادیار بوو گومانی لەڕاستی ئەو فرمانە هەبوو کە پێمان بوو و دەیویست ئەو سەرانە ببینێ کە تەتەرەکەم ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرابوو بیانگەیەنێتە کۆنستانتینۆپل. تەتەرەکە لە بوخچەیەکدا قووتوویەکی بچووکی چوارگۆشەی دەرهێنا، سەری پاشا بەدبەختەکەی پیشان دا و بە خۆڕاگرییەوە پێی وت: "بەم شێوەیە دەکرێ سەری تۆش بپەڕێ، مستەفا ئاغا ئەگەر جورئەت بکەی سووکایەتی بە کارمەندانی دەوڵەت بکەیت". وا دیار بوو ئەم تالانچییە زۆر بایەخی بەم هەڕەشەیە نەدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاسیری هەر لەسەری هەبوو، چونکە

کشایەوە و دڵنیای کردینەوە کە ئەو ڕێز لە فرمانەکە دەگرێ. شانازیکار بە سەربەخۆیی خۆیەوە، لەوانەیە هەرگیز تووشی هەڵوێستی هاوشێوە نەبووبێ، بەڵام ئەم نمایشە لێکدانەوەی سەنگینی بۆ هێناوە. ئێوارە، ئازووقەی زۆری بۆ ناردین، هەروەها لیبۆکۆکیشی بۆ ناردین بۆ کات بەسەربردنمان. کاتێك ویستمان بخەوین، سەرۆکەکەمان ڕایسپاردین کە شمشێرەکان و دەمانچەکانمان لەژێر دەستمان بێ، ئامادە بۆ بەکارهێنانی ئەگەر هەر حاڵەتێکی خیانەتکاری هاتە پێشەوە.

٢٣ ی مانگ هێشتا بەناو وڵاتێکی زۆر ڕووتەن و کێوی تردا دەڕۆیشتین. هیچ شێوەیەکی کشتوکاڵکردنی تێدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئەوەی دوو ئاواییمان بڕی کە بە هیچ شێوەیەك نەچووینە ناویانەوە، ناوچەکە خەریك بوو دیمەنی جوانتری نیشان دەدا، گردی ڕووتەن نەما و پێدەشتێکی پان و بەرینمان بینی، چاك چێنراو و چەند ئاواییەکی بەخۆوە گرتبوو. کشتوکاڵ تێیدا گەیشتبووە ئاستێکی بەرزی تەواو. کێڵگەکان داپۆشرابوون بە پەین و بە گاسن کە لە لایەن مانگای بەهێز و بەرز ڕادەکێشران، دەکێڵران. لەماوەی سەفەرێك کە هەزار میلمان بڕی، ئەوە تاقە ناوچەیەك بوو کە بەشێوەیەکی نیزامی چێنراوبێ کە من بینیبم. لە شوێنەکانی دیکە کاتێك زەوی ئامادەیە بۆ دروێنە ، تەنها ئەوەندەی لێ چاوەڕوان دەکرێ کە بەس بێ بۆ تێرکردنی ژمارەیەکی کەمی دانیشتووان. لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لە دیاربەکر، ڕێگەکە زۆر سەختتر دەبوو و زۆربەی جار زۆنگاوەکان دەیانبڕی و ڕێگەکە بۆ ماوەی چوار میلی دوایی بەناو چیایەکاندا تەسك دەبۆوە. لە نوێوە ڕووباری دیجلەمان بینییەوە، هەمیشە خێرا و ئەو هێندەی خوارووی مووسڵ پێچی دەکردەوە و دوای ئەوەی کە سێ پردمان بڕی کە دووانیان زۆر چاك دروست کرابوون و لە دە کەوانەی جوان پێکهاتبوون. کاتژمێر پێنج و نیو گەیشتینە بەر دەرگای دەرەوەی شار.

دیاربەکر وەکو ئامەدی کۆن ناسراوە و تورکەکان ئاماژە بە ڕەنگی ئەو بەردەی کە بینایە سەرەکییەکانی شارەکەی پێ دروست کراوە ناوی قەرە ئامەد یان (ئامەدە ڕەش) یان لێناوە. زۆر کەم ناوچە هەیە لە ڕۆژهەڵات کە دیمەنێکی زۆر نوێ و زۆر سەرنجڕاکێش بە گەشتیاری ئەورووپی ببەخشێ. وادیارە دیجلە

سنووری ژیانی مرۆڤایەتی تێدا دیاری دەکات. هەرکە لە پردەکە پەڕینەوە لە هەموو لایەکەوە تارمایی مانەوەی مەرگ خۆی نیشان دەدات، گۆڕستانەکان ئاپۆرەی داین و دیوارێکی مەڕمەڕی ڕەش دەوران دەوری داوە کە ئەوە زیاتر ئیلهامبەخشی ماتەمیی دەبەخشێ. لەژێر دەرگا گەورە بەرزەکان ئاپۆرەی خەڵکی ترساومان بینی کە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەردابوو وەك ئەوەی ئافەریدەی جیهانێکی دیکە بن و هاتبنە ئەو ناوچەیەی کە پێشتر تێیدا ژیابوون. هەمان سەرنج کاتێك بە شەقامەکانی ناو شاردا تێپەڕ دەبووین. ئەمە پێویستی بە خەیاڵێکی زیندوو نەبوو چونکە گەڕۆکەکان دەشێ باوەڕ بەوە بکەن کە لە کۆشکی ئەفسوون و بێ هیواییدان کە شەهرەزادی جوان وەسپێکی هێندە زیندووی کردووە نەبێتەوە.

هەرکە گەیشتینە ناو ئەو کاروانسەرایەی کە بە تەنیشت کۆشکی پاشاوە بوو و بۆ پێشوازیکردنی نێردراوگەلی گشتیی تەرخان کرابوو، ئێوارە لەسەر شێوەی تورکی نانیان داین، واتە خواردن دوای خواردنیان بۆ دەهێنایین. یەکەمیان کە پێشکەشیان کردین بریتی بوو لە برنجێکی زۆر خراپ کوڵاو بەڵام یانزە کاتژمێر و نیو ڕۆیشتن کردی بە خواردنێکی خۆش تام. دووەمیان و سێیەمیان بە هیچ شێوەیەك لە هی یەکەم چاکتر نەبوون، بەڵام گوێم لێ بوو کە وتیان دەمودەست بەڕێ دەکەوین. تەنها بیرم لەوە دەکردەوە کە کاتەکەم بەشێوەیەکی چاك بەکاربهێنم: لەگەڵ ئەوەشدا دواتر پڵاوێکی نایاب، ئێغنییەکی* بەتام و هەموو جۆرە شیرنەمەنییەکیان بۆ هێنایین. ددان بەوەدا دەنێم کە ئەوکاتە هەڵەیەکی گەورەم لە سیاسەتدا کرد کە وادەم بە خۆم دا کە پارێزگاری لە هێزی خۆم بکەم بۆ دوارۆژ تا کۆتایی شەڕەکە. لەگەڵ ئەوەشدا بەیانییەکەی بەو پێیەی کە خواردنی یەکەم و دووەمم لە چاوەڕوانی خواردنی سێیەمدا پشتگوێ خست ، بەڵام هیچ شتێکی دیکەیان بۆ نەهێنایین تا گەیشتمە نانی ئێوارە: بۆ وریاکردنەوەی گەڕۆکە هەستیارەکان و بۆ بەرژەوەندییان ئەم حەقایەتە دەگێڕمەوە.

* ئێغنی: ragout بە عەرەبی واتە (یخنە)، بریتییە لە پارچە گۆشتی ورد کە لەسەر شێوەی گۆشتاو دەکوڵێندرێ، وەرگێڕ.

حەموود بەگ ئەفەندی

تورکێکی ماردینی

کەمێك زانیاریم لەبارەی ئەم شارە وەگیرخست کە پێشتر نەزانراو بوون. تەواوی ئێوارە و تەواوی بەیانییەکەی ڕۆژی دواترم لەگەڵ ئەرمەنییەك کە خۆی پێشکەش کرد ببێ بە ڕێبەرم بەناو شاردا سووڕاینەوە. بینیم بیناکانی شارەکە بەشێوەیەکی زۆر چاك دروست کراون کە لە بینای هەر شارێکی دیکەی ئیسلامی چاکتر دروست کراون بە بێ هەڵاوێردان هەتا بە شاری کۆنستانتینۆپلیشەوە. شەقامەکانی بەگشتی تەختکراو و تا ڕادەیەك خاوێنن و لە شارەکانی دیکە فراوانتر بوون. بازاڕەکانی گەورە و پڕبوون لە کەلوپەل.، حەمامەکانی لە بەردی مەڕمەری ڕەش دروست کراون و خۆش و ڕێکوپێکن. مزگەوتەکان کە زۆربەیان بریتین لە کۆنە کلێسەی مەسیحییەکان، ژمارەیان زۆرن و چاك دروست کراون. شارەکە لە باکوور قەڵایەك دەیپارێزێ کە دیواری زۆر بەرزی بەدەورەوەیە کە وەك دیوارەکانی شار بەهێزن و قەڵایەکە ژمارەیەك بورجی چوارگۆشە کە تۆپخانەی بەسەرەوەیە وێڕای ئەوەی کە بە گشتی تۆپەکان لە ڕەوشێکی خراپدان و بەکار نایەن. لەسەر ژمارەیەك لەو بورجانەی کە وا پێدەچێ لە چەند دەورانێکی جیاوازدا دروست کرابن. هەروا دەبینین لەسەر دەرگاکانیش نەخش و نیگارگەلێك،

کە بڕێکیان لەسەر بەرد و هەندێکی دیکەشیان لەسەر خشت هەڵکەندراون، بەڵام نە هێندە کاتم هەبوو و نە زانیاریی زمانەوانیم هەبوو تا لەو نەخش و نیگارانە تێبگەم. ڕێبەرەکەم کە واپێدەچوو پیاوێکی تا ڕادەیەك ڕووناکبیر بێ، پێی وتم ئەوان گریمانەی ئەوە دەکەن وەك ئەوەی گریمانەی ئەو نەخش و نیگارانەش کە بەسەر پردەکانەوەیە، ئاماژە بە مێژووی دروستکردنی ئەم بینایە دەکەن و ناوی سوڵتان یا ئەو پاتشایەی کە ئەوکات حوکمڕانی کردووە لەسەر هەڵکەندراوە.

پاش ئەوەی سووڕێکم بە دەوری شوورەی شارەکە لێدا لە دەرگای ماردینەوە تاوەکو دەرگای داغ، کە بریتییە لە نیوەی شوورەی شارەکە.، دەتوانم چیوەی شارەکە بخەملێنم کە دەگاتە نزیکەی پێنج هەزار و سێ چارەگە میل و ئەوە تەنها لێرەدا بووم کە توانیم ژمارەی دانیشتووانەکەشی بە گریمانەی ئەوەی کە سێ چارەگی ئەو ڕووبەرەی کە کەوتۆتە نێوان شوورەکان بریتین لە شەقامەکان و ئەو ڕووبەرەشی کە ماوەتەوە دەشێ یانزە هەزار ماڵێك بگرێتەوە کە هەریەکێکیان حەڤدە پێی چوارگۆشە دەبێ بخەملێنم. هەر ماڵێك بەشێوەیەکی گشتی لە دوو نهۆم پێك دێت. بە گریمانەکردنی ئەوەی کە لە هەر ماڵێك پێنج کەس بژی، بەم شێوەیە ژمارەی دانیشتووانی شارەکە پەنجا و پێنج هەزار کەس دەبێ و ئەم ئەنجامە هاوجووتە لەگەڵ ژمارەی ئەو شارە ڕۆژهەڵاتییانەی کە ژمارەی دانیشتووانەکانی دەزانین.

٢٤ ی مانگ لە یەکی پاش نیوەڕۆ دەرچووین، تەواوی ڕۆژەکە هەر باران دەباری و بەشێکی زۆری شەوی پێشووش هەر باریبوو و وەك چۆن ئەو ڕێگەیەی کە پێیدا تێپەڕ دەبووین پڕی بوو لە جۆگاو بەشێوەیەك کە هەتا قامچیش نەیدەتوانی پاڵ بە ئەسپەکانمانەوە بنێ بۆ پێشەوە کە بڕێك جار هەموو قاچیان لەناو قوڕو لیتەدا دەچەقی. هەموو جۆگەلە ئاوێك بووبووە سێلاوێك کە تەنها بە مەلەکردن دەتوانرا لێوەی دەربچین. لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئێوارەدا ئەسپەکان ئەو هێندە هیلاك بووبوون کە تەنها تەتەرەکان دەیانتوانی خەیاڵ بکەن کە هێشتا بڕۆن بەڕێوە. بەڵام من لەگەڵ تەتەرەکانا بووم و ئێمە بەردەوام بووین لە ڕۆیشتنی خۆمان هەرچەندە ئەو پاسەوانانەی کە لە دیاربەکرەوە بەگەڵمان کەوتن ڕەتیان کردەوە دوورتر لەگەڵمان بڕۆن و ئێمەیان بۆ چارەنووسی خۆمان

جێهێشت. له‌ماوه‌ی چوار یان پێنج کاتژمێری دواتری گه‌شته‌که‌مان به‌ناو تاریکاییه‌کی ئه‌نگوسته‌چاو و باران بارینێکی به‌رده‌وامدا ده‌ڕۆیشتین. من لام وابوو که ئێمه له چوار تا پێنج میل زیاتر ناڕۆین. له هه‌ر هه‌نگاوێکدا ئه‌سپه‌کانمان ده‌که‌وتن و ته‌نها به ژه‌می تایبه‌تیی دوو هێنده‌بووی قامچی هه‌ڵده‌ستانه‌وه. دواجار دوو له هاوڕێ سه‌ره‌کییه‌کانمان که هه‌وڵیان ده‌دا له ڕووبارێکدا بپه‌ڕنه‌وه، خه‌ریك بوو به‌خۆیان و ئه‌سپه‌کانیانه‌وه له ڕووباره‌که نوقم ببن دوای ئه‌وه‌ی شه‌پۆله‌کان ڕایماڵین، ئه‌وه‌ی که وای لێ کردین بوه‌ستین.

ماوه‌ی یانزه کاتژمێر له‌به‌ر بارانێکی به‌رده‌وامدا بووین و ئه‌و هێنده به ته‌واوی ڕێگه‌مان لێ ون ببوو که نه‌مانده‌زانی بۆ پێشه‌وه ده‌چین یان ده‌گه‌ڕێینه‌وه دواوه. به خۆشییه‌کی زۆره‌وه له دووره‌وه بینیمان ڕووناکییه‌ك ده‌بریسکێته‌وه و به‌ناو قوڕ و لیته و دار و ده‌وه‌ن و که‌لاوه‌دا به‌ره‌و لای ڕووناکییه‌که ڕۆیشتین. کووخێك بوو که‌وتبووه قه‌دپاڵی گاشه‌به‌ردێك. که‌ش و هه‌وایه‌که‌ی ئه‌و هێنده خراپ بوو که دۆست و دوژمن تێیدا په‌ریوه بووبوون. له‌ناو ئه‌و کووخه‌دا چاومان به بازرگانی مه‌سیحی، گه‌ڕۆك و ژماره‌یه‌ك دز که‌وت که ته‌نها له‌سه‌ر تالان و بڕۆیی ده‌ژیان. کووخه‌که هێنده گه‌وره نه‌بوو تا له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی له پێش ئێمه‌دا له‌وێ بوون شوێنمان ببێته‌وه. به‌ڵام ته‌تهره‌کانمان هیچ له‌وه نه پرنگانه‌وه له‌وه‌ی که ئه‌وانه‌ی له‌وێ بوون ڕه‌دوویان بنێن و ده‌بێ حه‌قی خۆیان به قازانجی خۆیان بۆ بگێڕمه‌وه و بڵێم که ئه‌وانه له‌م ڕه‌وشه‌دا ده‌رده‌که‌ون که هیچ جیاوازییه‌ك ناکرێ له‌نێوان باوه‌ڕداره‌کان و گاوره‌کانه‌وه.

باقی شه‌وه‌که‌مان له‌م کووخه‌دا به‌سه‌ر برد که تا سه‌ر ئێسقان ته‌ڕ بووبووین و تا ئه‌ژنۆشمان له‌ناو قوڕدا بووین و له برسان ده‌مردین و خه‌ریك بوو دووکه‌ڵی ئه‌و ئاگره بمانخنکێنێ که دامانگیرساندبوو. هه‌رچی ئه‌و توره‌گه‌یه بوو که ئه‌و سه‌ره براوانه‌ی تێدا بوو که هه‌ڵمان گرتبوو، بووبووه سه‌رینی من که خۆم پێوه نووساندبوو. ده‌کرێ خه‌یاڵی ئه‌وه بکرێ که ڕه‌وشی ئێمه چۆن بووه، به‌خته‌وه‌ر بووین که نه‌وایه‌کمان دۆزیبۆوه. له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا ئه‌مه دواین ناخۆشیمان نه‌بوو. باران له به‌یانی سبه‌ینه‌که‌ی به‌رده‌وام ده‌باری و ته‌متومانێکی ئه‌وهێنده چڕیشی له‌گه‌ڵدا بوو که هیچ ڕێبه‌رێکیشمان له‌گه‌ڵدا نه‌بوو و جارێکی دیکه ڕێگه‌مان لێ ون

بۆوە. بیست و چوار کاتژمێرمان پێویست بوو تا بگەینە ئارگۆنا لە بناری چیای تۆرۆس لەکاتێکدا بەشێوەیەکی ئاسایی ماوەی ئەم ڕێگەیە سێزدە کاتژمێرە و لە تەواوی ئەم ماوەیەشدا هیچ جۆرە تویشووەکمان پێ نەبوو. من لە هیندستان هەندێك جار تێبینی تیژڕۆیی ڕووبارەکانم کردبوو لەناو چیایەکانی ئێمەدا کە دەڕژێتە ناو جۆگەلەیەك و لە چیایەکانەوە دێتە خوارەوە، بەڵام هەرگیز وەك ئەو سێلاوەم نەبینیوە کە ئێستە بینینم. ڕووبارێکمان بڕی کە بە ئاستەم توانیمان سەرچاوەکەی دیاری بکەین. وتمان ڕەنگە بڕێك لە بەربەستەکانی زەریای ناوەڕاست پڕبووبنەوە بۆ غەرقبوونی پێدەشتەکە و ئەوانەی کە لە دواوە بوون بڕێکیان ئاو تا پشتێنیان دەهات لە کاتێکدا لە هەمان ئەو ناوچەیە ئەوانەی یەکەمەکان کە پێیدا تێپەڕبوون بە ئاستەم سمی ئەسپەکانیان تەڕ بوو بوو.

ئارگۆن وەکو ماردین کەوتۆتە سەر لووتکەی چیایەکی بەرز، بەڵام تەمتومانەکە ئەوهێندە خەست بوو و باران ئەوهێندە بەردەوام دەباری و وەك چۆن ئەوەی کەمێکیش نەحەسابوومەوە، وایان کرد ئەم شارە نەبینم. ئەم شارە بە شەراب بەناوبانگە کە لە دەوروبەری شارەکە، وەك ئەوەی لە چیای تۆرۆس و پێدەشتی خارپووت لە لای دیکە کەمێك دوورتر بەرهەمی دەهێنن. دەڵێن کە ئەم ڕەزانە چەندین جۆرە شەرابی هەمەچەشنە بەرهەم دەهێنن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمتوانی لە بوتلێکی بچووکی سووری بۆنخۆش زیاتر بەردەست بخەم کە زۆر بەناوبانگترە لە شەرابی بورگۆن و ناتوانێ شان لەشانی بدات.

لە ٢٦ ی مانگ، کاتژمێر یانزەی بەیانی بەسەر پشتی ئەسپی نوێوە بەڕێ کەوتینەوە، تەتەرەکەمان، کاپید–باشی کە سەرە بڕاوەکانی هەڵگرتبوو و لەگەڵ پێنج یان شەش کەسی دیکە لە پێشەوەدا دەڕۆیشتن. ڕێگەکە سەخت بوو دەستی کرد بەوەی ببێتە بەرزایی. لەکاتژمێر یەك یەکێك لە لقەکانی ڕووباری دیجلە، کە لەو ناوچەیەدا تەنها ڕووبارۆچکەیەکی بچووك بوو، بەسەر پردێکی سێ کەوانەییدا بڕی و پاشان دەستمان کرد بەوەی بەسەر زنجیرە سەرەکییەکانی چیای تۆرۆسدا سەربکەوین. کاتژمێرێك دواتر، پردێکی دیکەی زۆر بەرز کە لە دوو کەوانە پێکهاتبوو بڕی و گەیشتینە مادن، ئاوابییەکی گەورە، بەقەدپاڵی چیای تۆرۆسەوە کە بە کانی مس بەناوبانگە و هەروەك بارەگای نازیری کانەکانیش بوو. لەکاتژمێر

پێنج، پردی سێیه‌ممان بڕی که‌ یه‌ك تاقه‌ که‌وانه‌ی هه‌بوو و پاشان کاتـژمێر شـه‌ش له‌بـه‌رده‌می یـه‌کێك لـه‌ ماڵـه‌کان وه‌سـتاین کـه‌ وه‌کـو گووشـراوه‌ی تـرێ شـێلان و گوشین بۆ شه‌رابسازی له‌سه‌ر چیای تۆرۆس به‌کارده‌هێنرێ. دوای ئـه‌وه‌ی مـاوه‌ی حه‌وت کاتژمێر به‌و خێراییه‌ که‌ ئه‌سپه‌کانمان ڕێگه‌ی پێ ده‌دایـن به‌سه‌ر که‌وتین.

له‌ ماردینه‌وه‌ به‌ به‌رده‌وامی هه‌ر له‌ناو به‌فردا ده‌ڕۆیشتین و وه‌ك چـۆن ڕێگه‌کـه‌ نه‌کێشراو بوو و هه‌میشه‌ له‌ لێواری نشێوێکی ترسناکدا بـووین. ئـه‌وان بـه‌ ئاسـانی وای بۆده‌چوون که‌ من زۆر بیر له‌ هاوڕێکانم ناکه‌مه‌وه‌ و نیگه‌ران نیم بۆ ئه‌وانه‌ی له‌ هێڵی پێشه‌وه‌دان و هه‌تا هه‌ست بـه‌ ونبوونیـشیان ناکـه‌م. بـه‌ڵام کاتێـك له‌بـه‌رده‌م ئاگر له‌ کونجێکی گه‌رم دانیشتم و شـه‌رابی نایـاب ده‌خۆمـه‌وه‌ کـه‌ خانه‌خوێیه‌کـه‌م پێشکه‌شم ده‌که‌ن، شاش ده‌بم له‌وه‌ی که‌ نایانبینم و به‌و شێوه‌یه‌ ون ده‌بن. هـه‌تا ته‌تـه‌ر و خزمه‌تکاره‌که‌شـی هـه‌موویان ون بـوون و له‌گـه‌ڵ جانتاکـان و دوو پیـاوی کێوی سه‌روسیما خراپ که‌ به‌ ئاسته‌م ده‌مناسین مامه‌وه‌. ئه‌وه‌ بۆمن ئاسان نه‌بوو تێـی بگـه‌م. پرسـیاری ته‌ته‌ره‌کـه‌م کـرد پێیـان گـوتم کـه‌ بـه‌ره‌و کۆنـستانتینۆپل ڕۆیشتووه‌، له‌کاتێکدا هێشتا ٨٠٠ میل دوورین. هه‌سـتم کـرد ئـه‌وه‌ شـۆخییه‌که‌ بـۆ ترسـاندنی مـن، بـه‌ڵام دواتـر زانـیم کـه‌ ئـه‌وه‌ ڕاسـتییه‌. بـه‌و پێیـه‌ی کـه‌ بڕێـك لـه‌ گه‌شتیاره‌کان ده‌یانتوانی بچن بۆ لای سوڵتان پێش ئه‌و هـه‌واڵی سـه‌رکه‌وتنی داود ئه‌فه‌ندی به‌ سـوڵتان ڕابگـه‌ینن، خێراییه‌کـه‌یان دوو هێنـده‌ کردۆتـه‌وه‌ تـا پێـشیان بکه‌ونه‌وه‌ و به‌ بێ هیچ پێشه‌کییه‌ك جانتاکانیان بۆ به‌جێ هێـشتم و وایـان کردبـوو که‌ دواتر له‌گه‌ڵ جانتاکان به‌شوێنیانه‌وه‌ بچم.

به‌ تاق و ته‌نیا له‌ناو بێگانـان و لـه‌ وڵاتێکـی کێـوی و نه‌ناسـراو و بـه‌ بـێ هـیچ کۆمه‌گییه‌ك له‌ هیچ که‌سێك، له‌سه‌ر چیای تۆرۆس به‌جێیان هێشتم، ده‌شـێ بـاوه‌ڕ به‌وه‌ بکرێ که‌ من خۆم له‌ ڕه‌وشێکی تووڕه‌و نیگه‌راندا بینیوه‌ته‌وه‌، به‌ڵام وانه‌بوو. ئـه‌و جانتایانـه‌ی کـه‌ لـه‌ دوای خۆیانـه‌وه‌ جێیـان هێـشتبوو بـۆ ته‌تـه‌ره‌کانمان زۆر گرانبه‌ها بوو هی ئه‌وه‌ نه‌بوو سه‌ره‌ڕۆیی ئه‌وه‌ بکه‌ن له‌ ده‌ستی بده‌ن. که‌وابوو هیچ مایه‌ی تـرس نـه‌بوو لـه‌ مه‌ترسـییه‌ك کـه‌ به‌شـێوه‌یه‌کی تایبـه‌تی هه‌ڕه‌شـه‌ بکـات.، ئێواره‌ چـاك جـێگیر بـووم و شـه‌رابه‌که‌ نایـاب بـوو. بینـیم کـه‌ دوو پیـاوه‌ نامۆکـه‌ ئاماده‌بوون له‌سه‌ر حیسابی من پێبکه‌نن، له‌ جیاتی ئه‌وه‌ی هـیچ سـوودێك بـه‌ مـن

بگەینن، دەیانەویست باڵادەستیی خۆیان بەسەر چارەوە بارهەڵگرەکان کە لە بندەستیاندا بوو بە قازانجی خۆیان بەکاربهێنن، پێیان وابوو بە هەمان ئەو شێوەیەی کە سەردارەکانیان لەگەڵیان دەکەن دەتوانن هەڵسوکەوت بکەن، دەست بەسەر باشترین ئەسپ، باشترین شوێنی نزیك ئاگر، باشترین قاڵی بۆ خەوتن دابگرن. بەڵام وەك چۆن من هەستم بە ناڕەحەتی ئەم بانگەشانە کردبوو لەگەڵ سەرووی خۆیان کە زیاتر لەوان شارستانیتر بوون دەیانکرد، بۆیە وەك ئەوەی بۆم بلوێ لەسەر حیسابی خۆم بڕیارم دا بۆ جارێك و بۆ تا هەتاهەتایە بیانخەمەوە شوێنی خۆیان یان ئەوەتا لەگەڵیان دەگەمە دابڕانێکی ئاشکرا و بە تەنیا سەفەر دەکەم. بە ئاسانی سەرکەوتم بەوەی هەموو ئەو شتانەی لەوانمان وەرگرتبوو بە خانەخوێیەکەم دان و سیمایەکی گرینگ و بەرزم نیشان دا کە دوو کێوییەکە ناچار بوون ڕێزی لێ بگرن.

لە ٢٧ ی مانگ لە کاتژمێر پێنجی بەیانی لە چیایەکە دابەزین و ناکرێ ئەو ئاستەنگییەی کە لە سەرکەوتندا بەرەو ڕوومان بۆوە لەگەڵ ئەوەی لە دابەزیندا تووشی بووین بەراورد بکرێ. دەزانین کە بەرزایی چیای تۆرۆس دەگاتە دە هەزار پێ. بەو پێیەی کە تورکەکان بە دەگمەن نەبێت بە پێویستی نازانن بەدوای ڕێگەیەك بڕۆن بەرەو ڕاست یان بەرەو چەپ بڕوات، بەڵکو توولەڕێگەی کوتراوە دەگرنە بەر کە ڕاستەوخۆ بەسەر گردەکاندا دەڕۆن، بە گشتی ئەو ڕێگایانەی کە بە ئاڕاستەی هێڵێکی ڕاست و ڕەوان دەڕۆن پێم وایە بە گشتی بەناوچەی هەرە سەخت و هەرە مەترسیداردا دەڕۆن کە نەمانتوانی بیگرینە بەر. ئەستووری بەفربارین لە ساڵدا دەگاتە شەش تا هەشت پێ، بێجگە لەو توولە ڕێگەیە کوتراوەیە، جا وەك چۆن ئەم توولە ڕێگەیە پانییەکەی تەنها هەژدە ئینج و هەندێ جار کەمتریش بۆیە هەر هەنگاوێك بەهەڵە کە بەسەر زەویدا بنرێ دەشێ نوقمی ناو بەفر ببین یان لە هەورازێکەوە پارچەپارچە ببین. مەترسی گەلی لەوجۆرە کەمتر هەستی پێ دەکرێ لەکاتی بەسەر چیا کەوتندا، بەڵام زۆر هەستیار دەبێ لەو کاتەی کە دێینە خوارەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانم سەرسامی خۆم بەرانبەر بەو خۆڕاگرییە دەربڕم کە ئەو دوو هاوڕێیەم بەسەر پشتی زینەکانیانەوە نواندیان و یارمەتی هەموو خەڵکەکانی ئێمەیان دەدا لە ئاڕاستەکردنی ئەسپەکانمان.

هەرچی من بووم زیاد لە جارێك ویستم پێم بخەمە سەر زەوی بەڵام شەرم دەیگێڕامەوە و بەگوێرەی توانا هەوڵم دەدا بەشوێن تەتەرەکان و ڕێبەرەکانمانەوە بڕۆم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەستەم بوو بۆمن تا لە کۆتاییدا نەمێنمەوە چونکە لەوانە بوو ڕێگەم لێ ون بوایە ئەگەر یەکێك لە تەتەرەکان کە تا دوا ڕادە شارستانی بوو و وانەیەکی لەکاتی ئەسپسواری پێ نەگوتبام کە قەت بیرم لە پیادەکردنی نەدەکردەوە. لە ئەنگلستان، کاتێك یەکێك لە چیایەك دادەبەزێ، ئەسپەکەی خۆی دەگرێ و بەهێواشی بەو پەڕی وریایی دەڕوات. تەتەرەکە رێك پێچەوانەکەی کرد. بە هەڵەداوان ملی ئەسپەکەی خۆی گرت، هەموو ساتێك وای لێ دەکرد هەست بە قامچی و نەقیزە بکات، ئەسپەکە بەم جۆرە شەرمنی سروشتیی خۆی دەشکێ و پێیەکانی پێشەوەی بەهەموو هێزێکییەوە لە زەوی دەچەقێنێ، بەشێوەیەك کە هەنگاوەکانی تەواو زامن دەبن. بڕێك ئەزموون و پێویستی هێندەی نەبرد متمانەیان پێ بەخشیم. کاتژمێر پێنج بە بێ هیچ ڕووداوێك جگە لە ونبوونی ئەسپێك کە کەوتە ناو نشێوێکەوە کە قووڵاییەکەی سێلاوێك بوو و ئاوەکە بە کەفەکەیەوە دەمودەست ڕایماڵی، گەیشتینە بناری چیایەکە. لە ماوەی چوار کاتژمێری دواتر دوو پێدەشتمان بڕی کە چیای نزم لە یەکی جیا دەکردنەوە و کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە خارپووت* ، شاربۆتی** کۆن، شارێکی گەورەیە و کەوتۆتە ناو دۆڵی سۆفێن*** ، قەڵایەکی بەهێز دەیپارێزێ کە خۆیی و هەرێمە هاوسێیەکانی لە لایەن حاکمیەتی پاشای مادن بەڕێوە دەبردرێن.

لە خارپووت تەنها دوو کاتژمێر و نیو بۆ خۆفێنککردنەوە و گۆڕینی ئەسپەکانمان ماینەوە. لەو ڕۆژەوە ئەوهێندە بەخێرایی دەڕۆیشتین کە خێرایی ڕۆیشتنەکەمان ڕێگەی نەدەداین هیچ شتێك ببینین. کاتژمێر چوار و نیوی ئێوارە بەڕێ کەوتین و تا ئۆکسۆلی**** نەوەستاین کە لە ٢٨ ی مانگ، کاتژمێر پێنجی بەیانی گەیشتین. شارێکی بچووکە کەوتۆتە سەر کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری

* Karpot
** Charpote
*** Sophène
**** Euxouly

فورات. دانیشتووانەکەی جووتیاری کوردن و پێم وایە ناوی چیس ئۆغلی*–یشی پێ دەڵێن. خزمەتکاری تەتەرەکەمان کە لە دوای خۆیەوە بەجێ هێشتبوو بۆ ئەوەی ڕێبەرایەتی کاروانەکەمان بکات پێمان گەیشتەوە. پاشان کەسایەتێکی تورکی لە ئاستێکی باڵا، حەممود بەگ ئەفەندی (پلانشی ٦)، مێردی خوشکی سلێمان پاشای بچووك کە لە بەغدا لە دەست ستەمی داود ئەفەندی ڕایکردبوو داوای لێ کردین لەگەڵ نۆ یان دە کەس لە دەستوپێوەندەکانی کە لەگەڵیدا بوون لەگەڵ ئێمە سەفەر بکات.

٢٨ ی مانگ، دوای پێنج کاتژمێر حەسانەوە و فراوین خواردن، لە کاتژمێر یانزە بەڕێ کەوتین و دوای شەش کاتژمێر ڕۆیشتن گەیشتینە مەلآتیە یان مالیتێنا** ی کۆن. بەو پێیەی ئەسپەکەم لە ڕەوشێکی چاکدا بوو، ویستم هەوڵ بدەم ئەگەر بۆم بکرێ بە تەنیا سەفەر بکەم، بەپێش هاوڕێکانم کەوتمەوە و کاتژمێرێك پێش هاتنی ئەوان گەیشتمە مەنزل–خانە، بینیم کە بە پارەکەم دەتوانم بەچاکی پێشوازیم لێ بکەن و دە دوانزە تەتەرێکیش لەبەر پێمدا بوون. مەلآتیە جاران پایتەختی ئاسیای بچووك بووە. وێڕای ئەوەی کە وا دەردەکەوێ لە دەورانی شکۆی خۆی کەوتبێ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا شارێکی گەورەیە. کاتژمێر پێنجی ئێوارە بەجێمان هێشت و دوای ئەوەی بە هەڵەداوان ماوەی پێنج کاتژمێر ڕۆیشتین، لە نیوەشەودا گەیشتینە ئاوایییەك بەناوی حەسەن بادریك***. ئەو گوندە ژنەکانیان بەناوبانگ نین بەوەی ناوبانگیان باش بێت و پیاوەکانیشیان زیاتر بەلای ئەوەدا دەشکێنەوە کە کرداری نا سروشتی دەکەن. هاوڕێیەکانم پێیان وتم کە دانیشتووانەکەی نە مەسیحین و نە موسڵمانن، بەڵکو زۆربەیان گاوری نەگریس و بەدڕەوشتن.

تەتەرەکان لە سەفەریاندا شێوازێکی تایبەت بە خۆیان هەیە و زۆر ماندووکەرە. وەختایەك ئەسپەکانیان دەگۆڕن ڕێك دەوەستن و پاییان دادەگیرسێنن و کاتێکیش جگەرەکەیان تەواو دەبێ، خێرایی ڕۆیشتنەکەیان دوو

* Djesis-Ogly
** Malétina
*** Hassan-Badrik

هێنده‌ ده‌که‌ن. پاشان په‌له‌ ده‌که‌ن و زمانیان ده‌جوولێنن و ده‌نگێکیان لێ به‌رز ده‌بێته‌وه‌ که‌ له‌ هاواری ئه‌سپه‌کان ده‌چێ به‌ پێڕه‌وکردنی ئه‌م هه‌نگاوه‌. پاشان به‌ هه‌موو هێزێکیانه‌وه‌ ڕاده‌که‌ن و هاوارێکی ترسناك و به‌رده‌وامیان لێ به‌رز ده‌بێته‌وه‌ و کاتێك به‌ قامچی له‌ ئه‌سپه‌کانیان و ئه‌سپه‌کانی دراوسێکانیان ده‌ده‌ن تا ئه‌وکاته‌ی ئه‌م حه‌یوانانه‌ تاقه‌تیان نامینێ و خه‌ریك ده‌بێ بکه‌ون ئه‌وسا ده‌چنه‌وه‌ سه‌ر هه‌نگاوی هێواش و پاپێك داده‌گیرسێنن، باز ده‌ده‌ن و پاشان به‌ خێرایی ده‌ڕۆن به‌م شێوه‌یه‌ به‌رده‌وام ده‌بن تا ده‌گه‌نه‌ وه‌ستانێك.

٢٩ ی مانگ، ماوه‌ی حه‌وت کاتژمێر به‌ناو ولاتێکی کێوی و چیاییدا ڕۆیشتین له‌ گوندێکی بچووك به‌ناوی حه‌کیم–خان* وه‌ستاین و شه‌ومان تێیدا له‌ناو کووخێکی په‌رپووتدا کرده‌وه‌. سه‌ره‌تا له‌ هۆیه‌که‌ی تێنه‌گه‌یشتم به‌لام زوو بوو به‌هۆی گومان که‌ له‌وانه‌یه‌ گومان له‌وه‌ بکه‌م که‌ ئه‌وه‌ بۆ لوتف نواندن بووبێ بۆ هاوڕێ نوێیه‌که‌مان، حه‌ممود به‌گ ئه‌فه‌ندی، که‌ هه‌ستی به‌ سووکایه‌تی و برینداربوونی هه‌ست و سۆزی کردووه‌ ئه‌گه‌ر له‌ ماڵه‌ گشتییه‌کاندا بخه‌وێ، له‌ جیاتی ئه‌وه‌ له‌ ئاواییه‌کی بچکۆڵه‌دا بمینێته‌وه‌ که‌ که‌س تێیدا نه‌یناسێ. ده‌مانتوانی ڕۆیشتنه‌کانمان به‌شێوه‌یه‌کی زۆر ئاسووده‌تر به‌ڕێوه‌ ببه‌ین و به‌م شێوه‌یه‌ چونکه‌ بوونی ئه‌و له‌ کاروانه‌که‌مان هێشتا ئاسته‌نگگه‌لی دیکه‌ی بۆ دروست ده‌کردم، ده‌ستوپێوه‌نده‌کانی ده‌ستیان به‌سه‌ر باشترین ئه‌سپ، به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا ده‌گرت که‌ ده‌یانبینی و باشترینیان ده‌برد بۆیه‌ گه‌یشتمه‌ ئه‌وه‌ی که‌ بڕیارم دا له‌ نزیکترین ده‌رفه‌تدا لێیان جیاببمه‌وه‌. به‌یانییه‌که‌ی یانزه‌ کاتژمێر ڕۆیشتین و شه‌ومان له‌ناو قه‌لایه‌کی چکۆڵه‌ به‌ناوی هه‌لووژه‌–خان کرده‌وه‌.

٣١ ی مانگ، به‌وپێیه‌ی شه‌و به‌فرێکی زۆر باریبوو، هه‌موو شوێنه‌وارێکی ڕێگه‌وبانه‌کانی سڕیبۆوه‌ و زۆر سه‌خت بوو بتوانین بچینه‌ پێشه‌وه‌. چه‌ندجارێك ئه‌سپه‌کانمان تا زینیان ده‌که‌وتنه‌ ناو به‌فره‌وه‌، یه‌کێکیان به‌ باره‌وه‌ سووڕا و ڕامالرا و ئه‌وهێنده‌ به‌ سه‌ختی بریندار بوو که‌ ناچار بووین ده‌ستبه‌رداری ببین. دوای ڕۆیشتنێکی حه‌وت کاتژمێر و نیو گه‌یشتینه‌ دارغیلتاش، که‌ له‌وێدا چووینه‌ ناو کووخێکی په‌رپووت له‌کاتێکدا حه‌ممود به‌گیان برده‌ ناو جوانترین خانوو. پێم

* Hakim-Khan

وابوو کە هەقی ئەوەم هەیە بەشداری لەم بەخششەیدا بکەم هەروەك ئەوەی زۆربەی جار ئەو بەشداری لە بەخششەکانی مندا کردووە.، بە بێ هیچ پێشەکییەك بەشوێنییەوە کەوتم هەروەك ئەوەی ئەو لەگەڵ منی دەکرد. دەستوپێوەندەکەی نیازیان بوو بموەستێنن، بەڵام سەرم زۆر بەرز کردەوە و بەشێوازێکی ئاوەها هەڵسوکەوتم کرد کە دەمانچەکەی بەر پشتێنم ببینرێن و شمشێرە گەورەکەم لە زەوی خشاند و ڕۆیشتم بە بێ ئەوەی کەس جورئەت بکات ڕێگەم لێ بگرێ زۆر چاکم کرد چونکە ئێوارە خوانێکی نایابم خوارد و شوێنێکی چاکم بۆ خەوتن بە دەست کەوت. ئەگەر جیاوازی زۆرتری خۆم لەگەڵ نیشاندابوایە ئەوا بەشێوەیەکی پێچەوانە ڕێزگرتنەکەی منی لێکدەدایەوە، ئەو ڕێزگرتنە کە لای تورکەکان نەناسراوە و تووشی ئاستەنگ و هەتا سووکایەتی پێکردنیش دەبووم.

لە ١ ی نیسان، کاتژمێر یەکی سپێدە بە ڕێ کەوتین و دوای ڕۆیشتنێکی نۆ کاتژمێری بەناو ڕێگەیەکی چاکدا، سوولە–مان بڕی و گەیشتینە سیواس، شارێکی گەورە بەڵام پیس و پۆخڵ و خراپ بونیاتنراو، کەوتۆتە ئەوپەڕی باکووری دۆڵێکی بە پیت کە لەوێدا ئەسپی زۆر جوان بەخێو دەکەن. من دەرفەتی ئەوەم بوو چەند ئەسپێکیان ببینم. ئەسپەکان بە گشتی قەبارەیان نزیکەی پانزە پانایی بەری لەپ* بەرزە، بەهێز و تەواو ڕێکوپێکن و پڕن لە بریسکە و وا دیارە بۆ کاری ئەسپسواری شیاون. وەك هەنگاوێکی خۆپارێزی لەکاتی دەرچوونمان لە سیواس بۆ باقی ڕۆژەکە نانی پێویستمان کڕی. دوای ئەوەی بەسەر چیایەکی بورکانیدا ڕەت بووین دوای حەوت کاتژمێر و نیو گەیشتینە ئاواییەکی چکۆڵە کاروانسەرایەکی گەورەی لێ بوو و شەومان تێدا بردە سەر.

٢ ی مانگ، بەیانییەکەی لە کاتژمێر پێنج و نیو بەڕێ کەوتینەوە و نانی سپێدەمان لە کێڵگەیەکی چکۆڵەدا خوارد کە نانی نایابی بۆر، قەیماغی باش، هەنگوینی سروشتی و خواردنگەلێکی دیکەی دەشتەکی لەهەمان جۆریان پێدانی. پیاوە پیرەکەی خاوەن کێڵگەکە خۆیی و ژنەکەیی و کچەکانی هەڵپەیان بوو

* پانایی بەری لەپ پێوانەیەکە نزیکەی چوار گرێ دەبێت، وەرگێڕ.

خزمه‌تمان بكه‌ن و له‌و دیو په‌رده‌یه‌كه‌وه چه‌ند گه‌نجێكمان بینی كه به كونجكۆڵی به‌چاوی ڕه‌شه‌وه ده‌یانه‌ویست ته‌ماشامان بكه‌ن.

پـێم وایـه ئێمـه بـاش لـه هه‌ڵوێـستی جووتیـاران لـه ولاتـانی موسـڵماندا تێنه‌گه‌یشتووین. له خراپییه‌كانی سیستمی ملهوڕگه‌رایی (ئیستیبدادی) ئه‌وه‌یه وه‌ختایه‌ك (كه‌سی ملهوڕ له هه‌مان كاتدا ئه‌گه‌ر خۆی كه‌سێكی سته‌مكار نه‌بێت) هه‌رگیز هه‌ست به‌وانه ناكات كه ده‌كه‌ونه ژێر هه‌ژموونی ڕاسته‌وخۆی خۆیه‌وه. دوور له‌و تیشكۆ ڕاسته‌وخۆیه‌ی كه ده‌بێ دابگیرسێنرێ، بـه‌ڵام ئـه‌وه‌ی ده‌یكوژێ ئه‌وه ئاسووده‌یی خه‌وتنه. جا ئه‌گه‌رچی ئه‌م ڕه‌وشه زۆر شایان نییه بـۆ سروشـتی ئینسانیی به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ته‌واو هاوجووته له‌گه‌ڵ ئاشـتی و خۆشـنوودی نـاو ماڵ. جووتیاری تورك به‌لای كه‌مییـه‌وه لـه‌ناو پێده‌شـته‌كاندا ئه‌گـه‌ر لـه‌ناو هـه‌موو ئیمپراتۆریا وا نه‌بێ، جلوبه‌رگی چاكه، چاك ده‌خوا و له‌ناو ماڵێكی گـه‌وره‌دا ده‌ژی كه زه‌وییێكی به‌پیت و فه‌ڕی باش چێنراوی به‌ده‌وره‌وه‌یه، مێگـه‌لی زۆری هه‌یـه و له‌ناو یه‌كێك له ئاو و هه‌وایه خۆشـه‌كانی جیهانـدا ده‌ژین بڵێـی به‌ختـه‌وه‌ر نـه‌بێ؟ تیۆرسینه ته‌جریدییه‌كان به نه‌رێ وه‌ڵامـی ئـه‌م پرسـیاره ده‌ده‌نـه‌وه چـونكه ئـه‌و جووتیاره كۆیله‌یه، به‌ڵام ئه‌زموون و لێوردبوونـه‌وه پێچه‌وانه‌كه‌ی ده‌ڵێن، چـونكه ئه‌و جووتیاره هه‌رگیز ڕه‌وشی دیكه‌ی نه‌بینیوه. ئه‌ی كه‌وایه ڕه‌وشی جووتیاران له زۆربه‌ی ئه‌و ناوچه زۆر ئازادانه‌ی كه ئێمه ده‌یانناسین چۆنه؟ پێم وایه وه‌ك دكتـۆر جۆنسۆن ده‌یڵێ جووتیار هه‌ڵبژارده‌ی ئه‌وه‌ی هه‌یه كـه: " یـان كـار بكـات یـان لـه برسێتییان بمرێ" جا ئه‌مه‌یان ڕاستییه‌كه‌یه، هـه‌موو ئـه‌و پانتاییـه ئازادییـه‌ی كـه چێژی لێ وه‌رده‌گرن ڕۆژوو گرتن یان كاركردنه، خۆ ئه‌گه‌ر بیانه‌وێ كار بكـه‌ن لـه بڕێكجاردا ناچار ده‌بن خاوه‌ن كارێك قه‌بووڵ بكه‌ن كه ئه‌گه‌ر ده‌رفه‌تیان ببێت قه‌ت ڕازی نابن كـاری بـۆ بكـه‌ن. بـه‌ڵام وه‌ك چـۆن چاره‌نووسـیان هـه‌مان چاره‌نووسـه لـه‌ژێر هـه‌ر ئـاو و هه‌وایـه‌ك و هـه‌موو ولاتانـدا بۆیـه پـێم وایـه ده‌كـرێ بڵـێین كـه‌وا كاركردن به به‌خته‌وه‌رییان ده‌گه‌یه‌نێ ئه‌گه‌ر ژیانی ئاسووده‌ییان به فره‌یـی بۆیـان دابین كرا. جا ئه‌گه‌ر جووتیار سه‌رقاڵی بژێوی خێزانه‌كه‌ی بـوو ئـه‌وا كـاتی ئـه‌وه‌ی نابێ به‌شوێن تیۆرییه چه‌واشه‌كارییه‌كانی ته‌جریدییه‌كاندا بچێ و هه‌میـشه هه‌سـت به‌وه ده‌كات پێویستی به بیركردنه‌وه نییه. دوور له كاری ڕاسته‌وخۆی ئاژانـه‌كانی

ملهورگەرایی، بەشێوەیەك هەست بەو زوڵمە ناکات کە کەوتۆتە سەرشانی وەك ئەوەی کەوتۆتە سەر دانیشتووانی شارەکان و لاتەریکییەکەی شێوەیەکە لە شێوەکانی ئازادی.، چونکە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەوە تەنها لە شارەکانەوەیە کە ملهورگەری بەدوای قوربانییەکانیدا دەگەڕێ. ئەوە لە شارە چەوساوەکانەوەیە کە لەژێر حوکمڕانییەکی ملهوڕ و تەواو متمانەپێکراو بە هێزەکانی خۆیەوە دەژین، ڕۆحییەتی ئازادی بۆ داکۆکی و سەندنەوەی ماف سروشت و مرۆڤایەتی ڕادەپەڕێ. بەختەوەر ئەو کەسەیە کە لەم حەماسەتبازییە پیرۆزەدا کە لەم داوا ڕەوایە سەرچاوە دەگرێ ئیلهام وەردەگرێ، بێ گومان نابێ ئەوە لە بیر بکەین وەك مۆنتیسکۆ دەڵێ " ئازادی ماف پیادەکردنی هەموو ئەو شتانەیە کە یاسایەکان ڕێگەی پێدەدەن".

دوای ئەوەی ئەم شوێنە بێوەیانەمان جێهێشت کە بوو بەهۆی لەدایکبوونی ئەم تێبینییانە لەبارەی ڕەوشی جووتیاران لە جوانترین دەروناوچەی ئەم ئیمپراتۆریایە پان و پۆڕەدا، ڕێگەیەکی زۆرچاکمان گرت تا تۆکات کە دوای ڕۆیشتنێکی پێنج کاتژمێر و نیو تێیدا وەستاین. ئەم شارە کە شاری کۆنی بەریسایە، کەوتۆتە ناو دۆڵێك کە هەردوو ڕووباری چقل-ئەرمەك پێدا دەڕوات و جاران ناوی ئیریس بووە. ئەمە گەورەترین شارە لە ئاسیای بچووك و دانیشتووانەکەی شێست هەزار کەسە. هیوام خواست کە تێیدا بوەستین، بەڵام هەر ئەوەندە تێیدا وەستاین بۆ گۆڕینی ئەسپەکانمان و دیسان هەشت کاتژمێری دیکە ڕۆیشتین بۆ ئەوەی بگەینە گورکات، کە سێباستۆپۆلی کۆنە.

حەممود بەگ ئەفەندی دەستی بەسەر خزمەتکارە تەتەرەکەم کە لەگەڵ مندا بوو داگرت و هەموو جوولانەوەیەکی ئێمەی بەگوێرەی هەوەسی خۆی دیاری دەکرد، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە خۆمان لەشارە گەورەکان بەدوور بخەینەوە و لە دێهاتە هەرە پەرپووتەکان بمێنینەوە. ٣ ی مانگ زۆر بە ئاشکرایی پێم گوت کە من تکا دەکەم جیاببینەوە و هەریەکێکمان بە تەنیا سەفەر بکات و دەتوانی هەر تەتەرێك دەیەوێ هەڵی ببژێرێ، بەڵام حەزدەکەم خزمەتکارەکەی من بۆ من لێبگەڕێ: هەتا ئەوەشم خستە بەردەمی پاداشتی بدەمەوە ئەگەر بیەوێ ئەویان بۆ من لێبگەڕێ. بەڵام جیابوونەوە بەهیچ شێوەیەك لە پلانەکانی حەممود بەگدا

نەبوو کە وێڕای ئـەو خۆبەزلزانینـەی کـە نیشانی دەدا کەچـی جگـە لـە مرۆیـەکی هـەڵاتوو چـیتر نـەبوو. ئێمـە تـەنها یـەك فـەرمانمان پـێ بـوو کـە تایبـەت بـوو بـە کاروانەکەمان و لەسەرێکی دیکەوە بیروڕای دیکەی هەبوو کە توانیم تێیبگەم کـەوا نیازی چی هەیە. حەممورد لە گەنجێتیدا کۆیلەیەکی مەملووك بووە لای سولێمانی گەورە دوای ئەوەی کڕیویەتی پەروەردەیەکی تایبەتی کراوە کە بتوانێ پێ بە پـێ بگاتـە بـەرزترین پایـە تـاوەکو کـراوە بـە حـاکمی بەسـرە و خوشـکی سـلێمانی بچکۆڵەی هێناوە. لەو دەستەیە بوو کە بـەژێر نـیردا دەڕۆن تـا دەگەنـە بـەرزترین پلەی شایان. دوای کۆچی دوایی سلێمانی بچکۆڵە، بۆ ماوەیەك عەبدوڵڵا ئەفەنـدی خەلعەتی لـێ وەرگرتـەوە، دوای ئـەوە داویەتـە پـاڵ ئەوانـەی پـیلان دەگێـڕن بـۆ کەوتنی ئەم سەرۆکە چاکە، بە قازانجی ئەوەی سەعید ببێتە پاشای بەغـدا، بـۆیێ عەبـدوڵڵا ئەفەنـدی ڕقـی لـێ هەڵـدەگرێ و لـە لیـستی ڕەدوونـراوە داواکراوەکـانی دادەنێ و لە گێژەنی ئەم ململانێیە لەکاتی گەمارۆدا، لەگەڵ نـۆ یـان دە کـەس لـە دەستوپێوەندەکانی کە سـووربوون لەسـەر ئـەوەی بەگـەڵی بکـەون، هەڵـدێ. زۆر خۆی بە بەختـەوەر دەزانـێ کـە هێشتا سـەری نەپـەڕیوە. پێـی وتم کـە دەچـێتە کۆنستانتینۆپل بۆ ئەوەی لەبەردەم سوڵتان داکۆکی لـەخۆی بکـات و بـۆ ئـەوەی بیکەن بە فەرمانکارەیەکی وەك کاپیدچی باشی بۆ نموونە.، وای بـۆ دەچـوو کـەوا باڵوێزی ئێمە لای بابی عالی پشتگیری لە داوایەکەی بکات.

"ئەگەر ئێوە لەو شوێنە گرینگە دانران" من پێم گوت. " دەتەوێ چ سەرێك یەکەم جار پێشکەش بە سوڵتان بکەیت؟".

"سـەری داود ئەفەنـدی پاشـا بـە هـیچ ئەولاوئەولایـەك"، ئـەو وەڵامـی دامـەوە: "ئەگەر ئـەو بیتوانیبوایـە سـەری مـنی بـۆ سـوڵتان دەنـارد و ئـەو تاقـە سـۆنگەی ئەوەبوو کە من نەکرام بە پاشای بەغدا، چونکە ناوی مـن پێـشتر لـە فەرمانەکـەدا نووسرابوو، بەڵام کاتێك دەگەمە کۆنستانتینۆپل پێشکەش بـە بـاڵوێزی ئینگلیـزم بکە، چونکە من لە هەڵسوکەوتی ئێوە پیاوێکی ئاست بەرز دەبینم، وێڕای ئـەوەی کە بە تەنیا سەفەر دەکەی هەروەك ئـەوەی بەشـێوەیەکی ئاسـایی ئەوروپییـەکان کاتێـك دەیانـەوێ بـەدوای زانیاریـدا بگـەڕێن، دەیکـەن: متمانـەی بـاڵوێز لەگـەڵ متمانـەی مـن لـە پڕۆژەکـانم سـەرکەوتووم دەکـەن و ئەوکاتـە داود وریـایی خـۆی

وەردەگرێ. خوداوەند یارمەتیدەرە". (تورکەکان فەزاعەتێك ناکەن بە بێ ئـەوەی ناوی خودا نەهێنن)، "سەری دەپەڕێنم و شوێنی دەگرمەوە".

ئەمانە خواستی خاکیی کەسێك بوون کە چەند ڕۆژ پێشتر سـەری لەسـەر تاڵە داوێك وەستابوو. پێم گوت وێڕای ئـەوەی کـە قـسەکانم بڕێـك مەعقولییـەتیان تێدایـە وەك دەردەکـەوێ، بـەڵام مـن سـوور نـابم لەسـەر ئـەوەی لـە گەشـتەکە جیاببمەوە و دوای ئەوە ئاسـتەنگ و ترسـەکانی خـۆم بـۆ شـی کـردەوە. هـەموو ئەوەی کە من دەمویست بەردەستی بخەم ئەوە بوو وادەیەکم پێ بدات کە نەبێتـە سۆنگەی جاڕسکردنم و من بتوانم ئەو ئەسپە هەڵببـژێرم کـە دەمـەوێ و هـەروەها ئەو خزمەتکارە تەتەرەم بۆ بگێڕێتەوە و لـە دواڕۆژ بەیەکـەوە وەسـتانەکانمان لـە هەر ڕۆژێکدا پێکەوە دیاری بکەین.

لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە من توانیم ئەسپێکی نایاب لە کاتی دەرچوونمان لە تورکات بەردەست بخەم و بۆ هێشتنەوەی ئەم ئیمتیازە بە پێش هەموو هاوڕێکانم کەوتمـەوە. دوای ئـەوەی مـاوەی سـێ کاتـژمێرمان بـڕی بـەناو وڵاتێکـی چـیایی و ڕۆمانتیـك، چـوومە نـاو کـوخێکی دارتاشـەکانی نـاو یـەکێك لـە دارسـتانەکان و فنجـانێکی قـاوەم بەردەسـت کـەوت. بـەڵام لـە کـاتی گەیـشتنیان مـن سـواری ئەسـپەکەم بـووم. دوای ڕۆیـشتنێکی شـەش کاتـژمێری هـەروەها لـە ئەماسیە بـە پێشیان کەوتمەوە.

ئەم شارە کەوتۆتە ناو دۆڵێکی بەرتەسك لـەنێوان چـیای بـەرز و لەگـەڵ باخـچە زۆر و زەوەنـدەکانی هـەردوو ڕووبـاری چـەقلای ئەرمـەق دەبـڕێ. شـارەکە بـەوە بەناوبانگە کەوا سترابۆن لەوێ لە دایك بووە و ئەو ڕووبارەکەی بـەناوی "ئیریـس" ناوناوە و دواتر وەسپێکی نایابی شارەکە دەکات. هەروەها شارەکە ڕوفـاتی پاشـا پۆنت ی تێدایە کە بەشێك لە شانشینی کۆن بوو. شەش کاتژمێر ڕۆیـشتین و شـەو لە شاری ماراسۆن کە شارێکی گەورەیە ماینەوە، بەڵام هەرگیز تـرووسـکەی پـاك و خاوێنی لێوە نەدەهات.

لە ٤ ی مانگ، دوای ئەوەی چوار کاتژمێر ڕۆیشتین گەیشتینە شاری عوسمـان چیك، شارێك کـە تـەنها ڕەگەزگـەلی دواکـەوتوو و کێـوی تێدایـە، دەکەوێتـە سـەر ڕووبارێك کە دەڕژێتە ناو قزل—ئەرمەق. بە قەڵایەکی کۆن و جوان و پردێکی جوان

بەناوبانگە و دەڵێن بە فەرمانی سوڵتان بایەزید بونیاد نراوە. دوای ئەوەی ماوەی نیو کاتژمێر لە ئێوارە و بەشێکی شەو ڕۆیشتین، دوای ئەوەی بەناو ڕێڕەوێکی تەسکی هەڵکەندراو بەناو چیادا ڕۆیشتین گەیشتینە قەڵای حاجی هەمزە، کە قەڵایەکی بچووکە و پێی دەوترێ ئەندراپی کۆن.

لە پێنجی مانگ، دوای ئەوی سی میلمان لە دەرو ناوچەیەکی نایاب بڕی لە تۆسیا چاومان بە کەسایەتییەکی ئێرانی گەورە کەوت کە دەگەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی و کەسێکی خەڵکی مەڵاتییە کە کەمێك فرەنسی دەزانی و بەگەڵم کەوت بۆ ناو بازاڕ، لە هەمان ڕۆژدا، لووتم بە نموونەیەکی دیکەی بێویژدانی کەوت کە ئەفسەرانی تورك یا تەتەرەکان دەیکەن بۆ ئەوەی هەرشتێکیان بوێ بە هێزی زۆر بەدەستی بهێنن. من بەچەند میلێك لە پێش هاوڕێکانمەوە بووم، کاتێك تەتەرەکە کە هەمیشە ڕایدەکرد بۆ ئەوەی لە پێشدا ئەسپەکان ئامادە بکات، بە هەنگاوی گەورە گەڕایەوە و داوای لێ کردم باقی کاروانەکە لە کوێیە. دوای ئەوەی کەمێك دواتر چەکەکانی پشکنی، چەکەکەی منی تاقی کردەوە و داوای لێ کردم بەشوێنییەوە بچم. سەرەتا من لام وابوو کەسانێك هەن کە پەلامارمان دەدەن بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست بوو. لەگەڵ یەکەم پێچانەوەی ڕێگەکە چاومان بە سێ پیاوی تەواو چەکدار کەوت کە پانزە ئەسپیان پێ بوو. دەمانچە بەدەست پەلاماری دان و پێش ئەوەی ئەوان کاتی تەواویان ببێ داکۆکی لەخۆیان بکەن، حەوت یان هەشت لە باشترین ئەو ئەسپانەی توانیمان هەڵمانبژارد و سوێندمان خوارد کە هەر کەسێك بیەوێ دەست بکاتەوە بیکوژین. ئەمە کاری ساتە وەختێك بوو و ئەم کردەوە لێهاتووانەیە سەرنجڕاکێشە ئەوهێندە خێرا تەواو بوو بەر لەوەی کاتی ئەوەم ببێ بیر لە ئەنجامەکانی بکەمەوە. من لەو باوەڕەدا بووم کە کەمترین شتێك کە لە بەرامبەر خزمەتەکانی خۆم وەگیری بخەم ئەوەیە کە ئەو ئەسپە هەڵبژێرم کە خۆم دەمەوێ، بەڵام تەتەرە چەپەڵەکە پێی وتم ئەوانە ئەسپی تایبەتیی مەحموود بەگ و پیاوەکانیەتی. کە بینیم ئەمە کارێکی ناڕەوایە و بەڵکو دژی هەموو پرەنسیپێکی مامەڵەی شەریفانەیە لەنێوان خەڵکانی یەك چیندا، بە بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەم کە مەحموود بەگ و پیاوەکانی چی دەڵێن، ئەسپێکم بۆ خۆم هەڵبژارد و جڵەوی ئەسپەکەم کردە ملی و دەمودەست سواری پشتی

بووم و لە جیاتی ئەوەی تەتەرەکە تووڕە ببێت، تەنها بە شۆخییەکەوە وتی: "ئەوروپییەکە یاریدەی دام لە بەردەستخستنی ئەسپەکاندا"، تەتەرەکە وای گوت و " وێڕای ئەوەی کە عەدالەت وایە هەموو شتێك کە پێویستمان بێت لە بێگانەکانی وەربگرین، بەڵام ئێمە هەموومان سەرباز و گەڕۆکین، شێتییە کە هاوڕێیەکان لەنێوان خۆیاندا دەمەقاڵێیان بێ". ئەوە پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی بوو.، ئەوەی کە ڕێگەی لێ نەگرت بەیانییەکەی بەرەورووی تەتەرێکی دیکە ببێتەوە و بە شمشێرەکەی بریند‌اری بکات بەرلەوەی کە ئەویان بتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، ئێمە تەنها ئەوکاتە توانیمان لە یەکیان بکەینەوە دوای ئەوەی بە دەستی شمشێرەوە خۆمان خستە نێوانیانەوە.

٦ ی مانگ دوای ئەوەی بە شاری قەرەژوان * ڕەت بووین، کە شارێکی چکۆڵەیە و دەکەوێتە پێدەشتێکی بەپیت.، دوای ئەوەی کاروانێکی بیست کاتژمێریمان بە بێ وەستان بڕی، چەند کاتژمێرێك بۆ حەسانەوە لە قەرەژولار ** ماینەوە. لە ٧ ی مانگ، لە کەشێکی زۆر سارد کە لەوەتای دوو یان سێ ڕۆژ بوو هەڵی کردبوو و بەفرێکی زۆریش بەردەوام دەباری، ڕۆیشتین. ئەو گەڕۆکانەی کە چاویان پێمان کەوت ئامۆژگارییان کردین چیتر زیاتر نەڕۆین، چونکە ئەوان لە ڕێگەکە مەترسی زۆریان بینیبوو و بەفر ڕێگەی لەوە گرتبوو تەنانەت شوێنەواری ڕێگەکەش بناسرێتەوە، بەڵام تەتەرەکەمان لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری دا بەردەوام بین لە گەشتەکەمان جا ئەمە لە کەللەڕەقییەوە بووبێ یان لە بەسووك سەیرکردنی مەترسی و ماندووبوونەوە بووبێ. بەو پێیەی کەوا ئەسپەکەی من و ئەسپەکەی مەحموود بەگ نایاب بوون، توانیمان بە پێش هاوڕێکانم بکەوینەوە و بگەینەوە ڕێبەرەکە و تەتەرەکە کە پێش نیو سەعاتێك پێش ئێمە بەڕێ کەوتبوون. لە دوورابییەکی نزیکدا بینیمانن بەڵام بەفر بارین بە تەواوی ڕێگەی لێ گرتبووین تا دەمودەست بیانبینین و بەفر هەتا شوێنپێی ئەسپەکانیشی داپۆشیبوو. بە تەنیا بەناو زنجیرە چیا بەرزەکانی ئۆلیمپدا دەڕۆیشتین و تا شەو هەر تێیدا دەسووڕاینەوە. دەترساین لە هەر ساتێکدا بەفر ونمان بکات یان بکەوینە ناو

* Karajouan

** karajolar

خەرەندێکەوە ئەگەر لەو تووله ڕێگەیە دووربکەینەوە کە دەبێ بیگرینە بەر کە، چیتر نەماندەتوانی ڕێگەکان بیانناسینەوە ئەگەر غەریزەی ئەسپەکانمان نەبوایە. دواجار دوای ئەوەی ماوەی شانزە کاتژمێرمان بڕی بۆ ماوەیەك کە دەکرێ تەنها بە نۆ یان دە کاتژمێر ببڕدرێ گەیشتینە حەماملی، وەك چۆن شەو داهات، تا بەیانییەکەی ڕۆژی دواتر هاوڕێکانمان پێوەندییان پێوە نەکردین و ئەوانیش هەمان ئەو ئاستەنگانەیان هاتبووە پێش کە ئێمە بینیمان، وێڕای ئەوەی کە ئەسپێکیشیان لێ ون بووبوو. بەفر بەردەوام دەباری بەڵام کەمێك سووکتر. دوای دە کاتژمێر لە ڕۆیشتن گەیشتینە شاری گەریدە، شارێکی بچووك، شارێك کە هیچێکی سەرنجڕاکێشی تێدا نەبوو و ماڵەکانی لە دار دروست کرابوون. نەمانتوانی هیچ ئەسپێکی لێوە بەردەست بخەین بەڵام شەومان لەوێدا بەسەر برد.

٩ ی مانگ بەرەو بۆلی بەڕێ کەوتین و ئێمە ئەوهێندە خراپ سواری پشتی ئەسپەکان بووبووین کە تەنها دوای سێزدە کاتژمێر و بە زەبری قامچی لێدان لە ئەسپەکانمان گەیشتینە ئەوێ. ڕێگەکە تا ڕادەیەك باش بوو بەڵام لە ماوەی یەکەم حەوت کاتژمێردا، نە هیچ ئاواییێك و نەهیچ شتێکمان نەبینی کە ئاماژە بۆ ئاوەدانی بکەن. ئەم شارە ناوچەیەکی خاڵی وەستانی سەرڕێگەی زۆر نایاب بوو، لەم شارەدا پۆستەخانە و بازاڕێکی گەورە و گەرماوگەلی چکۆڵە، بەڵام پاکوخاوێن و چاك ڕاگیراوی لێ بوون. ئەو پێدەشتەی کە دەوری دابوو بەشێوەیەکی چاك چێنرابوو و پڕی بوو لەو ئاواییانەی کە بەشێوەیەکی گشتی کەوتبوونە سەر کەنارەکانی چەند ڕووبارێکی چکۆڵە کە دەتوانرێ پیایاندا بپەڕیتەوە و دەڕژێنە ناو زەریای ڕەش.

لە ١٠ ی مانگ هەرگیز ئاوا بە خراپی سواری پشتی ئەسپەکان نەبووبووین و هەروەك دوێنێ خراپترین ئەسپ بە نسیبی من بوو. بەڵام ئەسپی خراپ بە نیسبەت تەتەرەکان بیانووەك نەبوو بۆ ئەوەی لێیان خۆشبێ بۆ ئەوەی هەنگاوی خێرا نەنێ ئەگەر بڕیار لەسەر ئەمە بدات. ڕێگەکە خراپ بوو و ئەسپەکانمان تا پاژنیان لەناو قوڕو لیتەدا بوون و بڕێك جار پێیەکانیان لەناو ڕەگی دارەکان دەچەقی وەك ئەوەی (لەناو تەڵەیەکدا بووبن). ئەسپە بەدبەختەکە کە سواری پشتی بووم لە ماندوویێتییان کەوت و ئیدی مەحاڵ بوو هەڵی بسێننەوە و ناچار بووین وازی لێ بهێنین. ئەو ئەسپەی کە دوای ئەوە دایانمێ کەمێك باشتر بوو، ڕێگە باشتر دەبوو

و بە هەنگاوی خێرا دەڕۆیشتین، بە قامچی لە ئەسپەکانمان دەدا و وەکو شێت هاوار دەکەین تاوەکو ئەسپەکانمان هەڕا بکەن. ئەسپەکەی من دوو جاران لەگەڵ مندا کەوت بەڵام بە بێ ئەوەی لە زینەکە بکەومە خوارەوە.، بەڵام میلێك دواتر جارێکی دیکە بەسەر مندا کەوتە ناو زۆنگاوێك و منی لەودیو زۆنگاوەکە جێهێشت، لە توندی کەوتنەکەم پەشۆکام. پێم داگرت تا ئەسپێکی دیکەم بدەنێ، بەڵام پێشتر لە ڕووداوگەلی هاوشێوەدا هەموو ئەو ئەسپانەی کە لە نۆرەدا بوون بەکارهێنرابوون و بۆیە من ناچار بووم بەوەی خۆم دەستبەردار بم.

ئەمە شێوازی سەفەرکردنە لەگەڵ تەتەر. من بەختی ئەوەم بوو هەیکەلێکی زۆر باشم هەبوو. بەڵام ئەم ڕووداوە بچووکانە دەشێ ببنە وانەیەك و بەڵگەی ئەوەی کە پێویستە تەواو هێزەکانی خۆت لێك بدەیتەوە پێش ئەوەی دەست بە سەفەرێکی ئاوا بکەیت لەگەڵ پارەیەکی کەم کە من هەمبوو. بەڵام ئەگەر بمتوانیبووایە تەتەرێك و خزمەتکارێکم تەنها بۆ من هەبوایە لەگەڵ کەرەستەگەلی شیاودا، ماوە ماوە گەڕۆکەکان پێوەندییان پێوە دەکردین، و زۆر ئاسوودەتر سەفەرم دەکرد، بەڵام کە نەمتوانی ئەم کەرەسەگەلە بەرچاوانە دابین بکەم ئەوا زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم لەو دەرفەتەی کە بۆم هاتە پێشەوە. هەرچەندە بوونی من بێ گومان بۆ هاوڕێکانی سەفەرەکەم چارسکار نەبوو، بەڵکو هێزێکی زێدە بوو بۆ هێزی ئەوان و لە ئەنجامدا بۆ ئاسایشی ئەوان، بەڵام زۆر کەم بایەخیان بە پێویستییەکانی من دەدا، دەشیا بە تەنیا جێم بهێڵن و دەستبەردارم بن ئەگەر من وەکو ئەوان بەرگەی ماندووبوون و بێبەشبوونم نەگرتبوایە.

دۆستشە، کە شەوی دەی مانگمان تێدا بەسەر برد، جگە لە چەند خانێکی تایبەت بۆ حەسانەوەی گەشتیارەکان هیچی دیکەی تێدا نەبوو. یانزەی مانگ بەجێمان هێشت و ماوەی دوانزە کاتژمێر بەناو دارستان و بەناو ڕێگەی سەختدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە هەندەك کە تەنها چەند کێڵگەیەکمان بە دەوریەوە بینی کە ترێی نایابی پێوە بوو و هیواکانمان خەریك بوو دەبووژایەوە. تاقە شتی سەرنجڕاکێش کە لەو ڕۆژەدا بینیمان دوو یان سێ ئاشی ئاو بوو کە لەسەر جۆگەلەیەکی ئاو دانرابوون، هەرچەندە ئامێرسازییەکی سادە بوو، بەڵام مانای پێشکەوتنێکی هونەری و شارەستانی دەگەیاند کە لە وڵاتێکی گوندنشینی سەرەتاییدا پێشبینی نەدەکرا.

هه‌نده‌ك ده‌كه‌وێته‌ سه‌د و بیست میلی كۆنستانتینۆپل، هاوڕێكانم به‌ ده‌رچوونیان، سووربوون له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی له‌ گه‌شته‌كه‌ به‌رده‌وام بن به‌ بێ وه‌ستان. ئه‌وان نهێنی خۆیان بۆ نه‌دركاندم به‌ڵام من به‌ بێ ئه‌وه‌ی ئاماده‌ی ئه‌م سه‌فه‌ره‌ درێژه‌ بم به‌ شوێنیان كه‌وتم و به‌ پردێكی دارین له‌ ڕووباری سه‌نگه‌ر، ڕووباری ئه‌وهێنده‌ تیژڕۆدا په‌ڕینه‌وه‌ كه‌ كه‌م جێگه‌ی ئه‌مان بوو و به‌سه‌ر پاشماوه‌ی پردێكی نایابدا ڕووبارێكی دیكه‌مان بڕی كه‌ له‌وانه‌یه‌ هه‌ر ته‌نها لقێكی ئه‌و ڕووباره‌ بێت كه‌ تازه‌ باسم كرد. به‌ڵام ئاوه‌كان واپێده‌چوو سه‌رچاوه‌ی كۆنی خۆیان ون كردبێ: به‌ ئاسته‌م ئاوی ڕۆیشتوومان له‌ قووڵایی ڕووباره‌كه‌ ده‌بینی و هیچ شتێكیش ئاماژه‌ بۆ ئه‌وه‌ ناكات كه‌ ڕه‌وشه‌كه‌ له‌وه‌ته‌ی چه‌ند ساڵێك له‌وه‌ باشتر بووبێت.

دوانزه‌ كاتژمێر له‌ دووریی هه‌نده‌ك، سه‌بانجی– مان بینی كه‌ كه‌وتۆته‌ سه‌ر زه‌ریاچه‌یه‌كی جوان كه‌ به‌شێكی ڕێگه‌كه‌ پێچاوپێچی بازنه‌ییه‌. ئه‌مه‌ شارێكی بچووكه‌، دوای ئه‌وه‌ی ئه‌سپه‌كانمان تێدا گۆڕی، به‌ڕێ كه‌وتینه‌وه‌. به‌ ڕێگه‌یه‌كی كۆنی به‌ردڕێژكراو به‌ناو زۆنگاوێكدا په‌ڕینه‌وه‌، دوای ئه‌وه‌ی ده‌ كاتژمێر ڕۆیشتین گه‌یشتینه‌ ئیزمید، نیكۆمیدی كۆن، كه‌ كه‌وتۆته‌ ناو نیمچه‌ دوورگه‌یه‌ك كه‌ به‌ره‌و زه‌ریای مه‌ڕمه‌ڕ ده‌ڕوات. كاتێك چووینه‌ ناو ئه‌م شاره‌ شه‌و ڕاكشابوو. ته‌نها ئه‌سپه‌كانمان تێدا گۆڕی و به‌رده‌وام بووین له‌ ڕۆیشتن. شێست میلی كۆتاییمان به‌ بێ وه‌ستان بڕی، ته‌نها جارێك وه‌ستاین بۆ گۆڕینی ئه‌سپه‌كانمان و به‌ بێ هیچ ئازووقه‌یه‌ك جگه‌ له‌وه‌ی توانیمان به‌رده‌ستی بخه‌ین به‌ بێ ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر زین بێینه‌ خواره‌وه‌ و له‌ ١٣ ی نیسان له‌ كاتژمێر یه‌كی پاشنیوه‌ڕۆ گه‌یشتینه‌ سكوتاری كه‌ له‌وێدا سه‌فه‌ره‌كه‌مان به‌ كۆتا هات.

كۆتایی

سه‌رچاوه‌:

William Heude, *Voyage de la côte de Malabar à Constantinople par le golfe Persique, l'Arabie, la Mésopotamie, le Kourdistan et la Turquie d'Asie, fait en 1817 par William Heude*. Traduit de l'anglais par le traducteur du voyage de Maxwell, Paris : Gide fils, 1820, PP: 303-356